# ئاماژەیەک بە
# سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان



هێمن هەورامی

بۆ گوڵانی نووسیوە

لەناو جیهانێکی گۆڕدراودا کە بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە، ریزبەندێتی هێزەکان، سەرچاوەی هێز و تێگەیان بۆ هێزو تۆڕی پێوەندییەکانیان و هاوپەیمانێتیە ناوچەیی ونێودەوڵەتییەکان، ڕەوایەتی و توانایی یەکەکانی سەر گۆڕەپانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان (دەوڵەت-نەتەوە Nation-States ، یان یەکە نادەوڵەتییەکان، Non-State Actors یان Sub-National) ، هاوپەیمانێتیەکانی دوێنێ و دوژمنایەتییەکانی ئەمڕۆ، دەبنە هاوپەیمانی ئەمڕۆو دوژمنایەتی دوێنێ، بەڵام لە ناو ئەم هەموو فاکتەرە گۆڕاوانەدا، لە سیاسەتی دەرەوەو پێوەندییەکانی دەرەوەدا، دوو فاکتەری نەگۆڕ لە ناو کرۆکی سیاسەتی دەرەوەو پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەن، ئەوانیش پرسی بەهاکان Values و بەرژەوەندییەکانە Interests.

بەڵام، لە ناو ئەم دوو فاکتەرە نەگۆڕەشدا، ریزبەندی لە نێوان هەردووکیان و بە پێی کات و شوێن و هەرە لەپێش بوونی یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەیان لە جووڵەیەک یان بڕیارێکی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە یان پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەمیشە لە گۆڕاندایە، هەرئەمەشە، خەسڵەتی جووڵەی بەردەوام و دینامیکیەت بە سروشتی کاری سیاسەتی دەرەوە دەبەخشێ،

لێکۆڵینەوەی ورد لەم بوارەدا، ئەرکی ئەم وتارەمان نییە، بەڵکو ئەوەی دەمانەوێت، تەنیا ئاماژەیەکی کورتە بە تێگەو تێفکرینی ئێمە وەک بنەماو پرەنسیپ بۆ سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان،سەرچاوەی ئەم تێگەو پارادایمە فیکرییە بۆسیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە پرۆگرامی پ.د.ک و ئەو چوارچێوە گشتیەیە کە سەرکردایەتی) پ.د.ک و لە ڕێنمایی و بۆچوون و سەرکردایەتیی سەرۆک مسعود بارزانی، هەڵهێنجراون.

بە گشتی دۆخی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و گۆڕەپانی پراکتیزەکردنی سیاسەتی دەرەوە، بۆ هەر یەکە یان کاراکتەرێکی نێودەوڵەتیی، پێویستی بە زانینێکی وردی ناسینی ژینگەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەیە لە کاتی ئێستاداو حاڵی بوونە لە ئاڕاستەو ڕووگەکانی ئایندەی ، ئەوەی لە ژینگەی پێوەندیی نێودەوڵەتیدا ئێستا دەگوزەرێت، جۆرێکە لە قۆناغی ڕاگوزەر Transitional Pe-riod واتە، ئەو دۆخەی کە بەهۆی نەمانی دوو جەمسەری و کورتخایەنی تاکجەمسەری ئەمریکا وهەنگاونانی جیهان بەرەو فرە جەمسەر بوون Multi-Polar یان بەرەو بێ جەمسەری Non-Polar، جۆرێك لە بارودۆخی نێودەوڵەتی هیناوەتە ئاراوە، کە تیایدا، بڕیاری یەکلاکەرەوە ناتوانرێت بەرامبەر پرسە نێودەوڵەتییەکان بنرێت کە پێوەندی بە شەڕو ئاشتی هەیە، ڕۆڵی زلهێزی ئەمریکا بەرەو پووکانەوە لە هەندێ ناوچە دەڕوات، یان بەلای کەمەوە ناتوانێت ئەوەی لێی چاوەڕێ دەکرێت، بیهێنێتە دی، زلهێزەکانی دیکەی جیهان یان ئەوەتا هێشتا بەتەواوی سەریان هەڵنەداوە، یان ناتوانن یان نایانەوێت ڕۆڵی زلهێزایەتی خۆیان لە پاراستنی سەقامگیریی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بگێڕن، هەموو ئەمانەش زیاتر لە هەر قۆناغێکی مێژوویی، پرسی ئاڵۆز ئاڵۆز لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دێنێتەپێش کە دۆزینەوەی چارەسەر بە ئاسانی نایەتە دی ،نموونەی سووریا زانراوە نەزانراوەکان The Known Unknown زیاتر دەبن، بۆ نموونە دەزانرێت ئەمریکا و ئێران بەرەو جۆرێك لە تێگەیشتن و نزیکبوونەوە دەچن بەڵام نازانرێت تا کام ئاست دەڕوات و لێکەوتەکانی چی دەبێت، دەزانرێت کە پرسی سوریا درێژە دەکێشێت، خوێنڕشتن و باڵادەستی قاعیدە فراوانتر دەبێت، بەڵام نازانرێت بە چ بەرئەنجامێک دەگات بۆیە لەم هەلومەرجە پڕ لە گۆڕانکارییەدا، سەردەمێک دێتە پێشەوە کە پێی دەوترێ، سەردەمی نادڵنیاییی ستراتیژی The Era of Strategic Uncertianty لە پرۆسەی شیکاری سیاسەتی دەرەوەدا، هەر کاراکتەرێکی ئاکتیڤ لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی، پراکتیکی سیاسەتی دەرەوەی لە کرۆکی شوناسەوە سەرچاوە دەگرێت واتە ئەوە شوناسە، ڕەنگڕێژی جۆری تێروانینی کاراکتەر دەکات، لە خەسڵەت پێدانی بەهاکان و بەرژەوەندییەکاندا.

شوناسی ئێمە لە هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی کە تا ئێستا دەوڵەتێکی سەربەخۆ نین و وەک هەرێمێکی فیدراڵ لە ناو وڵاتێکداین کە عیراقە، بۆیە سیاسەتی دەرەوەی ئێمە لەم قۆناغەدا، ناچێتە چوارچێوەی دیپلۆماسیەتی سەربەخۆ و ڕەسمی، لەگەڵ ئەوەشدا، هەرخودی سەدەی ٢١ بەو پێیەی کە تەنیا سەدەی دەوڵەت-نەتەوە نییەو پرۆسەکانی گلۆبالیزەیشن و شۆڕشی تەکنۆلۆژیا و پرسەکانی پەیوەست بە شەڕوئاشتی لەسەر گۆڕەپانی نێوەدەوڵەتی و تێکهەڵکێشی بازاڕ و ئابووری و پرسی سەقامگیری، ئەو بابەتانە نین کە بە تەنیا بە دەوڵەت-نەتەوەکان بەڕێوەبچێت و کارەکتەری دیکەی نادەوڵەتی لە ئاڕاستەی و کاریگەریدانان لەسەر ئەو پرسانە، نەخش دەگێڕن، بۆیە لە سەدەی ٢١، لە پاڵ پرسی پێوەندی دیپلۆماسی فەرمی لەسەرئاستی دەوڵەتاندا، پرسی پارادیپلۆماسی (Paradiplomasy) هاتۆتە ئارا. دیاسن، لەم ئاماژە کورتەدا، ناتوانین بچینە سەر وردەکاری ئەکادیمی لە سەر پارادیپلۆماسی، بەڵام بە پەیوەست کردنی بە ناساندنی سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە، ئەو خەسڵەت ومیکانیزمانەی کە لە پارادیپلۆماسیدا ئێستا لەسەر ئاستی جیهان بایەخی پێدەدرێت، هەرێمی کوردستان توانیویەتی سیاسەتێکی دەرەوەی سەرکەوتوو پراکتیزە بکات و سەربەخۆ بێت لەوپارادایمەی کە حکومەتی عیراق بۆ سیاسەتی دەرەوەی هەیبووە.

بە سوود وەرگرتن بە ڕەهەندەکانی لێکۆڵینەوە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ ناسینەوەی سیاسەتی دەرەوە و بوونی ئامانج و بڕیاری سیاسی و پراکتیزەی ئەو

**کاری ئێمە لە سەر پارتەکانی ناو سۆسیالیست-ئینتەرناسیۆنال، پارتەکانی لیبراڵ-ئینتەرنشناڵ - پارتەکانی سێنتەردیموکراتەکان، پێوەندی لەگەڵ ICAP وەک چەتری پارتەکانی ئاسیا، نموونەیەکن لەو کرانەوەو فرە ئاڕاستەیییەی کە پێمان وایە سیاسەتێکی دروستترە بۆ پێوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان**

**هیچ پەندێکی کوردی هێندەی ئەم پەندە لە سیاسەتی دەرەوە گرنگ نەبێت کە وتراوە، هەموو هێلکەکان مەخەرە سەبەتەیەکەوە، کرانەوە بە ڕووی هەموو لایەکدا، گرتنەبەری سیاسەتێکی فرە ئاڕاستە، دەتوانێت گرەنتی سیاسەتێکی دەرەکی سەرکەوتوومان بۆ بکات**

**ئەگەرچی هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە تا دیپلۆماسیەتی دەوڵەتی هەبێت، وەک بوونی نوێنەر لە UN و بوونی باڵیۆزخانە لە وڵاتان و بوونی باڵیۆزخانەی وڵاتان لە هەولێر، بەڵام لە چەمک و ئاراستەی و تەفسیرو لێکدانەوەو جووڵەو پراکتیکیدا، هەرێمی کوردستان پارادیپلۆماسییەکی خاوەن شوناسی خۆی هەیە**

بڕیارانە لە مەحفەلی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی، دەگەینە ئەودەرئەنجامەی کە سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان تێکڕای ئەو ڕەهەندانە لە خۆ دەگرێت.

ڕەهەندەکانیش بریتین لە ڕەهەندی Descriptive واتە ئایا سیاسەتی دەرەوەی هەرێم دەتوانرێت وەسف بکرێت و بخرێتە ڕوو، ڕەهەندی ڕوونکردنەوە Explanation واتە ئایا دەتوانرێت سیاسەتی دەرەوەی هەرێم ڕوون بکرێتەوە، ڕەهەندی تێگەیشتن Undrestanding بەو واتایەی کە تا چەند تێگەیشتنی ورد بۆ سیاسەتی دەرەوە هەیە هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەم لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بۆ سیاسەتی دەرەوەی هەرێم، ڕەهەندی تەفسیرکردن Interpretation بەو واتایەی تا چەند دەتوانرێت تەفسیرێکی جیاواز بە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەی بکرێت، ڕەهەندی پێنجەم و کۆتایی ڕەهەندی ئاڕاستەکردنە Direction ئەمەش بەو واتایەی تا چەند دەکرێ ئاڕاستەکانی سیاسەتی دەرەوە بناسرێتەوە تا بتوانرێت لە ژینگە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکەدا ئاڕاستەکانی ئەو سیاسەتە دەستنیشان بکرێت

ئەگەر بە وردی ئەو ٥ ڕەهەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی پ.د.ک و پراکتیزەکردنی لە لایەن مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی وەک سامپڵێک لە پێوەندیەکانی دەرەوەی لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی دەرەوە و دامەزراوە حزبییە نێودەوڵەتییەکان و پەرلەمانتارانی ئەو پارتانە و دامەزراوە فکری و ستراتیژییەکان، لەسەر ئاستی حزبی و لەهەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی ئەم تێڕوانینە بۆ سیاسەتی دەرەوەی هەرێم لە پێوەندییە ڕەسمیەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستێکی باڵاتر وەک نموونە وەربگیرێت، دەتوانرێت بەو دەرئەنجامە بگەین کە هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە تا دیپلۆماسیەتی دەوڵەتی هەبێت، وەک بوونی نوێنەر لە UN و بوونی باڵیۆزخانە لە وڵاتان و بوونی باڵیۆزخانەی وڵاتان لە هەولێر، بەڵام لە چەمک و ئاڕاستەی و تەفسیرو لێکدانەوەو جووڵەو پراکتیکیدا، هەرێمی کوردستان پارادیپلۆماسییەکی خاوەن شوناسی خۆی هەیە.

وەک ئاماژەیەک، سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لەسەر کۆمەڵێک چەمک و بنەما دارێژراوە و پراکتیزە دەکرێت. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان لە مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی، دوور لە ئایدیۆلۆژیای پێوەندی حزبی، هەوڵمانداوە ئەم چەمکانە لە شێوە و ناوەڕۆکی جووڵە دیپلۆماسییەکان و کرۆکی گوتارو مامەڵە دیپلۆماسییەکانمان ڕەنگبداتەوە.

**ئاماژەیەکی دیکەی گرنگ لە سیاسەتێکی سەرکەوتوو بۆ کاروباری دەرەوەو مامەڵە لەگەڵ کاراکتەرە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان، جەختکردنەوەیە لەسەر دەرئەنجام، واتە بۆ ئێمە زۆر گرنگە کە دەرئەنجامی پرۆسەیەک بەکوێ دەگات و هەوڵ بدەین بەرژەوەندییەکانی کوردستان لەودەرئەنجامانەدا چۆن دەبن**

### ● مانەوەو بەرەو پێشتر بردنی هەرێمی کوردستان

مانەوەی هەرێمی کوردستان وەک یەکەمین و درێژخایەنترین ئەزموونی حوکمڕانی خەڵکی کوردستان و بەهێزترکردنی کۆڵەگەکانی مانەوەی و پێشخستنی سیستەمی دیموکراسی و ئازادی و یەکسانی و حوکمڕانی باش و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیانی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی وهەوڵدان بۆ ڕێگەگرتن لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەنفال و کیمیاباران و کۆڕەو و وێران بوونی وڵات و گەلەکۆمەی هەرێمایەتی و نادیدەگیری هەرێم و پەراوێزخرانی لە گەمەگەورەکان و بە قوربانیکردنی، لەو پاڵنەرە سەرەکییانەن کە ڕوانگە و ئاڕاستەی یەکەمی پراکتیک کردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێمە، پێکدەهێنێت لەگەڵ ئەوەشدا، مانەوە، وەک هەنگاوی سەرەتایی بۆ قۆناغی باڵاتر لەوەی کە ئێستا هەیە، هەڵبەتە ئەم چەمکە زۆر زیاتر هەڵدەگرێت، بەڵام وردەکاریی خودی چەمکی مانەوە Survaival لە ناو کاری سیاسەتی دەرەوە و پێوەندیی نێودەوڵەتی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆتر هەیە.

### ● یەکەم شت کوردستان

یەکێکی دیکە لەو چەمکە هەرە گرنگانەی کە لە ڕوانگەی ئێمەوە لە سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ڕەنگ دەداتەوە ، بوونی پرەنسیپی ئەوەیە کە دەبێت هەمیشە یەکەم شت کوردستان بیت. بەو واتەیەی، ئێمە کاتێك کارێکی دیپلۆماسی ئەنجام دەدەین یان پێوەندییەکی سیاسی هەرێمایەتی یان نێودەوڵەتی دروست دەکەین، یەکەم شت کوردستان و پرسی کورد و بەرژەوەندیی کورد لە بەرچاو دەگرین.

### ● پراگماتی بوون و نەبوونە کۆیلەی ئایدیۆلۆژیا

لە دنیای پێوەندی نێودەوڵەتیدا، لە نێوان ئایدیالیزم و ریالیزمدا، لە نێوان خالی سفر و سەددا، لە نێوان باش و باشتر و باشترین لە بەرابەر خراپ و خراپتر و خراپتریندا، بە لەبەر چاوگرتنی گۆڕاوەکانی ناوچەکە، یان ئەگەرەکانی ڕوودانی ئەو گۆڕاوانە، هەرێمی کوردستان دەبێت سیاسەتێکی دەرەوەی وەهای هەبێت کە پراگماتیانە لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانەوە هەنگاو بنێت، ئەمەش ئەزموون و شارەزایی و بەرچاوڕوونی دەوێت .لەناو گۆڕەپانی بێڕەحمی پێوەندیی نێودەوڵەتی و مەکر و حیلەی هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی و مەیدانی بەرژەوەنبازی ئەواندا، گرنگە بزانین کە چۆن زیانی بچوک بکەین بۆ ئەوەی زیانی گەورەتر نەکەین یان قازانجێکی کورت خایەنی کەم قبوڵ نەکەین بۆ ئەوەی قازانجێکی درێژخایەن لە کیس خۆمان نەدەین، هونەرو پەراوێزی مانۆڕکردن لەم دۆخە نێودەوڵەتییەی کە ئاماژەمان پێکرد، بە بێ بوونی ئاستێکی باشی پراگماتی بوون نایەتە دی.

### ● کرانەوەو فرە ئاڕاستەیی

ڕەنگە هیچ پەندێکی کوردی هێندەی ئەم پەندە لە سیاسەتی دەرەوە گرنگ نەبێت کە وتراوە، هەموو هێلکەکان

مەخەرە سەبەتەیەکەوە، کرانەوە بە رووی هەموو لایەکدا، گرتنەبەری سیاسەتێکی فرە ئاڕاستە، دەتوانێت گرەنتی سیاسەتێکی دەرەکی سەرکەوتوومان بۆ بکات،هەرێمی کوردستان، پێویستی بە دۆستایەتی هەموو لایەکە، بەڵام حەتمەن ئەم دۆستایەتی و بەرژەوەندییە هاوبەشە، نابێت بە هیچ کلۆجێک لە سەر حسابی بەرژەوەندیی کورد و دۆزەکەی و ئەو بەهایانە بێت، کە شوناسی هەرێمی کوردستان دیاری دەکەن، واتە هەوڵدان بۆ زیاتر کردنی دۆست بۆ کوردستان و پرسەکەی، پشتگیریان بۆ ئێستاو ئایندەی کوردستان، پرۆسەیەکی درێژخایەنو کاری وردو بەردەوام و بە دواداچوونی دەوێت چەمکی کرانەوە Openness لە بواری پێوەندی دەرەوەدا بەسەر هەموو لایەکدا، هێندەی دەرفەت دەخوڵقینێ، بە هیچ شێوەیەک هێندە مەترسی ناخوڵقێنێت، ئێمە وەک سامپڵێک لە پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتیدا، هەوڵمانداوە لەسەر هەموو ئاستەکان دۆست بۆ کورد و کوردستان دروست بکەین، بەردەوامی بەم دۆستایەتییە بدەین، کاری ئێمە لە سەر پارتەکانی ناو سۆسیالیست-ئینتەرناسیۆنال، پارتەکانی لیبرال-ئینتەرنشنال - پارتەکانی سێنتەر دیموکراتەکان، پێوەندی لەگەڵ ICAP وەک چەتری پارتەکانی ئاسیا، نموونەیەکن لەو کرانەوەو فرە ئاڕاستەییەی کە پێمان وایە سیاسەتێکی دروستترە بۆ پێوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئێستا لە پێوەندیی نێودەوڵەتیدا، چەمکێکی نوێ هاتۆتە ئارا، کە زیاتر ئەمریکیەکان بۆ خۆیان بە کاری دێنن، ئەویش چەمکی سەرکردایەتی نێتۆرکە. بەو واتایەی، هەر کاراکتەرێکی نێودەوڵەتی چەندە بتوانێت بازنەی نێتۆرکی خۆی فروان بکات و ژمارەی دۆست و هاوپەیمانەکانی لە ناوچە جیاجیاکان فراوانتر بکات، هێندە باشتر دەتوانێت رۆڵی سەرکردایەتی خۆی بگێڕێت.

ئەم دۆکترینە نوێیەی ئەمریکا، دەشێت وەک ئەزموونێک هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا بەکاری بهێنێت و نێتۆرکی خۆی لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان فراوانتربکات..

**● بێلایەنیی پۆزەتیڤ و پاراستنی هاوسەنگی**

سروشتی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەهایە، کە زۆر جار هاوپەیمانی و بلۆکبەندی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی یان ئایدیۆلۆژی دروست دەبێت، هەرێمی کوردستانیش لە ژینگەیەکی جیۆپۆلەتێکی وەهادایە، کە نەک تەنیا بلۆکبەندییەکان ناوچەیین، بەڵکو ئامادەیی زلهێزەکانیش لەگەڵ یان بە جیا لەو بلۆکبەندییانەدا بوونێکی دیاریان هەیە،هەریەک لەو بلۆکبەندیانە لە هەوڵی بەردەوامدا دەبن تاوەکو ئەمە بکەنە بەشێک لە هێزی بلۆکی خۆیان بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگ دەبێت کە بێلایەنیی پۆزەتیڤی خۆی لە بەرامبەر ئەو بلۆکبەندییانە بپارێزیت و هەتا پێی دەکرێت، پارسەنگیی هێز بپارێزت و لەسەر حسابی هیچ لایەکیان بە لای لایەکەی دیکەدا نەشکێنێتەوە.

**● پێشبینی کردن و خۆ نەدانە دەست قەدەر**

ئاماژەیەکی دیکەی کورت بۆ سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئەوەیە، کە بوونی سیاسەتێکی ئەکتیڤ نەک پاسیڤ، خاوەن دەسپێشخەری بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە لەم رووەشەوە، بەدواداچوونێکی وردی ئاڕاستەیی جووڵەی کاراکتەرە نێودەوڵەتییەکان، پێوەندی نێوانیان، بەرژەوەندییە گۆڕاو و نەگۆڕاوەکانیان، سروشتی سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتان و کاریگەری لەسەر شێوەو جووڵەی دەرەوەی وڵاتان، لە بەرچاو بگیرێت و هەمیشە سیناریۆ جیاجیاکان لەبەرچاو بگیرێن و پەندە ئینگلیزیەکە بکرێتە کرۆکی ئامادەکاری بۆ مامەڵە لەگەڵ هەریەک لە سیناریۆکان، Work for the Best, Prepare for the Worse ، واتە دەبێت هەمیشە کار بۆ هێنانەدی باشترین بکەین و خۆمان بۆ خراپترینیش ئامادە بکەین، بە دیوێکی دیکەدا، واتە نابێت سیاسەتی دەرەوەی ئێمە تەنیا رووداوەکانی ناوچەکە بە دوای خۆیدا رامانکێشێت و تەنیا هەڵویستی کاردانەوەمان هەبێت، لێرەوەیە کە بوونی دەستپێشخەری، پەراوێزی مانۆڕکردن گرنگی و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە.

**● جەختکردنەوە لەسەر دەرئەنجام**

ئاماژەیەکی دیکەی گرنگ لە سیاسەتێکی سەرکەوتوو بۆ کاروباری دەرەوەو مامەڵە لەگەڵ کاراکتەرە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان، جەختکردنەوەیە لەسەر دەرئەنجام، واتە بۆ ئێمە زۆر گرنگە کە دەرئەنجامی پرۆسەیەک بەکوێ دەگات و هەوڵ بدەین بەرژەوەندییەکانی کوردستان لەو دەرئەنجامانەدا چۆن دەبن، بۆ نموونە، ئێستا ئامادەکاری بۆ جنیف٢ دەکرێت، بۆ ئێمە گرنگە کە پرسی کورد لە ناو دەرئەنجامەکانی جنیف ٢ چۆن دەبێت

ئەگەر پێوەر بۆ سەرکەوتوویی سیاسەتی دەرەوە، بوونی پێوەندیی دیپلۆماسی فراوان و مامەڵەی زیاتری دیپلۆماسی و مانەوەو سەقامگیری بێت و نەبوونە پاشکۆی هیچ وڵات و بلۆکێکی هەرێمایەتی و فراوان بوونی بازنەکانی دۆستایەتی لەگەڵ کوردو لاواز بوونی بازنەکانی ئەنتی کورد بێت، راکێشانی بەرژەوەندیی ئابووری و وزەی وڵاتانی جیهان بێت و بەستنەوەیان بە بازاڕی کوردستان بێت، ئەوا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەرێمی کوردستان توانیویەتی تا ئاستێکی باش سەرکەوتووانە ئیدارەی فایلی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا،هێشتا رێگایەکی دوورو درێژمان لەپێشە کە بتوانین زۆر باشتر لەوەی کە ئێستا هەیە، سیاسەتی دەرەوەی خۆمان ئیدارە بکەین.

---

*** بەرپرسی مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوەی پ.د.ک**

**مانەوە، وەک هەنگاوی سەرەتایی بۆ قۆناغی باڵاتر لەوەی کە ئێستا هەیە، هەڵبەتە ئەم چەمکە زۆر زیاتر هەڵدەگرێت، بەڵام وردەکاری خودی چەمکی مانەوە** Survaival **لە ناو کاری سیاسەتی دەرەو و پێوەندی نێودەوڵەتی پێویستی بە لیکۆڵینەوەی سەربەخۆتر هەیە**

**ئەوەی لە ژینگەی پێوەندیی نێودەوڵەتیدا ئێستا دەگوزەرێت، جۆرێکە لە قۆناغی راگوزەر** Transitional Period **واتە، ئەو دۆخەی کە بەهۆی نەمانی دوو جەمسەری و کورتخایەنی تاکجەمسەری ئەمریکا وهەنگاونانی جیهان بەرەو فرە جەمسەر بوون** Multi-Polar **یان بەرەو بێ جەمسەری** Non-Polar**، جۆرێک لە بارودۆخی نێودەوڵەتی هێناوەتە ئاراوە**

# بارزانی و کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

■ پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر
■ تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە

بارزانی لێهاتووانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاوپەیمانێتیەکی- ئەمری واقیعی- لەگەڵ تورکیادا دروستکردووە و لە سیاسەتی جیهانیشدا لەگەڵ ئەمریکادا ئەم هاوپەیمانێتیەکەی پێکهێناوە، لە کاتێکدا بەکارامەیی ئیدارەی پەیوەندییە پڕ لە گرفتەکانی لەگەڵ بەغدا کردووە. ئێرانیش لەوە نزیک بۆتەوە بچێتە سەر تێڕوانینەکەی هەرێمی کوردستان و بارزانی، ئەوەی قبوڵە بەوەی سەردەمی خەباتی چەکداری کۆتایی هاتووە و سەردەمی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی دەستی پێکردووە. لەلایەکی دیکەوە مۆدێلی پەکەکەش بە سەرۆکایەتی ئۆجەلان هێشتا بە پەنهانی هەڵگری پەیامی خەباتی چەکداریە، ئەگەرچی لە سەرەتای ئەم ساڵەوە- ٢٠١٣-، چووە نێو پرۆسەیەکی ئاشتی -دواخراوەوە- لەگەڵ تورکیادا. دەقا و دەق دوایین سەردانی بارزانی لە مانگی رابردوودا بۆ دیاربەکر(ئامەد)، لە تورکیا ئەم رۆڵەی بینی.

لە ١٦-١٧ی تشرینی دووەمی ئەم ساڵدا، سەرۆکی کوردستان بانگهێشتکرا بۆ بینینی سەرۆک وەزیرانی تورکیا رەجەب تەییب ئەردۆغان لەم شارەدا، کە کوردەکانی تورکیا بە پایتەختی ئەمری واقیعی خۆیانی دادەنێن. ئەگەر تورکە ناسیۆنالیستەکان ئەمەیان ببینیایە کە روودەدات، ئەوا وایان دەزانی دووچاری کابوسێک هاتون. ئەردۆغان کە لەژێر ئاڵای تورک و کورددا راوەستابوو، ئەو وشەیەی بە زاردا هات کە پێشتر قەدەغە کرابوو «کوردستان»، لە کاتێکدا بارزانی وتارەکەی بە چەند وشەیەکی تورکی کۆتایی پێهێنا کە بە دەنگی بەرز وتی «بژی برایەتی کورد و تورک، بژی ئازادی، و بژی ئاشتی». هەروەها وەک رەمزێک بۆ پەیوەندیی تورک و کورد بارزانی هاوکاربوو لەوەی گۆرانیبێژی بەناوبانگی کورد، شڤان پەروەر لەگەڵ خۆیدا ببات، کە بۆ ماوەی ٣٧ ساڵ بوو لە تورکیا دورخرابۆوە، کە لەگەڵ گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی دیکەی کورددا، ئیبراهیم تاتلیساس دوێتێکان وت، هەروەها ئامادەی ئاهەنگێکی هاوسەرگیری بە کۆمەڵ بوون کە نزیکەی ٣٠٠ کوڕ و کچی کوردی لەخۆدەگرت.




کوردەکان نەتەوەیەکی دێرین و خانەدانن کە رۆڵێکی دیارو بەرچاویان هەبووە لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەر کەسێك گومانی لەمە هەیە با شەرەفنامەی، شەرەفخانی بەتلیسی بخوێنێتەوە (١٥٤٣-١٦٠٣)، لەسەرووەختی تەواوبوونیدا ئەم شاکاری مێژووی کوردە -کە کتێبێکی پڕ لە زانیاریە- باس لە مێژووی بنەماڵە حکومڕانەکانی ئەمارەتە کوردیەکان تاوەکو ساڵی ١٥٩٦ دەکات. شەرەفنامە، ئەم مێژووەی بۆ چوار بەش دابەشکردووە. بەشی یەکەمیان باس لە پێنج بنەماڵەی کوردی دەکات، کە لە راستیدا خاوەنی پاشایەتی (سەڵتەنەت) بوون: مەرواندیەکانی دیاربەکر و جەزیرە، حەسەن واحیدیەکانی دیناوەر و شارەزور، فەدلیودیەکانی لوری مەزن، شازادەکانی لوری بچووك و ئەیوبیەکان. بەشی دووەم لیستی ئەو بنەماڵانە لەخۆدەگرێت کە دراویان هەبووە و خوتبە بەناوی ئەوانەوە خوێنراوەتەوە(خوتبە بۆنەیەکی ئاینیە و لە نوێژی جومعەدا دەخوێنرێتەوە و ئاماژە بە پێغەمبەر(د.خ) و هەرچوار خەلیفەکە و حکومڕانی سەردەمەکە دەکات)، بەشی سێیەم ئەو بنەماڵانە باس دەکات کە پشتا و پشت حکومڕان بوون (حوککام)، لە کاتێکدا بەشی چوارەم وردەکاری مێژووی میر و بەتلیسەکان دەگێڕێتەوە.

هەرچۆنێك بێت، ناسیۆنالیزمی مۆدێرن درەنگ گەیشتە کوردەکان. بەو پێیە، کاتێك سیستمی سیاسی مۆدێرنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهاندا پێکهێنرا، کوردەکان بێبەشکران لە دەوڵەتی خۆیان و دابەشکران بەسەر چوار دەوڵەتی دیکەدا، تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا. لە سەرەتای ئەو ساڵانەدا بنەماڵەی بارزانی رۆڵێکی گرنگیان دەبینی. شێخ عەبدولسەلامی بارزان (١٨٨٢-١٩١٤) کە برا گەورەی-کەسایەتی ئەفسانەیی- مەلا مستەفای بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩) بوو، بەو پێیە دەبێتە مامی مسعود بارزانی (١٩٤٦-)، کە سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستانە- نموونەیەك بوو بۆ ئەو رۆڵ بینینە. ویگرام، کە مژدەدەرێکی مەسیحی بەناوبانگە، بەو شێوەیە وەسفی شێخ عەبدولسەلامی بارزان دەکات کە «کەسێکی لێبوردە و بە بەزەیی بووە،» و سەرنجی ئەو راستیە دەدات کە ئەو بە «شێخی مەسیحیەکانیش» بانگکراوە، لەبەر ئەوەی مامەڵەیەکی زۆر باشی لەگەڵ مەسیحیەکاندا کردووە (ئەوانەی لە پێناوی پاراستنیاندا دڵسۆزیان بۆ نواندووە).

مەلا مستەفای بارزانی بە ناوبانگترین سەرکردەی کوردی سەدەی بیست بوو. لە راستیدا ناوی ئەو هاوتای بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی بوو لە عێراقدا، لە کاتێکدا ناوبانگی ئەو کردبوویە پاڵەوانێکی ئەفسانەیی بۆ کوردەکان لە هەر جێیەك بوونایە. ئەو سەرکردەیەکی سروشتی بوو، خۆڕسکانە دڵسۆزیەکی پڕ لە هەست و سۆزی بۆ دروست دەبوو، ئەو لەڕووی جەستەییەوە بەهێز و بوێر بوو. سەرەڕای ئاستەنگەکانی بەردەم بەرەوپێشچوونی ناسیۆنالیزمی کوردی، بەڵام ژیانی ئەو وایکرد بە گوڕ و تینەوە هانی هۆشیاری نەتەوەی تازە دروستبوو لای کورد بدات، و لە سەدەی بیست و یەکیشدا- ئەم هۆشیاریە- بەردەوام بێت لە گەشەکردن.

حاڵی حازر کوڕەکەی —مەلا مستەفا- مسعود بارزانی، وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لێهاتووانە رێبەرایەتی کوردەکانی عێراقی کردووە بەرەو دەوڵەتێکی تازەدروستبوو. ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە هەر لەسەرەتاوە، هەرێمی کوردستان دووچاری رێگری و بەربەست بۆوە لەلایەن دەوڵەتانی چوار دەوریەوە، تورکیا و ئێران و سوریا (ئەمە ئەگەر باسی عێراقی سەردەمی سەددام حوسێن نەکەین)، کە ئەم وڵاتانە هەوڵی ئاستەنگ دروستکردنیان دەدا لەبەردەم سەرهەڵدانی هەر جۆرە ئیدارەیەك یان دەوڵەتێکی کوردی. هەر یەکە لەم وڵاتانە ترسیان لەوە هەبوو پێشینەیەك-سابقەیەك- دروست بێت و ئەمەش کار لە کوردە ناڕازیەکانی وڵاتەکانیان بکات. لەوەش زیاتر، هەرێمی کوردستان گرفتاری گرفتی ئابووری یەکجار زۆر بۆوە، لەگەڵ ئیفلیج بوونی پرۆسەی بڕیارداندا، ئەویش بەهۆی دابەشکردنی یەکسانی دەسەڵات لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان(پدك) و یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا (ینك)، هەروەها بەهۆی ئەوەی لەسەرەتاوە بارزانی و تاڵەبانی بڕیاریاندا بەشداری ئیدارە نوێیەکە نەکەن.

**مەلا مستەفای بارزانی بە ناوبانگترین سەرکردەی کوردی سەدەی بیست بوو. لە راستیدا ناوی ئەو هاوتای بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بوو**

لە ساڵی ٢٠١٤دا، پتر لە ٥ ملیۆن کەس لە سایەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا دەژین، لە نێویاندا ١٠٠ بۆ ٢٠٠,٠٠٠ تورکمان و ٥٠٠٠ ئاشوری. بە رەچاوکردنی پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە، رەنگە پتر لە سەدا ٨٠ی دانیشتوانەکە لە ئێستادا لە شارەکاندا بژین و تەنها لە سەدا بیستیان لە گوندەکاندا ژیان بەسەر ببەن. لە شاری هەولێردا نزیکەی ١٠٠٠,٠٠٠ کەس و لە سلێمانیشدا ٧٥٠,٠٠٠ کەس دەژین. لە کۆتاییدا و لە ٧ی ئایاری ٢٠٠٦دا، هەردوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستان یەکیان گرتەوە، کە مسعود بارزانی بووە سەرۆکی هەرێم و نێچیرڤان ئیدریس بارزانی بووە سەرۆك وەزیران. رێککەوتن کرا لەسەر ئەوەی دواتر و لە ئایندەدا یەکێتی نیشتمانی ئەو پۆستە بگرێتەدەست. لە کۆتاییدا جەلال تاڵەبانیش بووە سەرۆك کۆماری عێراق.

سەرەڕای ئەوەی بانگەشەی ئەوە دەکرێت کەشی کوردستان بۆ کار و بازرگانی کەشێکی دۆستانە و لەبارە، بەڵام هێشتا کێشەی گەورەی ئابووری ماونەتەوە. بۆ نموونە، هێشتا سیستمی بانکی و باجدان و تەئمین و پۆست لە ئارادانییە. مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی نزیکەی سێ چارەکی بودجە دەبات، کۆکردنەوەی سەرمایە لە رێی گەندەڵیەوە گەشەی کرد. تاوەکو ئەم دواییە، حکومەتەکە نەیدەتوانی وەك پێویست کارەبای بەردەوام و سووتەمەنی-لە کڕین هاتوو- دابین بکات. نزیکەی ٩٠٠,٠٠٠ ئاوارەی ناوخۆیی ماونەتەوە. کوشتن لەسەر شەرەف و خەتەنەکردنی کچان وەك کێشەیەك ماونەتەوە، بەڵام هەوڵی کۆنترۆڵکردنیشیان دراوە.

هەرچۆنێك بێت، لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا رەوشی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی دراماتیکی بەرەوپێشچوو، ئەویش لە کاتێکدا کە لە دوای رووخانی سەددام حوسێنەوە لە ٢٠٠٣دا هەرێمەکە پریشکی ئاگری شەڕە ناوخۆییە مەترسیدارەکەی بەرنەکەوت کە بەشە عەرەبیەکەی عێراقی گرتەوە لە باشووردا. لەوەش زیاتر، ئێستا کوردەکان لە سەدا ١٧ی بودجەی گشتی عێراقیان پێدەدرێت. سەرەڕای هەندێ ناکاراییی جددی، لە ئێستا رەوشی کوردەکان باشترە لە رەوشی ئەو عێراقیانەی لە سایەی ئیدارەی بەغدا ژیان بەسەر دەبەن. بازرگانی سەر سنورەکان، بەتایبەتی لەگەڵ تورکیادا مایەی قازانج بووە، رێگای نوێ دروستکراون، ئاوارەکان نیشتەجێکراونەتەوە، دابینکردنی خۆراك بەشێوەیەکە بەش دەکات، ئاو و کارەبا دەستەبەرکراون، دوکانەکان پڕن لە بەفرگری تورکی و تەنانەت چیسی ئەورووپیش.

کۆمەڵگەی مەدەنی لە دەرکەوتن و دروستبووندایە و بە دەیان رۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن و رادیۆ هەن کە شەبەنگێکی بەرفراوانی بیروبۆچوونەکان بڵاودەکەنەوە. خەڵك ئازادیگەلێکیان هەیە لێرەدا کە مەحاڵە لە بەشەکانی دیکەی عێراق وێنای بکەیت. سەرەڕای یەکێتی و پارتی، چەندەها پارتی سیاسی بچووکتر لە ئارادان، و رەخنەگرتنیش لە حکومەتی ئێستا قبوڵ دەکرێت. تەواوی هەرێمی کوردستان (KRG) لە سایەی حکومەتەکەیدا خاوەنی ١٠ نەخۆشخانەیە. بەڵام لە راستیدا، مەشقی پزیشکی باشتری، وەك پزیشکی تایبەتمەندی دەمارەکان و جوانکاری بوونیان نییە. هێشتا هەندێ جار کارەبا دەکوژێتەوە، بەڵام نەخۆشخانەکان مۆلیدەی کارەبایی خۆیان هەیە. رێژەی شێرپەنجە بەرزە، رەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت کە لە رابردودا عێراق چەکی کیمیایی بەکارهێنا، هەروەها رەنگە بەهۆی نەبوونی چارەسەری کیمیایی بێت. زۆرێك لە خزمەتگوزاریەکان تەنها بە رسوماتێکی کەم بەدەست دەهێنرێن.

**کۆمەڵگەی مەدەنی لە دەرکەوتن و دروستبووندایە و بە دەیان رۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن و رادیۆ هەن کە شەبەنگێکی بەرفراوانی بیروبۆچوونەکان بڵاودەکەنەوە. خەڵك ئازادیگەلێکیان هەیە لێرەدا کە مەحاڵە لە بەشەکانی دیکەی عێراق وێنای بکەیت**

لە ئێستا بەلای کەمەوە حەوت زانکۆ لە ئارادان: سەلاحەددین، زانکۆی کوردستان(هەولێر) و ئیشق لە هەولێر و زانکۆی سلێمانی و زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی، و زانکۆی کۆیە و زانکۆی دهۆك. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا ژێرخانی بنەڕەتی تەواو نەکراوە. بە دڵنیاییەوە ئایندەی هەرێمی کوردستان (KRG)، مایەی نادڵنیاییەکی زۆرە. خەم و نیگەرانی گەورە خۆپاراستنیانە لە بەغدا، بەڵام هەرێمی کوردستان (KRG) سەرەڕای کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق لە کۆتایی ٢٠١١، بەردەوامە لە گەشەکردن. لە ساڵی ٢٠٠٩وە، هەروەها هەرێمی کوردستان(KRG) توانیویەتی پەیوەندیە سیاسییەکانی لەگەڵ تورکیا بەرەو پێش ببات.

حاڵی حازر هەرێمی کوردستان (KRG) زۆرێك لە رووکارەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی هەیە: خاوەنی سەرۆك و سەرۆك وەزیران و پەرلەمان و ئاڵا و سرودی نیشتمانی خۆیەتی، خاوەنی سوپای خۆیەتی کە تەنانەت رێگری لە هاتنە ناوەوەی سوپای عێراق دەکات بۆ هەرێمی کوردستان (KRG)، هەروەها فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی و سیستمی پەروەردەی خۆی هەیە، کە تەنانەت کەسانێکی کەم لە هەوڵی فێربوونی زمانی عەرەبیدان، تەنانەت مۆری خۆی لەسەر ڤیزەی ئەو کەسانە دەدات کە سەردانی دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرکەس پرسیاریان دەکرد ئایا هەرێمی کوردستان (KRG) چی بەسەردێت کاتێك هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١١دا لە عێراق دەکشێنەوە. پێشتر و بەشێوەیەکی مەترسیدار هەرێمی کوردستان و بەغدا نزیکبوون لەوەی رووبەڕووی یەکتر ببنەوە بەهۆی کەرکوك و ئەو خاکانەی نێو وڵاتەکە کە ناکۆکیان لەسەرە و بە هێڵی تەقینەوە ناسراون، نموونەی زەق لەو رووەوە بریتی بوو لە رەوشی خانەقین لە ساڵی ٢٠٠٨دا. سەرەڕای کشانەوەی ئەمریکا، هەرێمی کوردستان (KRG) بەردەوام بوو لە گەشەکردن و گرنگیەکی زیاتری بەدەستهێنا و بووە ناوچەیەکی ئارام بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

لەوەش زیاتر، لە ئێستادا کوردەکانیش، بەهاری خۆیان هەیە، سەرەتا کاتێك حزبی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەممووزی ٢٠٠٩دا، لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان- کە خاوەن ریشەیەکی قوڵ بووە- جیابۆوە، هەروەها دواتر کاتێك خۆپیشاندانی توندوتیژانە لە سلێمانی سەریهەڵدا، کە دووەم گەورەترین شاری هەرێمی کوردستانە، ئەویش لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١دا، کە بەردەوام بوو تاوەکو لە رێی پۆلیسەوە لە ١٩ی نیسانی ٢٠١١دا خامۆشیانکرد.

بەپێچەوانەی ئامانجەکانی خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبی، حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG)بە شێوەیەکی دیموکراتیانە و لە تەمموزی ٢٠٠٩دا هەڵبژێردرا، لەبەر ئەوە ئاسان نەبوو بە ناشەرعی وەسف بکرێت. هەروەها لە هەولێر کە پایتەخت و گەورەترین شاری هەرێمەکەیە، خۆپیشاندان روویاندا. هەرچۆنێك بێت، ئەم خۆپیشاندانەی کران، زەنگێکی هۆشیارکردنەوە بوون بەوەی دۆخەکە زۆر باش نیە لە هەرێمی کوردستاندا. بەرهەم ساڵح، کە لە ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٢ سەرۆك وەزیران بوو، رایگەیاند «دەبێت کاری باشتر بکەین، هاووڵاتیانمان داوای کاری باشترمان لێدەکەن و ئەوان شایستەی باشترن».

لەبەرامبەر بەڵێنە تەمومژاوییەکانی بەوەی پشتیوانی ئەجێندای هەرێمی کوردستان (KRG) دەکات لە پەیوەندیدا بە شار و پارێزگای کەرکوکی ناکۆکی لەسەرەوە، هەروەها داهاتی نەوتەوە، کوردەکان رۆڵێکی گەورەیان بینی لە هاوکاریکردنی نوری ئەل مالیکی بۆ ئەوەی حکومەتە نوێیەکەی- دووەم حکومەتی عێراقی لە بەغدا- لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠دا پێکبهێنێت. لە کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە هەولێر بۆ هاوکاریکردنی پێکهێنانی هاوپەیمانیەکی نوێ لەگەڵ مالیکیدا، کە مالیکی خۆی تێیدا ئامادەبوو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان مسعود بارزانی رایگەیاند کە هەرێمی کوردستان (KRG) مافی ئەوەی هەیە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات. بە زۆری ئەم مافەش سەربەخۆیی لە خۆدەگرێت، ئەگەرچی ئەمە سەریکێشا بۆ ئەوەی کوردەکان ئۆتۆنۆمیەك(خۆبەڕێوەبەریەك) هەڵبژێردن کە حاڵی حازر مومارەسەی دەکەن.

هەر کە دووبارە مالیکی دەسەڵاتی گرتەوەدەست و لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١١دا، پەیوەندیەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان (KRG) بەرەو خراپتر چوون. گەیشتن بە چارەسەریش بۆ کێشە هەمیشەییەکانی کەرکوك و دابەشکردنی داهاتی نەوت زەحمەت بوو. لەوەش زیاتر، لەبەر ئەوەی مالیکی نەیتوانی کابینە نوێیەکەی تەواو بکات، ئەوا خۆی بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی چەند وەزارەتێکی گرنگی گرتەدەست، کە ئەمەش سەریکێشا بۆ دەرکەوتنی دیکتاتۆرێکی تازە. سیناتۆری ئەمریکی جۆن مەککەین، کە پاڵێوراوی شکستخواردوی کۆماریەکان بوو بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا لەبەرامبەر باراك ئۆبامادا لە ساڵی ٢٠٠٨، سەرنجی لەم گرژە هەڵکشاوەدا و رایگەیاند کە «بارودۆخی عێراق لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە، ئەگەری ئەوە هەیە عێراق دابەش بێت بۆ سێ وڵاتی جیاواز.» ئەگەرچی رەنگە جۆزێف بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکا پێی خۆش نەبێت بیری بخرێتەوە، بەڵام ئەم چارەسەرەی مەککەین کە دروستبوونی سێ دەوڵەت لە خۆدەگرێت هاوشێوەی

ویگرام، کە مژدەدەرێکی مەسیحی بەناوبانگە، بەو شێوەیە وەسفی شێخ عەبدولسەلامی بارزان دەکات کە «کەسێکی لێبوردە و بە بەزەیی بووە،» و سەرنجی ئەو راستیە دەدات کە ئەو بە «شێخی مەسیحیەکانیش» بانگکراوە

لە ئێستا رەوشی کوردەکان باشترە لە رەوشی ئەو عێراقیانەی لە سایەی ئیدارەی بەغدا ژیان بەسەر دەبەن



ئەو چارەسەرەیە کە پێشتر بایدن ئاماژەی پێدەکرد و ئێستا بەرهەڵستی دەکات.

لە گەرمەی چالاکیەکانیدا، بارزانی گەشتی بۆ ئەمریکا و تورکیا و ئەوروپا کرد، و کۆبوونەوەی گشتی ئەنجام دا. قسەکانی بەتایبەتی ئەوانەی لە تورکیا کردنی شایستەی سەرنجدان بوون، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی چۆن پەیوەندی نێوانیان لە چەند ساڵی کەمی رابردودا بە شێوەیەکی دراماتیکی بەرەوپێشچوو. حاڵی حازر تورکیا لایەنگیری هەرێمی کوردستاندا دەکات لە ناکۆکیەکاندا لەگەڵ بەغدا. سەرۆك وەزیرانی تورکیا مالیکی تۆمەتبارکرد بەوەی ئاگری گرژیەکانی نێوان عێراق و کورد خۆش دەکات، لە کاتێکدا مالیکی ئیدانەی تورکیای بەوە کرد کە «دەستێوەردانێکی زەق لە کاروباری ناوخۆیی عێراقدا دەکات». مانگی دواتر، نێچیرڤان بارزانی، دووبارە وەك سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەشتی بۆ تورکیا کرد بۆ ئەوەی کۆوبونەوەیەکی ئاست بڵند لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا بەرێوە بچێت. هەندێ کەس مەزەندەی ئەوە دەکەن بەهۆی ئەم پشتیوانیەی تورکیاوە، رەنگە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بوێری ئەوە بەخۆی بدات لە عێراقی لەبەریەکهەڵوەشاوە جیاببێتەوە.

ئەگەر بگەرێینەوە بۆ هەولێر، ئەوا بارزانی باسی لەوە کرد کە رەنگە بەغدا فرۆکەی شەرکەری جۆری ئێف ١٦ و ئێف ١٨- کە بڕیارە لە ئەمریکای بکڕێت دووبارە دژ بە کورد بەکاری بهێنێتەوە. لە ئەیلوولی ٢٠١٢دا سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای کرد مالیکی رازی بێت لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ رکابەرە سیاسییەکانیدا» ئەگەرنا کوردەکان بیر لە جیابوونەوە لە بەغدا دەکەنەوە.» و وتی «قەیرانێکی سیاسیی زۆر مەترسیدار لە وڵاتەکەدا هەیە،» و ئەگەر ئەم بە بنبەستگەیشتنە نەشکێنرێت، ئەوا «رەنگە دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بیر لە ئەنجامدانی راپرسی بکەنەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك کەسەربەخۆ بێت لە عێراق.» هەروەها بارزانی پشتیوانی لە پێشنیاری لابردنی مالیکی لە دەسەڵات کرد.

لە تشرینی دووەمی ٢٠١٢دا، قەیرانێکی کت و پڕی نوێ سەریهەڵدا، ئەویش کاتێك گرژیەکان لەبارەی پێکهێنانی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە لەلایەن بەغداوە دەرچوو، فەرماندەیەکی سەربازی پێکهات بۆ ئەوەی لەو ناوچانەدا چالاکی بکات کە بەغدا و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بانگەشەی ئەوە دەکەن ویلایەتیان هەیە بەسەریەوە. سوپای هەردوولا لەبەرامبەر یەکدا راوەستان کە یەکێك لە راپۆرتەکان باسی لەوە کرد ئەمە «قەیرانێکە.... بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ شەرێکی سەرتاسەری،» ئەگەر فتیلی قەیرانەکە نەکوژێنرێتەوە. هەرچۆنێك بێت، پرسیارەکە ئەوەیە تاکەی بەغدا و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی دەتوانن خۆیان لە گوللەکە لابدەن؟

**سەرەڕای کشانەوەی هیزەکانی ئەمریکا، هەرێمی کوردستان بەردەوام بوو لە گەشەکردن و گرنگیەکی زیاتری بەدەستهێنا وەک قوڵاییەکی ستراتیژی بۆ ناوچەکە**

**ئێستا کە عێراق و سوریا بوونەتە دەوڵەتی شکستخواردو و تورکیاش سەرقاڵی پرۆسەی ئاشتیە لەگەڵ پەکەکەدا، ئەوا کوردەکان بوونەتە فاکتەرێکی گرنگ لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**



سەرەڕای مەیلی توندی بارزانی بۆ سەربەخۆی، بەڵام زۆرێك لە چاودێران پێیان وابوو ئەمە لە راستیدا مانۆڕێکە بۆ پتەوکردنی پێگەیەك لە عێراقی دوای کشانەوەی هیزەکانی ئەمریکادا. سەربەخۆبوونی پێشوەختی کوردەکان، کە وەك تێکشکاندنی عێراق دەردەکەوێت، نەك تەنها لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵکو لەلایەن سەرجەم وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستانەوە بەرهەڵستی دەکرێت. لەوەش زیاتر، کوردەکان لە عێراقی فیدراڵیدا خاوەنی هەموو ئیجابیەتەکانی سەربەخۆیین، بێ ئەوەی رووبەڕووی سلبیاتەکانی ببنەوە. زۆر باشترە وا دەربکەوێت کە کوردەکانی عێراق تەواوی هەوڵی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر سەرەڕای ئەو هەوڵانەی کوردیش ، عێراق هەر دابەش بوو، ئەوا وا دەردەکەوێت سەربەخۆیی سەپێنراوە بەسەریاندا و کوردەکانیش پاساوی خۆیان هەیە بۆ ئەوەی سەربەخۆبن. باشترین بڕیار بریتیە لە گرتنەبەری دیپلۆماسیەتی ژیری و دان بەخۆداگرتن، بارزانیش سەلماندویەتی کە زۆر بە توانایە لە جێبەجێکردنیاندا.

لە ١٨ی کانونی یەکەمی ٢٠١٢دا، جەلال تاڵەبانی سەرکردەی دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرۆکی ئێستای عێراق، دووچاری نەخۆشیەك بوو ، ئەم نەخۆشیە دووری خستەوە. مام جەلال، هەروەك لە خۆشەویستیدا وا بانگ دەکرێت، سەرکەوتوانە کاری بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەکگرتوویی کرد و پێش ئەو حاڵەتەش تازە لەگەڵ سەرۆك وەزیران، نوری ئەل مالیکی- کۆببۆوە، لە هەوڵێکدا بۆ خاوکردنەوەی گرژیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و بەغدا لەبارەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی نێوانیان و ئیدارەی یەدەگی نەوتەوە. ئایا دوورکەوتنەوەی تاڵەبانی کە خاوەنی توانایەکی ژیرانە و هێورکردنەوە بوو چ کاریگەریەکی هەیە؟

کاتێك پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و بەغدا سەقامگیربوو. ئەوا هەم مسعود بارزانی و هەم سەرۆك وەزیران نێچیرڤان بارزانی لە ساڵی ٢٠١٣دا چاویان بە مالیکی کەوت لە بەغدا. ئەگەرچی نەگەیشتنە چارەسەرێك لەسەر کێشە بنەڕەتیەکان، بەڵام توانیان گرژیەکان خاوبکەنەوە، بەلای کەمەوە لە ئێستادا.

لە ٢١ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٣دا، هەرێمی کوردستان چوارەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی خۆی ئەنجامدا. پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی ٣٧,٧٠ لە سەدی دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەو شێوەیە بووە خاوەنی ٣٨ کورسی، کە بە بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشو لە ساڵی ٢٠٠٩دا توانی ٨ کورسی زیاد بکات. حزبی گۆڕانیش بە سەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا وەك دووەم گەورەترین حزب جێی حزبەکەی تاڵەبانی- یەکێتی نیشتمانی کوردستانی- گرتەوە، ئەویش بە بردنەوەی ٢٤،٢٤ لە سەدای دەنگەکان کە دەکاتە ٢٤ کورسی پەرلەمان، کە

**بەم دواییە بارزانی رایگەیاند کە سەقامگیری و بەرەوپێشچوونی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوەستێتەسەر رێزگرتن لە مافەکانی کورد**

**ئەردۆغان کە لە ژێر ئاڵای تورک و کورددا راوەستابوو، وشەیەی «کوردستان»ی بە زاردا هات کە پێشتر قەدەغەکرابوو**




به بەراورد بە هەڵبژاردنەکەیساڵی ٢٠٠٩ کورسیەکی لەدەستداوە. یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەنها لە سەدا ١٧,٨٠ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، واتە تەنها ١٨ کورسی، بەمەش ١١ کورسی کەم کرد لە چاو هەڵبژاردنەکەی پێشوودا.

لە پەیوەندیدا بە شەڕی ناوخۆیی بەردەوامی سوریاوە، کە ئەمە چ کاریگەریەکی هەیە بۆ سەر ئەو کوردانەی لەو وڵاتەدا دەژین، مسعود بارزانی بەردەوامە لە بینینی رۆڵێکی چالاك. کە هەوڵی میانگیری دەدات، ئەمە لە کاتێکدا پشتئەستوورە بە پشتیوانی تورکیا و ئەمریکا کە بوونەتە هاوپەیمانی ئەمری واقیع بۆی، هەروەها بارزانی لە هەوڵی سازکردنی کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردە لە هەولێر، کە تێکڕای کوردەکانی تورکیا و سوریا و ئێران لە خۆبگرێت. بە دڵنیاییەوە ئەم کۆبوونەوەیە هەوڵی دەستەبەرکردنی ڕێبەری و دەستڕۆیشتوویی دەدات لە ئایندەی کوردا.

لە کاتی نووسینی ئەم وتارە لە کانونی یەکەمی ٢٠١٣دا کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بۆ سێ جار دواخراوە، ئەویش بەهۆی جیاوازی نێوان کوردەکانەوە، کە یەکێکیان پەیوەستە بە چۆنیەتی نوێنەرایەتیکردنی گروپە کوردیە جیاوازەکانەوە. هەرچۆنێك بێت، ئێستا کە عێراق و سوریا بوونەتە دەوڵەتی شکستخواردو و تورکیاش سەرقاڵی پرۆسەی ئاشتیە لەگەڵ پەکەکەدا، ئەوا کوردەکان بوونەتە فاکتەرێکی گرنگ لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە راستیدا داواکاریەکانی کورد لە ئێستا دەبنە تەحەددی بۆ سنوری ئەو دەوڵەتانەی لە ئارادان، کە ئەم سنورانەش لە جەنگی یەکەمی جیهانەوە بوونیان هەیە، ئەو کاتەی کوردەکان لە دەوڵەتی خۆیان بێبەشکران.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پەکەکە عەبدوڵا ئۆجەلان، وەك دوو مۆدێلی سەرەکی بۆ ئایندەی کوردەکان — کە لە پێگەیەکی باشتردان-دەرکەوتوون. لە راستیدا، بەم دواییە بارزانی رایگەیاند کە سەقامگیری و بەرەوپێشچوونی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوەستێتەسەر ڕێزگرتن لە مافەکانی کورد. هەر لە پەیوەندیدا بەم پرسەوە، ئۆجەلان رایگەیاند کە ئۆتۆنۆمی دیموکراتی- مۆدێلی ڕێکخراوەکەی خۆی بە گرتنەبەری شێوازی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بۆ خۆبەڕێوەبەری کوردەکان- بەسەر هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێبەجێ دەبێت.

بارزانی لێهاتووانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاوپەیمانێتیەکی- ئەمری واقیعی- لەگەڵ تورکیادا دروستکردووە و لە سیاسەتی جیهانیشدا لەگەڵ ئەمریکادا ئەم هاوپەیمانێتیەکەی پێکهێناوە، لە کاتێکدا بەکارامەیی ئیدارەی پەیوەندیە پڕ لە گرفتەکانی لەگەڵ بەغدا کردووە. ئێرانیش لەوە نزیك بۆتەوە بچێتە سەر تێڕوانینەکەی




هەرێمی کوردستان و مسعود بارزانی، ئەوەی قبوڵە بەوەی سەردەمی خەباتی چەکداری کۆتایی هاتووە و سەردەمی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی دەستی پێکردووە. لەلایەکی دیکەوە، مۆدێلی پەکەکەش بە سەرۆکایەتی ئۆجەلان هێشتا بە پەنهانی هەڵگری پەیامی خەباتی چەکدارییە، ئەگەرچی لە سەرەتای ئەم ساڵەوە- ٢٠١٣-، چووە نێو پرۆسەیەکی ئاشتی —دواخراوەوە- لەگەڵ تورکیادا. دەقا و دەق دوایین سەردانی بارزانی لە مانگی رابردودا بۆ دیاربەکر(ئامەد)، لە تورکیا ئەم رۆڵەی بینی.

لە ١٦-١٧ی تشرینی دووەمی ئەم ساڵدا، سەرۆکی کوردستان بانگهێشتکرا بۆ بینینی سەرۆك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەییب ئەردۆغان لەم شارەدا ( ئامەد)، کە کوردەکانی تورکیا بە پایتەختی ئەمری واقیعی خۆیانی دادەنێن. ئەگەر تورکە ناسیۆنالیستەکان ئەمەیان ببینیایە کە روودەدات، ئەوا وایان دەزانی دووچاری کابوسێك هاتوون. ئەردۆغان کە لە ژێر ئاڵای تورك و کورددا راوەستابوو، ئەو وشەیەی بە زاردا هات کە پێشتر قەدەغەکرابوو «کوردستان»، لە کاتێکدا بارزانی وتارەکەی بە چەند وشەیەکی تورکی کۆتایی پێهێنا کە بە دەنگی بەرز وتی «بژی برایەتی کورد و تورك، بژی ئازادی، و بژی ئاشتی». هەروەها وەك رەمزێك بۆ پەیوەندیی تورك و کورد، بارزانی هاوکاربوو لەوەی گۆرانیبێژی بە ناوبانگی کورد، شڤان پەروەر لەگەڵ خۆیدا ببات، کە بۆ ماوەی ٣٧ ساڵ بوو لە تورکیا دوورخرابۆوە، کە لەگەڵ گۆرانیبێژێکی بە ناوبانگی دیکەی کورددا، ئیبراهیم تاتلیساس دوێتێکان وت، هەروەها ئامادەی ئاهەنگێکی هاوسەرگیری بە کۆمەڵ بوون کە نزیکەی ٣٠٠ کوڕ و کچی کوردی لە خۆدەگرت.

هەردوو سەرکردەکە هەوڵیاندا پەرە بە رێککەوتنە پڕ لە تموحەکانی نەوت و غاز بدەن کە دەبنەهۆی پەراوێزخستنی بەغدا، ئەمەش هەرێمی کوردستانی لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و ئابووری لەتورکیا نزیك کردەوە، هەروەها وای لە هەرێمی کوردستان کرد پێگەی خۆی باشتر بکات بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا سەربەخۆیی لەبەرامبەر بەغدا بەدەست بهێنێت. هەروەها ئەردۆغان ویستی سوود لە بارزانی وەربگرێت بۆ برەودان بە ئاشتی نێوان تورك و کوردەکان لە نێو تورکیادا،. هەروەها لە کارنامەی کۆبونەوەکەی ئەردۆغان-بارزانی پرسی سوریاش هەبوو، لە کاتێکدا کە پەیەدە- کەسەر بە پەکەکەیە- لە پێگەی بەرهەڵستیدا بوو لە ئاست هەر یەکە لە تورکیا و هەرێمی کوردستاندا.

هەرچۆنێك بێت، بارزانی ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ئەردۆغاندا بە رێگایەك بۆ شەرعیەتدان بە کوردستان زانی، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی تورکەکان و برەودان بە تێڕوانینێك بۆ ئەوەی دیپلۆماسیەتی ئاشتیانە جێی خەباتی چەکداری بگرێتەوە، و پێگەی خۆی پتەوتر بکات لە ئاست پەکەکەدا. بێگومان تەنها کات دەتوانێت پێمان بڵێت کە تێڕوانینی کێ بۆ ئەم رووداوانە زاڵدەبێت. هەرچۆنێك بێت، هەر دوای کۆبونەوەکەی ئەردۆغان و بارزانی، لەیلا زانا و عوسمان بایدەمیر، دوو پەرلەمانتاری دیاری کوردی تورکیا، کە پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ بەدەپە و پەکەکەدا هەیە، سەفەری هەولێریان کرد بۆ ئەوەی چاویان بە بارزانی بکەوێت و گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن لەبارەی یەکگرتوویی کورد لە سوریا و یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد بە شێوەیەکی گشتی. روون بوو کە پێگەی بارزانی -کە لەسەر ساڵانێك لە ئەزموونی ورد و کاری ژیرانە بنیاتنراوە- کاریگەری ئیجابی و باشی خۆی لە ئایندەدا جێبهێڵێت.

**حاڵی حازر هەرێمی کوردستان زۆرێک لە رووکارەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی هەیە: خاوەنی سەرۆک و سەرۆک وەزیران و پەرلەمان و ئاڵا و سرودی نیشتمانی خۆیەتی، خاوەنی سوپای خۆیەتی، هەروەها فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی و سیستمی پەروەردەی خۆی هەیە، تەنانەت مۆری خۆی لەسەر ڤیزەی ئەو کەسانە دەدات کە سەردانی دەکەن.**



## دیمانەی تایبەتی گوڵان

### مەحمود محەمەد

ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# پارتی خوازیار بوو تا سەری ساڵ مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت یەکلایی ببوایەوەو ئێستاش ئومێد دەخوازین پێش سەری ساڵ پەرلەمان کۆبێتەوە



**پرۆسەی دانوستاندنەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکێکە لە گرنگترین پرسەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان بەو سیفەتەی کە زۆرترین ژمارەی کورسی پەرلەمانی بەدەست هێناوەو ئەو لایەنەیە کە رادەسپێردرێت بۆ ئەوەی کابینەی هەشتەم پێکبهێنێت، دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی خۆیدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی وەك کاندید دەستنیشانکرد، ئەوا هەمان کات لیژنەیەکیش بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی بۆ دانوستاندن پێکهاتووە بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرجەم لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن وتوویژ بکەن بۆ ئەوەی هاوپەیمانییەکی سیاسی دروست بێت بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێکهێنانی کابینەی حکومەت لەم کاتە هەستیارەدا کە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە رووبەڕووی کۆمەڵێك ئەرکی گرنگی نیشتمانی دەبێتەوە، پێویستی بە یەکڕیزی نیشتمانی و حکومەتێکی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی هەم بتوانێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەرێم وەڵامدەرەوەی خواستەکانی خەڵکی کوردستان بێت، هەمیش لەسەر ئاستی پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کە ئێستا تەنگژە بەخۆیەوە دەبینی بە یەکڕیزی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، لەسەر ئاستی ناوچەکەش کە ئێستا هەرێمی کوردستان بۆتە ئومێد بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە ناوچەکەدا کە ئەمەش ئەرکێکی دیکەی نیشتمانی قورسە کە رووبەڕووی ئەم حکومەتە تازەیە دەبێتەوە، سەبارەت بە پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم و پێوەندییەکانی هەرێم و بەغداو پێگەی هەرێمی کوردستان لە چارەسەری کێشەی کورد لەسەر ئاستی ناوچەکە، بەڕێز مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی شاندی دانوستاندکاری پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەت لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا بەمجۆرە لەسەر هەموو پرسەکان هاتە ئاخاوتن.**

**گوڵان:** بەڕێزت وەك ئەندامێکی شاندی دانوستاندنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پێکهاتنی کابینەی هەشتەم، چەندین جار لەگەڵ گشت لایەنە سیاسییەکان کۆبوونەتەوە، تەنانەت لەگەڵ ئەو حزبانەش کە بە تەنیا یەك کورسی پەرلەمانیشیان هەیە، ئایا دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی بۆ خوێنەرانی گوڵان هێڵەگشتیەکانی ئەو کۆبوونەوانە باس بکەیت؟

**مەحمود محەمەد:** ئەو خوێندنەوە نوێیەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان و کۆمەڵگەی کوردستانی هەیەتی، ئەوەمان پێ دەڵێت کە پێکەوەبوون و یەکڕیزی نیشتمانی و یەکترقبوڵکردن لەم وڵاتەدا زۆر پێویستە، بۆ ئەوەی بتوانین حکومەتێکی وا دروست بکەین، بۆ چوار ساڵی داهاتوو زیاتر هێمنی باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێت، بۆ ئەوەی بوارێکی زۆر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بدرێت، تا ئەو پرۆژەو بەرنامانەی هەیەتی جێبەجێی بکات، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو پرۆژە ستراتیژی و گرنگانەی لە بوارە جیاجیاکاندا هەن؛ جێبەجێیان بکات، لەم چوارچێوەیەدا کە ئامانجمان ئەوەبێت بەم ئاراستەیە پێکەوە هەنگاو هەڵبگرین، ئەوا پێویست بەوە دەکات لەگەڵ هەموو ئەو لایەنە سیاسیانە کۆبوونەوە بکەین کە کورسی پەرلەمانیان بەدەست هێناوە، هەروەها لەگەڵ ئەو لایەنانەشی کە نوێنەرایەتی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دەکەن، بۆ ئەوەی زەمینەیەکی ئەوتۆ بڕەخسێت لەبەر رۆشنایی تێکڕای بیربۆچوونەکان نەخشەیەکی رێگە بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم دابڕێژین، لە روانگەی ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە حزبەکانی دیکە، زۆرتر کورسی لە پەرلەمانی کوردستانی بە دەستهێناوەو تەکلیف دەکرێت بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێت، ئەوا لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پارتی لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی پێکهێنرا بۆ ئەوەی سەردانی لایەنە سیاسیەکان بکات، لە یەکێتی نیشتمانی دەستمان پێکردو تا حزبەکانی دیکەش بە حزبەکانی گۆڕان و یەکگرتوو و حزبی شیوعی و کۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامی و سۆسیالیستی کوردستان و حزبە مەسیحیەکان و تورکمانەکان و هەرهەموویان بەسەر کرانەوەو، لە ئاکامی ئەم کۆبوونەوانە کۆمەڵێك بیربۆچوون لای ئێمەش و لای ئەوانیش لەسەر چۆنیەتی بەشداری کردن و چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەت گەڵاڵە بووە، ئێستاش بەرچاو ڕوونییەکی باش لەسەر ئەو بابەتە دروست بووە.

**گوڵان:** لە کۆبوونەوەکانی یەکەمجارتان کە سەردانی هەموو لایەنەکانتان کرد، لە سەرەتاوە خەڵك کە گوێبیستی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکانی دوای کۆبوونەوەکان دەبوون، بەگشتی گەشبین بوون بەوەی لە ماوەیەکی کورتدا پەرلەمان کۆبوونەوەی دووەمی دەکات، بەڵام کە گەیشتنە وردەکارییەکان هەندێك خاوبوونەوە لە دەرئەنجامدا بەدی دەکرێت، بەڕێزتان چۆن باس لەو بەربەستانە دەکەیت کە وای کردووە پرۆسەکە بە هێواشی بچێتە پێشەوە؟

**مەحمود محەمەد:** لە ڕاستیدا وەك ئاستەنگ و بەربەست هیچ جۆرە ئاستەنگێك نەهاتۆتە پێش گفتوگۆكان، بەڵام خودی پێكهێنانی كابینەی هەشتەم جیاوازە لە چاو كابینەكانی پێشووتر، هەربۆیە ئەگەر كاتێكی زیاتریش بخایەنێت هیچ زەرەرێك ناكەین، لەبەرئەوەی ئێمە هەموو لایەكمان دەمانەوێت ئەم كابینەیە هەموو ئەو ئامانجانە بەدیبهێنێت، كە هەموولایەك ئومێدی بۆ دەخوازین، دیارە بۆگەیشتن بەم ئاكامەش، ئەوا پێویستمان بەوەیە لەسەر كۆمەڵێك شت لەگەڵ ئەو حزبانە ڕێكبكەوین، یەك لەوانە بەرنامەی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، بەرنامەی داهاتووی چی دەبێت، چونكە ئەوان كە لە كابینەكە بەشداردەبن و وەزیریان لە وەزارەتەكاندا دەبێت و دەسەڵاتیان پێ ڕادەسپێردرێت، پێویستە جێبەجێكاری ئەو بەرنامەیە بن كە لەسەری پێكەوە ڕێكدەكەوین، هەوڵەكەش بۆ ئەوەیە كە هەموو لایەكمان پێكەوە بەرنامەیەكی ڕێك و پێكی سەردەمیانەمان هەبێت، لەگەڵ ئەمانەشدا ڕەنگە هەندێك گازندەو گلەیی لە حكومەتی هەرێمی كوردستان بكرێت سەبارەت بە مانەوەی دیاردەی دوو ئیدارەیی و پاشماوەكانی كاریگەرییەكانی شەڕی ناوخۆ بۆ ئەوەی چارەسەری ئەوانەش بە شێوەیەكی ڕیشەیی بكرێت، پێویست بەو گفتوگۆیانەو هەروەها پێویستی بەو ماوە زەمەنیە هەیە تا بدرێت بە لیژنەكان و چارەسەری گونجاو بۆ هەر پرسێك بدۆزنەوە.

**گوڵان:** با بێینە سەر باسی پارتی و یەكێتی تا ئێستا هەردوولاتان بە فەرمی ڕایدەگەیەنن بە ڕێكەوتنی ستراتیژی نێوانتانەوە پابەندن و، لە هەمان كاتیشدا هەوڵ بۆ پێكهێنانی هاوپەیمانێتی فراوان دەدەن بۆ پێكهێنانی حكومەتێكی بنكە فراوان، ئایا ڕێكەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەكێتی لەناو ئەو هاوپەیمانیەدا چۆن پێناسە دەكەنەوە؟

**مەحمود محەمەد:** لە ڕاستیدا ڕێكەوتنی ستراتیژی لە هەلومەرجێكدا دروست بووە كە بۆ كوردستان زۆر پێویست بووە، ئەوكاتانەدا پێویست بوو كە ئێمەو یەكێتی لەسەر كۆمەڵێك بابەتی نەتەوەیی و نیشتمانی و سیاسی و پەرلەمانی و حكومەتداری ڕێك بكەوین بۆ ئەوەی بتوانین پێكەوە ئەو قۆناغە دەربازبكەین، لە ناوەڕۆكی ڕێكەوتنەكەشدا ئەمە هاتووەو لە بەندێك لە بەندەكانیدا نووسراوەتەوە تاوەكو دەگەینە قۆناغێكی پێشكەوتووتر لەمەی ئێستا كە لە ئارادایە، ڕێكەوتنی ستراتیژی توانی متمانە لە نێوان هەردوولا پارتی و یەكێتی دروست بكات تا پێكەوە بتوانن كابینەی حكومەت پێكبهێنن و پێكەوە كاربكەن، ئەمە كارێكی ئاسان نەبوو لەدوای دابڕان و دووئیدارەیی، بۆیە ڕێكەوتنی ستراتیژیی كاریگەرییەكی زۆر ئیجابی هەبوو لە دروست كردنی ڕەوتێكی تەندروست بۆ بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە، لەوانەیە بێ كەموكوڕی نەبووبێت، بەڵام بە لای كەمەوە ڕەوتێكی دروست و تەندروست بوو، ئێستاش ئەم ڕێكەوتنە وەك خۆی ماوەتەوە.

بەڵام ئەم هاوپەیمانێتیەی ئێستا دەمانەوێت ئەنجامی بدەین، ئەمە بۆ ئەوەیە كە كابینەی هەشتەم، كابینەیەك بێت ڕەنگدانەوەی دیدو بیروبۆچوونی هەموو حزبەكانی ناو پەرلەمانی تێدا بەدەر بكەوێت، بۆ ئەوەی هەر هەموویان لە چۆنیەتی جێبەجێكردنی ئەم بەرنامەیەدا شەریك بن و خۆیان بە بەرپرسیار بزانن، لەبەر ئەوە ڕێكەوتنی ستراتیژی وەك خۆی دەمێنێتەوەو ئەوەی تری ڕێكخستنەوەی ناوماڵی كوردستانیە، ڕێكەوتنی ستراتیژیش لە ناو ئەو ڕێكخستنەوەیەدا سەنگ و بەهای خۆی هەر دەمێنێت..

**گوڵان:** ئەی ئەو هاوپەیمانێتیەی بۆ پێكهێنانی كابینەی هەشتەم دروستی دەكەن جێی ئەو ڕێكەوتنەی نێوان پارتی و یەكێتی ناگرێتەوە؟

**مەحمود محەمەد:** ئێمە هیچ هاوپەیمانێتیەك بەو مانایە دروست ناكەین، بەڵكو لەسەر بەرنامەیەك ڕێكدەكەوین كە بۆ چوار ساڵ و بۆ دروست كردنی كابینەو پێكەوە كاركردنە تا ئەم وڵاتە بەڕێوەبەرین، ئەمەش واتە ئەم هاوپەیمانیە جێگەی ڕێككەوتنی ستراتیژی ناگرێتەوە، بەڵكو دەتوانین بڵێین ڕێكەوتنێكی نێوان لایەنەكانە كە دەیانەوێت كابینەی هەشتەم پێكبهێنن تا پێكەوە بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئیدارەی ئەم وڵاتە بكەن..

**گوڵان:** ئەوەی تا ئێستا لایەنەكان لەسەری پێكهاتوون كاندیدكردنی كاك نێچیرڤان بارزانی یە كە پارتی كاندیدی كردووەو هەمووان ڕازین بەوەی وەك سەرۆكی كابینەكە بێت، بەڵام دابەشكردنی پۆستەكانی تر لەوانەیە لە كۆبوونەوەكان باس كرابن، دەتوانیت سیمایەكی گشتیمان بۆ باس بكەیت لەسەر دابەشكردنی پۆستەكانی تر، بە تایبەتی سەرۆكی پەرلەمان و جێگرەكانی و جێگری سەرۆكی حكومەت و پۆستە سیادیەكانی تر؟

**مەحمود محەمەد:** لە ڕاستیدا لەسەرئەم پۆستانە هێشتا نەچووینەتە ناو وردەكارییەكانی ئەو گفتوگۆیانەوە، چونكە ئەمانە هەندێكیان دەكەونە دوای ئەوەی بەرنامەی حكومەت و یەكخستنی دیدو بۆچوونی لایەنەكان كە هەیانە بۆ كابینەو دوای ئەوە چۆنیەتی ئەو دابەشكردنەی لایەنەكان هەیانە بۆ وەزارەتەكان و پۆستەكانی تر دێنە پێشەوە، ئەوەی كە دیارە، سەبارەت بە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، پارتی دیموكراتی كوردستان و لایەنەكانیش دیارییان كردووە كە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەم چوار ساڵەی داهاتوو كابینەكە بەڕێوە دەبات، سەرۆكی پەرلەمان و جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و پۆستەكانی دیكە، بە پێی ئەو پێوەرانە دەبێت كە دیاری دەكرێن و ڕێكەوتنی لەسەر دەكرێت،لە ئێستاشدا ماوەتەوە سەر ئەوەی كۆبوونەوەی كۆتایی بكرێت سەرەتا لەگەڵ یەكێتی نیشتمانی دەستپێدەكاتەوە، دوای ئەوە لەگەڵ لایەنەكانی تر تا دواجار ئەم بابەتە ڕابگەیەنرێت، بۆ ئەوەی دواتر ئیشەكانی تری كە پێویستە پەرلەمان ئەنجامی بدات جێبەجێ بكرێت، وەك هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆكایەتی، بەفەرمی دەسنیشانكردنی كاندید بۆ پێكهێنانی حكومەت كە دوای ئەمە سەرۆكی هەرێمی كوردستان بە فەرمی رایدەسپێرێت. بۆ ئەمەش ئێمە وەك پارتی دیموكراتی كوردستان حەزمان دەكرد بۆ سەری ساڵ ئەم بابەتە بە ئەنجام بگەیشتایە ئێستاش بە ئومێدی ئەوەین تا سەری ساڵ كۆبوونەوەیەكی

**كورد لە ساڵی ٢٠٠٣- وە خەریكی ئەوە بوو كە ڕێگەیەكی دەستووری بۆ كێشەكانی دوور لە شەڕ دابنرێت، وابوو لە پرۆژەی كاتیی نووسینی دەستووری كاتی لە ماددەی ٥٨ مافەكانی رەنگی پێدرایەوە دواتر بە (ماددەی ١٤٠) هاتە ناو دەستووری هەمیشەیی عیراق و لایەنەكان دانیان پێدا نا**

**سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ ئامەد ڕووداوێكی مێژوویی بوو تەنیا ئەوە نەبوو سەردانێک بووبێت بە جلی كوردییەوە بۆ ئامەد، بەڵكو كۆمەڵێک دەسكەوتی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەمە بۆ ئێمەی كورد گەلێ گرنگ بوو،چونكە چەند كوردستانی توركیا نزیک بێتەوە لە مافەكانی خۆی، ڕەوشی كوردستانی عیراقیش ئاڵوگۆڕی بەسەرداديێت**

**هەتا ئەو کاتەی بورهان غەلیون سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بوو،دوای ئەویش سەیدا بووەتە سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، سەرۆک بارزانی لە پێوەندیی راستەوخۆ بوو تا لە ئێستاوە هەندێ بابەت هەیە بۆ کورد لەناو ئۆپۆزسیۆندا دانی پێدابنرێت**

**کابینەی هەشتەم کابینەی سەرتاسەری کوردستان دەبێت لە هەموو بوارەکانەوە لە ڕووی دارایی و هێزی ناوخۆو پێشمەرگەو لە ڕووی پێوەندییەکانیشەوە، ئەمانە یەکێکن لەو خاڵە گرنگانەی بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی بەلایەوە گرنگە**

پەرلەمان ئەنجام بدرێت، سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرێت و کارە یاسـاییەکانی کە پێویسـتن بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم ئەنجام بدرێن.

**گوڵان:** سەبارەت بە گەڵاڵە کردنی بەرنامەی کابینەی هەشتەم ، ئایا ئەم بەرنامەیە لەسـەر بەرنامـەی پارتی دیموکراتی گەڵاڵـە دەکرێـت و دەوڵەمەند دەکرێت، یـان لیژنەیەك بۆ گەڵاڵەکردنی بەرنامەی تازە پێکهێنراوە؟

**مەحمود محەمەد:** لە ڕاسـتیدا لەگـەڵ هەموو لایەنەکان لەسـەر ئەو بابەتە گفتوگۆکراوەو دوو ڕا هەبوون یەکەمیان ئەوەیـە: کـە لیژنەیەك لە هەمـوو لایەنـەکان پێکبێت و بەرنامەیەك بنووسـرێت، ڕای دووەمیش ئەوەیە مادام پارتی دیموکراتی کوردسـتان بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی کاندید کردووە بۆ ئەو پۆسـتە ئەوا دەکرێت بەڕێز نێچیرڤان بارزانی خۆی بەرنامەیەك ئامادەبکات و پاشان ئەو بەرنامەیە بدرێتە هەموو ئەو لایەنانەی بە نیازی بەشـداربوونن لە کابینەکە، ئەوەی جێی باس بێت ئەوەیە زۆربەی زۆری لایەنەکان دیدو بۆچوونەکانیان بۆ بەرنامەکە ناردووە، کەوتۆتە بەردەستی ئەو لیژنەیـەی بەرنامەکە ئامادە دەکات تا دیدو بۆچوونی ئەوان لەگەڵ دیدو بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستان تێکەڵاو بکرێت بـۆ ئەوەی بەرنامەی هاوبەش دیـاری بکرێت، ئەم بەرنامەیە دوای ئەوەی تەواو بوو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت بۆ ئـەوەی هەر تێبینیەکی دیکە ئەگـەر هەبێت لەبەرچاو بگیرێت.

**گوڵان:** ئێسـتا ئێوە لە هەوڵـی پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراواندان، ئایا ئەمە دوایەمین ڕێگەچارەیە یان ئەلتەرناتیڤی دیکەش لە ئارادایە،بۆ نموونە ئەگەر لەگەڵ دوو لایەنی ناو پرۆسـەکە نەگەیشتنە دەرئەنجامێك، ئایا پەنا بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە و کەمینە دەبەن؟

**مەحمود محەمەد:** هەوڵی ئێمە لەم دانوسـتاندندا بۆ ئەوەیە هەمـوو لایەنەکان بەشـداربن بێ ئاوارتە، بـەڵام ئەمەش پرۆسـەی ڕێکەوتنە، ئاخۆ لەگەڵ چەنـد لایەن دەگەینە ڕەشنووسـی کۆتایی بەرنامەکەو لەسەر بابەتی دابەشکردنی ئەو پۆسـتانەی کـە هەیە بۆ خۆی، ئەمـە دەمێنێتەوە بۆ پاشتری  دیدارەکان و قسـەی لەسەر دەکەین.. سەبارەت بە مەفهومی حکومەتی بنکـە فراوانیش ئەوەیە چەند کیانی سیاسیی لەبەر ڕۆشـنایی ئاکامی هەڵبژاردن بەشداری لە پەرلەمانی کوردسـتان دەکات، لەوانە پێنج کیانی سیاسـی کورسـی زیادیان هێناوە چەند کیانێکیش تایبەتە بە تورکمان و کلـدۆ ئاشـوور کە کورسـی بەرچاویان هێنـاوە، چەند لایەنێکی کوردسـتانیش کورسییەکانیان کەمە کەواتە، ئەوجا لەم حاڵەتە ئەگەر کیانێکی سیاسـی لەبەر هەرهۆیەك پێی وابێت دیدوبۆچوونەکانی ئەو کەمتر لە بەرنامەی حکومەت ڕەنگیداوەتەوەو بەشـداری نەکات ئەوە شتێکی ئاساییەو ئەو کاتەش هەر حکومەتی بنکە فراوان دەبێت، چونکە زۆربەی زۆری لایەنەکان بەشدارییان کردووە.

**گوڵان:** ئێوە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمجارەش هەر بەڕێز نێچیرڤان بارزانیتان بۆ سەرۆکایەتی حکومەت کاندید کردۆتەوە، بەڵام وەك خۆشـت ئامـاژەت پێکرد، پێکهێنانی کابینەی هەشـتەم جیاوازە لە کابینەکانی پێشـتر و بەڕێز نێچیرڤـان بارزانیش بەوە ناسـراوە بڕیاری قورس و گرنگ دەدات، ئەمەش پێویسـتی بە حکومەتیکی بەهێز هەیە، ئایا پێت وایە لە حکومەتی بنکە فراواندا ئەم ژینگەیە دروسـت دەبێت؟!

**مەحمود محەمەد:** لە ڕاستیدا ئەو ئەزموونەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەیەتی وەك کەسێك کە شارەزایی باشی لە هونەری بەڕێوەبردنی وڵات و چۆنیەتی پێوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەرو وڵاتانـی دەرەوە پەیدا کردووە، وەك کەسـێکی تەکنۆکراتیی بە ئەزموون لـە پیڕەوکردنی کاری حوکمڕانی بۆ ئەو ئەرکە قورسـانەی کە پێی سـپێردراوە، بۆیە تێیدا ڕا دەبینرێت کە بتوانێت ئەم ئەرکە بە شێوەیەکی زۆر باش ئەنجام بدات، بەڵام دیارە مەبەسـتی پرسـیارەکەی بەڕێزتان ئەوەیە ئایا دەکرێت لـە حکومەتێکی بنکە فراوانی وەهـادا بڕیار بۆ کۆمەڵێك خاڵـی زۆر هەسـتیار بدرێت لە تەك دیـدو بۆچوونی زۆر جیاواز کە لە ئارادا هەبن؟ ئەوەی جێی خۆشـحاڵییە لەسەر زۆربەی بابەتە هەسـتیارەکان کە پێوەنـدی بە بابەتی وزەوە هەیە یان پێوەندی بە بابەتەکانی نەتەوەیی و نیشتمانیەوەیە، یان پێوەندی بە کێشـەکانی نێوان ئێمەو حکومەتی ناوەندی عیراقەوەیـە، تەنانەت ئەوەی پێوەندی بە پێوەندییەکانی ئێمە لەگـەڵ وڵاتانی تردا هەیە، یان لەگـەڵ لایەنەکانی تری سیاسی بەشدار لە ناو پرۆسە سیاسییەکەدا زۆر لەیەکتر دوور نین، لەوانە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردن و چارەسەری هەندێك بابەت، لەوانەیـە هەندێك جیاوازی هەبێت بەڵام لێکنزیکین، لەلایەکی دیکەش دروشـمی ئەم کابینەیە، دروشمێك دەبێت بۆ دامەزراندنی دامـودەزگاکان، توندوتۆڵکردنی بنچینەیی دامودەزگاکانـی حکومەتییـە، کەواتـە دامودەزگاکانیش بە پێی ڕێسـاو یاسـا بەڕێوەدەچن، بۆ هەرشتێك لەوانەی باسـم کردن یان ڕێساو یاسـای خۆی هەیە یان دەبێت بۆی دابنرێت، ئینجا ئەو کاتە بەربەسـت دروست نابێت ، کەواتە هەر دەزگایەك کە پێویسـتی بەوە بێـت تازە دابمەزرێت یان پێویسـتی بە چاککردنی هەبێت تا بە شێوازێکی کاراو کراوە بتوانێت کارەکانی بکات بتوانرێت یاسای بۆ دابنرێت یان  تا بتوانرێت کارەکان بەو شێوەیە ئەنجام بدات کە ئێستا پێویستن بە گوێرەی ئەم سـەردەمەو بە گوێرەی پێویسـتیی ڕۆحی سـەردەم بە گوێرەی پێویستی بۆ باشترکردنی بەڕێوەچوونی حکومەتی هەرێم داڕێژرێت.

**گـوڵان:** تۆ وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسـیی و ئەندامی شاندی دانوستاندی پارتیت بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم، بیگومان دەزانن دیدو بۆچوونی نێچیرڤان بارزانی بۆ کابینەی هەشتەم تا رادەیەکی زۆر چۆنە،ئایا لە دید و بۆچوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ کابینەی هەشتەم چی دەخوێنێتەوە؟

**مەحمود محەمەد:** ئەوەی ئەو دەیەوێت هەمان ئەو ویستەیە کە پارتی دیموکراتی کوردسـتان و لایەنەکانی تریش دەیانەوێت، چونکە بەرنامەی سـەرەکی کابینەی هەشتەم بریتی دەبێت لـە دامەزراندنی بنچینەکانی حکومەتی موئەسەسـاتی و

پڕکردنەوەی هەموو ئەو کەلێنانەی دیکە دەبێت کە لە دوو ئیدارەیی ماونەتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کابینەی هەشتەم کابینەی سەرتاسەری کوردستان دەبێت لە هەموو بوارەکانەوە لە ڕووی دارایی و هێزی ناوخۆو پێشمەرگەو لە ڕووی پێوەندییەکانیشەوە، ئەمانە یەکێکن لەو خاڵە گرنگانەی بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی بەلایەوە گرنگە، ئەوانی تریش دابین کردنی کەشوهەوایەك و سەقامگیرییەکە لە کوردستاندا تا پەرلەمانی کوردستان بتوانێت بڕیاری باش و یاسای باش دەربچوێنێت کە پێویستی ئەم سەردەمەی ئێستای کوردستان بێت و هاوکاری باش بێت. لایەنێکی دیکە کە من ئاگادارم ئەوەیە کە بەڕێزی هەر لەئێستاوە هانی ئەندام پەرلەمانەکانی داوە زۆر بە جدییەتەوە بەدواداچوون لەسەر جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە لە لایەن پەرلەمان دەرچوون وهەروەها بۆ بەدواداچوون لەسەر ئیشوکاری حکومەت بکەن، ئەمەی لە کۆبوونەوەیەکدا بە ئەندام پەرلەمانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاندووە، پێی وتن ئێوە دەبێت ڕۆڵی خۆتان لەبیر نەچێت کە بە تەنیا ڕۆڵتان لە دروست کردنی یاسادا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو ڕۆڵێکی چاودێریکاریتان هەیە بۆ بەدواداچوون بە شێوازێکی سەردەمیانە بۆ ڕێنیشاندانی ئیشوکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەواتە لێکنزیك خستنەوەی لایەنەکان و هاوکاری کردنیان و دامەزراندنی بنچینەکانی کاری موئەسەساتی ئەمە کۆمەڵێك ئەرکن کە ئەم هەڤاڵەمان دەیەوێت لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا لە ناو حکومەتدا بە شێوەیەك دابڕێژرێت کە بۆ ئایندەش بە شێوازێك بمێنێتەوە بتوانرێت بوترێت کاری حوکمداری بەو شێوازە بووە کە لەگەڵ سەردەمی ئێستاو لەگەڵ تێگەیشتنی لە هەموو ڕووەکانەوە بگونجێت.

**گولان:** لە سەروبەندی ئەوەدا ئێوە خەریکن لەگەڵ حزبەکاندا وتووێژدەکەن، جووڵەیەکی ژنان دروست بووە لەسەر بەشدارپێکردنیان لە حکومەت ئاخۆ ئەم جارەش کاندیدی ئافرەتتان بۆ حکومەت نابێت ؟ ئایا وەزیرەکانی ئەم کابینەش هەر پیاو دەبن یان چەند ژنێکیشی تێدا دەبێت؟

**مەحمود محەمەد:** کێ دەڵێت پارتی کاندیدی نابێت، بە پێچەوانەوە ئێمەش لەگەڵ ئەوەین وەك پارتی چەند کاندیدێکی ئافرەت هەبن، بەڵام تا ئێستا بۆ ئێمە وەك پارتی ساغ نەبۆتەوە چەند وەزارەت بەر ئێمەیش دەکەوێت، وا لە گفتوگۆدایین لەگەڵ هەموو لایەنەکانداو چاوەڕوانی بڕیاری ئەوانیشین و جۆری وەزارەتەکانیش دیاری نەکراوە، بەڵام لە ڕووی مەبدەئیەوە لەگەڵ ئەوەین دەبێت ئافرەت بەشدار بێت لە پێکهێنانی کابینەکەدا، چونکە بەشدارییان هاندەرێکە بۆ ئەوەی زیاتر ئافرەت هەم لە کاری سیاسی و هەم لە کاری ئیداری زیاتر بچێتە پێشەوە، بە خۆشحاڵیەوە دەیڵێم لە کوردستانیش ئافرەتی زۆر شیاوو بە توانامان هەیە، پێگەیشتون و ئێستا دەزانن چۆن ئیدارەی دەزگایەکی زۆر گەورە بکەن، لەوەدا ناتوانین بڵێین هەژارین و کەسمان نییە، ئەم بیانووە نەماوە، هەوڵ دەدەین وەك پارتی ئافرەتمان بۆ ئەو پۆستانە هەبێت و لەو بوارەشدا ڕۆڵی شیاوی خۆیان وەربگرن، بێجگە لەمەش ئەگەر ئاوڕێك لە ڕابردوو بدەینەوە دەبینین کاك نێچیرڤان بارزانی وەك خۆی، چەند پشتیوان بووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ئافرەت هەیەتی، چەند پشتیوان بووە بۆ ئەوەی ئەو ئاستەنگانەی لەبەردەم هاتنە پێشەوەی ئافرەتدا هەبوون هەڵیانبگرێت و ڕێوشوێنی یاسایی و موئەسەساتی بۆ دابنێت تا چارەسەر بکرێن، ئێمە لێرەدا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە خودی بەڕێز نێچیرڤان بارزانیش حەزو قەناعەتی بەوەیە ئافرەت ڕۆڵ ببینێت و کە بتوانێت ڕۆڵەکەی گرنگ بێت لە ناو کۆمەڵگەی کوردستانی و لە ناو ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان و لە ناو کابینەدا شان بە شانی پیاوو لە پیاویش کەمتر نەبێت.

**گولان:** لایەنێکی دیکە کە دەمانەوێت باسی بکەین، مەسەلەی هەرێمی کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستانە، ئێستا لەم هاوکێشەیەدا شەخسی سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان وەك حزبی سەرەکی لە ناوچەکە، ڕووبەڕووی ئەرکێکی گەورە بوونەتەوە، هەتا ئێستا توانیوتانە هۆکاریکی باش بن بۆ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، هەروەها سەردانی سەرۆکی کوردستان بۆ ئامەد وەرچەرخانێکی نەوعی بوو، بەردەوامیش پێوەندیتان لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی باکووروئەندام پەرلەمانە کوردەکانی پەرلەمانی تورکیا هەیە، ئایا تا چەند پارتی شانی داوەتە بەر ئەم ئەرکە نەتەوەییە؟

**مەحمود محەمەد:** ناچارین دیسان ئاوڕێك لە رابردوو بدەینەوە، چ لەسەردەمی بارزانیی نەمرو پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵانی پێشوو، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ کۆنگرەکانی پارتی، لەبەرئەوەی لەو مێژووەدا روانگەی پارتی و بارزانیی نەمر دیاربووە لەسەر مافی هاونیشتمانیبوون و هاوزمانەکانمان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان،زۆریش بە راشکاوی لە هەموو پەیڕەوو پرۆگرامەکاندا باسمان لەوە کردووە کە کوردستان پارچەپارچەکراوە، هەرگیز ئەوەمان نەشاردۆتەوە هەروەها هەوڵیشمانداوە لە ناو خەڵکیشدا وەکو تێگەیشتنێك بەردەوام هەبێت.

کەواتە مەسەلەی دابەشکردنی کوردستان بۆ چوار پارچە ئەمە واقیعێکە، لە هەر چوار پارچەکەدا مافەکانمان پێشێلکرابوو. لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ هەتا ئێستا لە باشووری کوردستان کۆمەڵێك دەسکەوتی گرنگ بەدەست هاتوون و ئومێدی زیاتریش دەکرێت، لە پارچەکانی دیکەش جووڵەیەك دروست بووە کە دەکرێت بڵێین سەرەتای دەستپێکردنە بۆ بەدیهێنانی دەسکەوت لەو بەشانەی دیکەشدا

لەناو ئەم هاوکێشەیەدا جێگەی خۆشحاڵییە،سەرۆك مسعود بارزانی وەکو پێشمەرگەیەك باوەڕی بە مافی نەتەوەکەی و مافی هەموو نەتەوەکانی دیکە هەیە،باوەڕی بە پێکەوە ژیانی ئایینی ونەتەوەیی هەیە، باوەڕی بەوە هەیە کە گەلی کورد لەهەموو پارچەکاندا مافەکانیان بەدەست بێننەوەو هەوڵی جددیش لەم ڕووەوە دەدات، لە چاوپێکەوتن و دانیشتنەکانیدا لەگەڵ لایەنەکانی کە پێویستە قسە لەسەر ئەم بابەتە بکرێت و کردوویەتی، چ لەگەڵ تورکیا یان لەگەڵ ئێران و

**پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنەکانیش دیارییان کردووە کەبەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەم چوار ساڵەی داهاتوو کابینەکە بەڕێوە دەبات، سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و پۆستەکانی دیکە، بە پێی ئەو پێوەرانە دەبێت کە دیاری دەکرێن و ڕێکەوتنی لەسەر دەکرێت**

**لە ڕووی مەبدەئیەوە لەگەڵ ئەوەین دەبێت ئافرەت بەشدار بێت لە پێکهێنانی کابینەکەدا، چونکە بەشدارییان هاندەرێکە بۆ ئەوەی زیاتر ئافرەت هەم لە کاری سیاسی و هەم لە کاری ئیداری زیاتر بچێتە پێشەوە**

**برادەرانی ئێمە لە کەرکوک بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان وتووە ئێوە سەرۆکی لیست بن، بەڵام کە سەرۆکی لیست دادەنرێ بۆ هەموو لیستەکەیە،نابێ تەنیا سەرۆکی یەک لایەن بێت، دەبێ هەموو لایەنەکان پێی رازی بن**

**ڕێکەوتنی ستراتیژیی کاریگەرییەکی زۆر ئیجابی هەبوو لە دروست کردنی ڕەوتێکی تەندروست بۆ بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە، لەوانەیە بێ کەموکوڕی نەبوویێت، بەڵام بە لای کەمەوە ڕەوتێکی دروست وتەندروست بوو، ئێستاش ئەم ڕێکەوتنە وەک خۆی ماوەتەوە**

**ئێمە مەترسییەک نین بۆ سەر دەسەڵاتی شیعە، بە پێچەوانەوە لاوازیی ئێمە کاریگەرییەکی نێگەتیڤ دەبێت بۆ دەسەڵاتی ئەوان،چونکە ئەوەمان لەبیرنەچێت لەرووی مەزهەبییەوە ئێمە لە لایەکەی دیکەوە نزیکترین**

کاتی خۆیشی هەتا لەگەڵ سوریا، هەروەها لەگەڵ حزبە کوردستانییەکان ئەم بابەتە باسکراوە، بۆیە رۆڵی سەرۆك بارزانی لە بواری نەتەوەیی دیارو بەرچاوەو ئەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێت، مەسەلەی کوردستانی باکوورو سەردانی ئەم دواییەی بۆ ئامەد، بەراستی سەردانەکەی سەردانێکی مێژوویی بوو، سەردانێك بوو کە کۆمەڵێك دەستکەوتی بەدوادا هات، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و تورکیاش ئەم سەردانە بە گرنگ و مێژووی لە قەڵەمدرا.

سەرۆك بارزانی وای کرد کە لەگەڵ چوونی ئەو و دوای ئەویش وشەی (کوردستان) قەدەغەی لەسەر هەڵبگیرێت لە تورکیا، سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە ناو پەرلەمانی تورکیا ناچار بوو بڵێت

تەماشای وتوێژو پرۆتۆکۆلی تورکیا بکەن لەسەردەمی کۆن و ئەتاتورکدا بۆ ئەوەی کە بزانن وشەی (کوردستان) بەکارهاتووە یان نا، کەواتە سەردانی سەرۆك بۆ ئامەد بووە هۆکاری ئەوەی بەفەرمی و لەسەر ئاستی دانپێدانانی دەوڵەتی تورکیا وشەی کوردستان قەدەغەی لەسەر هەڵبگیرێت، بۆیە ،ئێستاش زۆر بە سادەیی خەڵك ناوی کوردستان دێنێت ولە چاوپێکەوتنەکانی تەلەفزیۆنیشدا ئەم بابەتە رەنگی دایەوە، بابێینە سەر مەسەلەی ئاڵای کوردستان، چەند رۆژێك پێش ئێستا رۆژی ئاڵای کوردستان بەرێوەچوو، چۆن لە باشووری کوردستان بایەخی پێدراو بەرز راگیرا، بەهەمان شێوە لەزۆربەی شارەکانی باکووریشدا بایەخیان پێداو بەرز راگیرا، بۆیە لەم رووەوە سەردانی سەرۆك بۆ ئامەد رووداوێکی مێژوویی بوو تەنیا ئەوە نەبوو سەردانێك بوویێت بە جلی کوردییەوە بۆ ئامەد، بەڵکو کۆمەڵێك دەسکەوتی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەمە بۆ ئێمەی کورد گەلێ گرنگ بوو،چونکە چەند کوردستانی تورکیا نزیك بێتەوە لە مافەکانی خۆی، رەوشی کوردستانی عیراقیش ئاڵوگۆڕی بەسەردادێت، بەهەمان شێوە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش،کاریگەریی راستەوخۆی بۆسەر ئێرە و کوردستانی سوریاو ئێرانیش هەیە،بۆیە پێمانوایە ئەمە هەنگاوێکە بۆ ئەوەی کورد لەهەموو پارچەکان بگەن بەو مافانەی لێیان زەوتکراوە.

**گوڵان:** ماوەیەك پێش ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ پەیەدە جۆرێك لێکتێنەگەیشتن لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام ماوەیەکە باس لەوە دەکرێت لایەنەکانی رۆژئاوا بە پەیەدەشەوە ئامادەن لەگەڵ پارتی دابنیشن و لێکتێگەیشتنیك دروست بکەن، ئایا دەکرێت باسی وردەکاریی ئەم پرسەمان بۆ بکەیت؟

**مەحمود محەمەد:** من جارێ باسی بڵاوبوونەوەی هەندێ هەواڵی چەواشە دەکەم کە لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆك بارزانی بڵاو دەبێتەوە، بەوەی گوایە ئێمە دژی ئەو ئیدارەیەین کە لە رۆژئاوای کوردستان درووست بووە، ئەمە هیچ بنەمایەکی نییە بەڵکوهەوڵەکانی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەبوو کە لە کوردستانی رۆژئاوا ئەزموونی ئێمەی کوردستانی باشوور لەسەرەتاوە دەست پێنەکاتەوە، راشکاوانەتر لە ئاکامە باشەکانی ئەزموونی ئێمەوە دەست پێبکەن، هەر بۆنموونە:

یەکەم:کێشەی ناوخۆیی وەلابنێن.

دووەم: یەکتر قبوڵکردن و پێکەوە ئیشکردن هەبێت.

سێیەم: هەوڵ نەدەن،یان لایەنەکانی دیکە هەوڵ نەدەن کوردستان ببێتە گۆڕەپانی شەڕو پێکدادان.

ئەمە ئەو خاڵانە بوون کە سەرۆك بارزانی بە هەموو لایەنەکانی کوردستانی رۆژئاوای وتووە بە(پەیەدە) شەوە،هەروەها هەوڵدراوە رێکیان بخەین، لەبەر ئەوەی حزبیان زۆرەو پەرت وبڵاون، ئەوەبوو لە هەولێر کۆبوونەوەیەك کراو لێرە بەسەرپەشتی خودی جەنابی سەرۆك بارزانی رێککەوتنێك ئیمزاکراو ناوی نرا( رێککەوتنی هەولێر) ،لەم رێککەوتنە کۆمەڵێك خاڵی زۆر باشی تێدایە بۆ پێکەوە کارکردن و یەکتر قبوڵکردن، هەروەها چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ دراوسێکانیان و رژێمی سوریا و ئۆپۆزسیۆن، بەڵام لە کوردستانی سوریا پەیەدە وەکو ئەوەی کە لێرە لەسەری رێککەوتبوون نەجووڵایەوە، بەڵکو هەوڵیدا دەست بەسەر هەموو جومگەکانی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتدا بگرێت و بیسەپێنێت بەسەر هەموو ئەو شوێنانەی کە کوردیان تێدایە،ئەمە وای کرد کە لەنێوخۆیاندا کێشە پەیدا ببێت تا گەیشتە ئەوەی هەندێ کەس بگیرێت،تەنانەت دەستی تیرۆر گەیشتە ناو خاکی کوردستانی سوریاو هەوڵدرا بەشێك لە شەڕی ئەوێ بگوازنەوە بۆ کوردستان، بە راستی ئێمە لەو سیاسەتەی راکێشانی دەستی شەڕ بۆ ناو کوردستانی رۆژئاوا نارازی بووین، هەتا لایەنەکانی زۆری ئەوێش بەرامبەر ئەو سیاسەتە نارازی بوون، ئەمەمان لەگەڵ باسکردن، بەداخەوە پەیەدە ئەوەندە زۆر بەدەم بانگەوازوجەختکردنەوەی هەموولایەنەکان نەهات لەسەر جێبەجێکردنی رێککەوتنی هەولێر، تەنانەت پێیانوابوو کە ئەوان پێویستیان بە هیچ نییە، ئەمە لەکاتێکدا باشووری کوردستانی ئەوەندەی لەدەستی هاتبێت بۆ یارمەتیدان و هاوکاریکردن و ناساندن و رێ خۆشکردن بۆ رۆژئاوا ئەنجامیداوە،هەر سەرەتا سەرۆك مسعود بارزانی بوو هەوڵیدا تا ئەوان لە چەندین کۆڕو کۆبوونەوە بەشداربن و لەچەند شوێنی دنیادا چاویان بە سەرکردەی حزبەکانی کوردستانی رۆژئاوا بکەوێت،ئەمە هەوڵێك بوو بۆ ئەوەی زەمینەیان بۆ خۆش بکەن زیاتر بچنە نێوپرۆسەی سیاسی و بەشدارییان پێبکرێت لە پرۆسە سیاسییەکەدا،هەتا کە ئەو کاتە بورهان غەلیون سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بوو،دوای ئەویش سەیدا بووە سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، سەرۆك بارزانی لە پێوەندیی راستەوخۆ بوو کە لە ئێستاوە هەندێ بابەت هەیە لەناو ئۆپۆزسیۆندا دانی پێدابنرێت، نموونەی رێککەوتنەکەی ئۆپۆزسیۆنی سەلاحەددینی خۆمانی دەهێنایەوە ئەوەی کە لە لوبنان و لە لەندەن کردبوومان لە پێش رووخانی رژێم،هەتا ئەگەر لایەنێك هەبوویێت پێی خۆش بوویێت کە رژێمی سوریا دەتوانێت هەندێ شت بکات، پارتی ئەمەشی پێناخۆش نەبوو، بۆچوونی پارتی بەو جۆرە بوو با رژێمی سوریا بە فەرمی بیکات،بۆ ئەوەی ببێتە




بەڵگەنامەیەك،چۆن ئەوەی کە ساڵی ١٩٧٠ رژێمی بەعس لەژێر گوشـــاری پێشمەرگەو پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی هەموو کوردســـتان ناچاربوو دان بە ئۆتۆنۆمی بنێت لە کوردستان لەدوای چوارساڵیش کە لێشی پەشیمان بووەوە، بەڵام نەیتوانی ئەو بەڵگەنامەیە بە یەکجاری هەڵوەشێنێتەوە، بۆیە ســـاڵی نەوەدویەك کە راپەڕین کرا لەسەر بنەمای ئەو بەڵگەنامەیەش ئەوان دەیانویســـت پەرە بە بەناوەڕۆکی ئەو بەڵگەنامەیە بدرێت و بەرەو پێشـــەوەی بەرن،کەواتە شـــتێك هەیـــە لای ئێمە کە وەکو ئەزموون دەمانویســـت بە ئەوانی بڵێیـــن، بەڵام ئەوان زۆرگوێڕایەڵی ئەم بابەتانە نەبوون، تاکو ئەو ئەزموونانە بۆ خۆیان بەکاربێنن و ســـوودی لێوەربگرن، دواتر لەبەر حوکمی ئەو تێکەڵییەی کە هەمانە، هەم لەرووی ســـنوور و هەم لەرووی نەتەوایەتی و سیاســـییەوە،لەوانەیە کۆمەڵێـــك لایـــەن هەبـــن نارەزاییەکانیان بێننـــە ئێرە،بۆیە دەبـــێ بە دەم ئـــەو نارەزاییانەوە بچین و چارەســـەریان بۆ بدۆزینەوە،بۆیە خۆشـــبەختانە لەم چەند رۆژە دانیشـــتن و کۆبوونەوە هەیە بۆ چارەســـەرکردنی ئەم کێشانە و هەرچەندە من لە شاندی دانوســـتاندنی ئەوێ نیم،بەڵام وەکو زانیومە خەریکە رێکدەکەون لەسەر نوێنەرایەتیی کورد بۆ کۆنگرەی جنێڤ٢ بە رەزامەندیی هەموو لایەنەکان دیاری بکرێت،نەك لایەنێك خۆی بەهەموو شـــتێك بزانێـــت و لایەنەکانی دیکە پەراوێزبکات،ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێ کوردســـتانی رۆژئاوا هەندێ بەڵگەنامە بە ئۆپۆزسیۆن یان بە رژێم ئیمزابکات بۆ ئـــەوەی دیاربێ چی دەکەن،چونکە هەندێ شت لەسەر زەوی روویدا بۆ نموونە لە تەلکۆچەروئەو شـــوێنانە کە گومان دروست دەکات و ئێمەش نیگەرانین بەو گومانانە.

**گـــوڵان:** ئایا تاچەنـــد ئەم لێکتێکەیشـــتنەی نێوان پەیەدە و پارتـــی، هەروەهـــا پەکەکە و پارتـــی، زەمینەیەکی نوێ دەرەخســـێنێتەوە بۆ گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی، کە ئێستا بۆ کاتی نادیار دواخراوە؟

**مەحمـــود محەمـــەد:** رۆژی ٢٠١٣/١٢/١٩ لیژنـــەی ئامادەکاری کۆبوونەوەی هەبوو بۆ ئامادەکارییەکان و رەنگە ئەگەر لەپێشـــدا هەندێ لێکحاڵینەبوون هەبووبێت لەســـەر بابەتەکان،زۆر بە ئاسانتر ئێستا خەریکە گفتوگۆ دەکەن،لیژنەی ئامادەکاریش خەریکی دارشـــتنی بەرنامەکانیەتی،پێویستە ئێمە بە شـــێوەیەك ئەم کۆنگرەیە ببەســـتین،کە دەوڵەتەکانی دەوروبەری ئێمە هەستیارنەکەین بەرامبەر بەو حزبانە و وایان لێ نەکەین لەدژیان بوەســـتن،کە ئەمەش گرنگە، لەلایەکی دیکەوە واقعی ئێستای خەبات بۆبەدەستهێنانەوەی مافەکان دەبێ لەبەرچاوبگیرێت،ئەم واقعە لەگەڵ ساڵانی هەشتاکان ونـــەوەدەکان جیاوازە،کەواتە لە ناوەنـــدە دەوڵەتییەکان و لەو شوێنانەی کە کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی بڕیار هەیە بۆ ئەوەی چۆن ئەو ناوچەیە بەرێوەبچێت،پێویست بەوەدەکات خوێندنەوەی تەندروســـت و راستمان هەبێت بۆ ئەوەی ئێستا شـــێوازی خەبات بەو شـــێوەیە بێت کەلای ئەوانیش پەسند بێت.

**بەشێک لەوانەی لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدارن، عەقڵییەتیان هەمان ئەو عەقڵییەتەیە کە دەبێ لە عیراق هەموو شتێک هی عەرەب بێت،وا مەزندە دەکەن ئەگەر بوترێت هەموو شتێک هی کوردو عەرەب پێکەوەیە، ئەوان نیشتمانی عەرەبییان لێ بچووک بۆتەوە هاووڵاتی عەرەبییان لێ کەمبۆتەوەو غەدرێک لە عەرەب کراوە**

**گوڵان:** مەسەلەی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان مەسەلەیەکی تا دوا رادە گرنگە، ئێستا ئەم پەیوەندییانە زۆر ئاڵۆزن و جۆرێك لێکتێنەگەیشتن لەنێوان هاوپەیمانیی کوردستانی و لیستی دەوڵەتی یاسا و شەخسی نوری مالیکی و حکومەتی عیراق هەیە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئێوە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان چ ئومێدێکتان بەوە ماوە کێشەکانی هەولێر و بەغدا بە دیالۆگ و لەرێگەی لیژنە و لیژنەکارییەوە چارەسەر بکرێت؟

**مەحمود محەمەد:** یەك لە بۆچوونەکانمان بۆ دروستکردنی کابینەیەکی بنکەفراوان ئەوەیە کە دەست بەتاڵ بین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ماونەتەوە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا،ئەگەر قۆناغ بەقۆناغ سەیری ئەو هەنگاوانە بکەین کە لە کوردستان نراون بۆئەوەی کە چارەسەری ئەو کێشانە بکەین و سەیری وەڵامدانەوەی حکومەتی فیدراڵ بکەین،دەبینین ناهەوسەنگییەکی زۆری تێدایە،بەپیرەوەهاتن لەلای ئەوانەوە کەم بووە،هەوڵیانداوە سوود لە کات وەربگرن و تێیپەڕێنن،ئەوان وادەزانن کە بەتێپەڕبوونی کات ئێمە لەبیرمان دەچێتەوە یان وازی لێدێنین یاخود ماندوودەبین،بەڵام زۆرجار پێمان گوتوون و جەنابی سەرۆك ڕاشکاوانە پێی گوتوون ئێمە نەماندوودەبین و نە لەبیرمان دەچێتەوە نە وازیشی لێدێنین،بۆیە لەدوا کۆبوونەوەدا،پێش سەردانەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا،شاندێك هات و دیداریان لەگەڵ جەنابی سەرۆك هەبوو،سەرۆك پێی وتن: یا ئەوەتا پێکەوە چارەسەری ئەم کێشانە بکەین کە دەبێ بە قەناعەت بێت،یان ئەوەتا لێك جیاببینەوە یان شەڕبکەین،بێجگە لەوە بژاردەی دیکەمان نییە،بەڵام ئەوان وتیان نابێ باسی بژاردەی سێیەم بکرێ کە مەسەلەی شەڕە، ئەگەر لێك جیابوونەوەش بێت با بە رێککەوتن بێت، بەڵام ئێمە لەسەر خاڵی یەکەم بووین بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکان بکەین، بۆیە تەسەوردەکەین کە ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان وخودی جەنابی سەرۆك زۆر راشکاوانە لەگەڵ حکومەتی فیدرال و سەرۆك وەزیران و سەرۆکی پەرلەمانی عیراق و سەرۆکی کوتلەکانی بەشدار لە پەرلەمانی عیراق و ئەندامانی پەرلەمان قسەمان کردووە لەسەر ئەو بابەتانە کە ئێمە سوورین لەسەرچارەسەرکردنی کێشەکان،ئەم چارەسەرکردنە بەشێك گرفتی بۆ دروستبووە، بەشێك لەو خەڵکەی کە عەقڵییەتی هەر ئەوە بووە کە دەبێت هەموو شتێکی لەدەستدا بێت،لە بچووکترین شتەوە تا گەورەترین شت هەردەبێ ئەوان بڕیاری لێبدەن و ئەوی دیکە دەبێ جێبەجێکاربێ، بەڵام جێبەجێکاری باشیش بێت!!ئەگینا سزای دەدەن، چۆن پێشتر کە لە کوردستان بڕیاری ئەوان جێبەجێدەکرا بەڵام هەر کوردیان سزادەدا و گوندەکانیان وێران دەکردو خەڵکیان رادەگواست و دەربەدەریان دەکردو لەسێدارەیان دەدا، بڕیارو یاسای تەواڕییان بۆ دادەناو لە ژیانی سروشتی قەدەغەیان دەکرد، ئێستا ئەگەر رێگەی ئەوەشیان نییە بەڵام بەشێك لەوانەی لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدارن، عەقڵییەتیان هەمان ئەو عەقڵییەتەیە کە دەبێ لە عیراق هەموو شتێك هی عەرەب بێت،وا مەزندە دەکەن ئەگەر بوترێت هەموو شتێك هی کوردو عەرەب پێکەوەیە، ئەوان نیشتمانی عەرەبییان لێ بچووك بۆتەوە هاووڵاتی عەرەبیان لێ کەمبۆتەوەو غەدرێك لە عەرەب کراوە،ئەوە هەڵەیەکی مێژووییە کە چەند ساڵە دەیکەن و خۆشیان و ئێمەشیان تووشی کێشە کردووە،هەموو وڵاتیشیان بەم ئاستە گەیاند کە بینیتان سەربازی عیراقی پۆستاڵی سەربازی ئەمریکی ماچ دەکرد،ئەمەش ئەنجامی ئەو بیروبۆچوونە چەوتە بوو کە هەیانبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆ، تۆ دەبینی لە ساڵی ١٩٧٥ ئامادەبوون بەشێك لە خاك و ئاوی عیراق بدەن بە وڵاتێکی دیکە بەڵام نەیەن لەسەر کەرکوك لەگەڵ نەتەوەی دووەمی خۆیان رێکبکەون کە هەرلە عیراقیشدا دەمایەوە،ئامادەبوو نیوەی شەتولعەرەب بدات بە ئێران و کۆمەڵێك زەوی سەرسنوورکە بەشێکی پڕە لە نەوت بیدات بە ئێران بەڵام ئامادەنەبوو کە لەسەر ئۆتۆنۆمی لەگەڵ کورد رێکبکەوێت،ئەم عەقڵییەتە هەر ماوە، بەڵام کوردو سەرکردایەتییەکەی و جەنابی سەرۆك رێگەی دەستووری و یاساییان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکەن،لەو روانگەیەوە کە دەبێ گفتوگۆ و مێزی دانیشتن چارەسەری کێشەکان بکات،چونکە ئەوان هەموو دژایەتییەکی ئێمەیان بەکارهێنا،بەڵام کورد ماوەوهەردەشمێنێت،کەواتە ئەم کێشانە گەورەن، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێ چارەسەربکرێن،ئێمەش هەوڵی جددی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی ئەم کێشانە چارسەربکرێن،چونکە هەم قازانجی ئێمەیەو هەم هی عەرەبەو لە رووی ئابووریشەوە قازانجی کوردستان و عیراقی تێدایەو قازانجی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی عیراقی بە گشتی تێدایە لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەرو دەوڵەتانی دوورتریش.

**پێش سەردانەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا،شاندێک هات و دیداریان لەگەڵ جەنابی سەرۆک هەبوو،سەرۆک پێی وتن: یا ئەوەتا پێکەوە چارەسەری ئەم کێشانە بکەین کە دەبێ بە قەناعەت بێت،یان ئەوەتا لێک جیاببینەوە یان شەڕبکەین**

**گوڵان:** ئایا ئێوە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندیی بەردەوامتان لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیی نیشتمانی شیعە ماوە، لەبەر ئەوەی لیستی هاوپەیمانیی شیعە چەند لایەنێکی گرنگ جیا لەدەوڵەتی یاسا لە خۆی دەگرێت، وەك رەوتی سەدر و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لەعیراق، ئایا ئەوان چی دەڵێن و هەڵوێستیان لەسەر ئەو کێشانەی نێوان هەولێر و بەغدا چییە؟

**مەحمود محەمەد:** لە راستیدا ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەیە،بەڵام زۆربەی لایەنەکان هەڵەیەکی گەورەیان کرد کە کەوتنە دوای ئەو شەپۆل و هەڵڵایەی کە دروستیانکرد کە کێ دژی بەرژەوەندییەکانی کورد بێت شەقامی عەرەبی زیاتر بۆ خۆی رادەکێشێت،بۆیە بەشێك لەو لایەنانەی کە باوەڕیشیان بەو بابەتە نەبوو بێدەنگییان هەڵبژارد،ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و رەوتی سەدرو لایەنەکانی دیکەش بە سوننەو شیعەشەوە دەیاندیت کێ زیاتردژی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد بێت لە کوردستانی عیراق،خەڵك زیاتر بۆ خۆیان رادەکێشن،ئەمەیان هێشتا پێ چاك نەبۆتەوە،نەیانتوانیوە لە رووی رۆشنبیرییەوە کاریگەرییەکی چاك بکەن کە ئەمە هەڵەیەك بووە،لایەنێك یان دوو لایەنی سیاسی لەناو ماڵی شیعە کردیان و نابێت بەدوای بکەون و بەڵکو دەبێ دژایەتیی

ئـــەم بیرۆکەیە بکرێت دەنا لە کۆبوونەوە تایبەتییەکان ئەوەی ئێمە دەمانگوت لەســـەر بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە ئەوان چەند بەرابەریـــان هەبوو بە ڕەخنەوە لەســـەر ئـــەم بابەتە،بەڵام لە ڕاگەیاندنـــدا ئاماژەیـــان پێ نەدەکرد و خۆیان دەپاراســـت، پێمانوایە دەوڵەتی یاســـا و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و ســـەدریەکان و جەعفەری و لایەنەکانی دیکە وحزبی دەعوە کـــە پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەیە،کە دەبێ ئەم کێشـــەیە بە گفتوگۆ چارەســـەربکرێت،چونکە بەشێوەیەکی دیکە قبوڵ نییە چ لەســـەر ئاســـتی ناوخۆ یـــان نێودەوڵەتی،ئەمەش ڕێگەی بۆ دانراوە،کورد لە ســـاڵی ٢٠٠٣- وە خەریکی ئەوە بوو کە ڕێگەیەکی دەســـتووری بۆ ئەم بابەتە دوور لە شەڕ دابنرێت،وابوو لە پرۆژەی کاتی نووســـینی دەستووری کاتی لە مـــاددەی ٥٨ ڕەنگی پێدرایەوە دواتر بە (ماددەی ١٤٠) هاتە ناو دەســـتووری هەمیشەیی عیراق و لایەنەکان دانیان پێدا نا، دوایە لە دەنگداندا زۆرینەی خەڵکی عیراق دەنگی پێدا،ئەوەبوو کـــە ماددەیەك لە ماددە دەســـتووریەکان بۆتە ئەوەی کە چۆن چارەســـەری ئەم کێشـــەیە لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیـــدراڵ بکرێت، بـــەڵام بەداخەوە حکومەت دوای حکومەت دیسان دەیانویست کات بەسەربەرن و نەهێڵن کێشەکان چارەسەربن،بەڵام پێموایە ساڵی داهاتوو دیسان تا هەڵبژاردنی پەرلەمان شتێکی ئەوتۆ و کێشەکان نەچێتەپێش تاکو پەرلەمانی تازە هەڵدەبژێردرێت،هاوسەنگییەکان ڕەنگە حوکم بکەن تا چەند بەرەوپیری کێشەکان دێن.

**گوڵان:** قســـەیەك هەیە دەڵێت هەتا کـــورد لە چوارچێوەی عیراقـــدا بمێنێتـــەوە، ئەوا کـــورد هاوپەیمانیی شـــیعەی لاپەســـەندترە لە هەر لایەنیکی دیکە، ئایا ئەم ستراتیژە هەر ماوە یان ئێستا بیر لە هاوپەیمانیی دیکەش دەکەنەوە؟

**مەحمود محەمەد:** لە ڕاســـتیدا ئێمـــە لەگەڵ هاوپەیمانیی شـــیعی بووین و ئێســـتاش هەین،بەڵام هەمیشە گوتوومانە نابێت ئەو هاوپەیمانێتییە لەســـەر حسابی لایەنەکانی دیکە بێت،یان ببێتە هۆی پەراوێزکردنـــی لایەنێکی نەتەوەیی یان مەزهەبی یان ئایینی دیکە،ئەمەشـــمان بە برایانی شـــیعە وتووە،بەڵام کۆمەڵێك شت ئێمەو ئەوانی پێکەوە کۆکردەوە،ئەو مەزڵومییەتەی کە هەردوولامان لەســـەردەمی بەعس هەمان بووە،هەروەها ئەو هاوســـەنگەری و هاوخەباتییەی کە پێکەوە لـــەدژی ڕژێمی بەعس کردوومانە،ئەمانـــە وایان کردووە کە لەیەکـــدی حاڵی ببین،ئەوی دیکە ئـــەوان هەم وەکو عەرەب کە لەپێشـــەوە شـــیعەن ئینجا عەرەبـــن نەرمییەکی زیاتریان هەبووە بەرامبەربە مافەکانی گەلی کوردســـتان و لە ڕووی نەتەوەیی و نیشتمانیشـــمانەوە، ئێســـتاش ئێمە مەترسییەك نین بۆ سەر دەسەڵاتی شـــیعە، بە پێچەوانەوە لاوازیی ئێمە کاریگەرییەکـــی نێگەتیـــڤ دەبێت بۆ دەســـەڵاتی ئەوان، چونکـــە ئەوەمان لەبیرنەچێت لـــەڕووی مەزهەبییەوە ئێمە لە لایەکەی دیکـــەوە نزیکترین،بۆیە لە کاتـــی لاوازبوون هیچ بـــەدووری مەزانە ئەگەربزووتنەوەی کورد توانای باشـــی نەمێنێ بۆکۆنترۆڵکردنی شەقامی کوردی لایەنە سوننیەکە بەهێزتر بێت بۆ ئەوەی بتوانێ کاریگەرییەکی خراپی هەبێت لەسەر دەسەڵاتی شیعە لەعیراقدا، بۆیە ئێمە، بەڵێ ئێستاش بڕوامان بەو هاوپەیمانێتییە هەیەو ڕێزی دەگرین،بەڵام بەشێك لە برایانی شیعە وەکو پێویست ڕێزیان نەگرتووە.

**گوڵان:** هەندێك دەڵێن ئەم کێشـــانەی نێوان هەولێر و بەغدا، پرسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی شاردۆتەوە، ئایا ئێســـتا ســـەبارەت بە پرسی ناوچە کوردســـتانییەکانی دەرەوەی هەرێم چی دەڵێن؟

**مەحمود محەمەد:** ئەمە ڕوونە،حکومەتی فیدراڵ نەیتوانیوە کۆمەڵێك کێشە هەن چارەســـەریان بکات بۆ ئەوەی بپرژێتە ســـەر ئـــەم بابەتـــە، لەوانەیە لـــە بنچینـــەدا نەیەوێت ئەم مەسەلەیە چارەســـەر بێت،دەنا مەسەلەی ئاسایش و کارەبا و خزمەتگوزارییەکانـــی پێ دابیـــن نەکراوە،ئەمە وایکردووە لەناوئەواندا ون ببێت،بۆیە چارەســـەری مەســـەلەی ناوچە کوردســـتانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش لەپەنای ئەوەوە ئیشی باشی لەسەر نەکراوە.


**گوڵان:** پارتی لە لیستی کەرکوك هاتە دەرەوە، هەندێك دەڵێن پارتی هۆکاری ئەوەیە کە کورد بە یەك لیســـت لە کەرکوك دانابەزێت، ئایا بەڕاســـتی ئێوە هۆکارن، ئەگەر ئێوە هۆکارن لەبەرچی بە یەك لیستیی ڕازی نەبوون؟

**مەحمـــود محەمـــەد:** ئێمـــە لەگـــەڵ یـــەك ڕیزیـــی وهاوپەیمانێتین،لەگەڵ ئەوەین کە هەموو تواناکانمان بەگەڕ بخەین،بەڵام دەبێ حســـابی ئەوەش بکرێت کە ئەم یەکڕیزییە بە هەندێ خەڵك دەپارێزرێ و بە هەندێکی دیکە ناپارێزرێ، برادەرانـــی ئێمە لە کەرکوك،کە دەســـەڵاتی تەواویان هەیەو ئەوە دەســـەڵاتی خۆیانە پێیاندراوە بـــۆ چۆنێتی پێکهێنانی لیســـت و دیاریکردنی ناوەکانیش بۆ لیســـتەکە،ئەنجومەنی ســـەرکردایەتی هەر پارێزگایەك ئەو دەسەڵاتەی هەیە، تەنیا ناوی کاندیدەکان بۆ مەکتەبی سیاسی دەنێرن، ئێمەش ئەوەی پێویست بێت هاوکارییان دەکەین،لە گفتوگۆکانیاندا ئەوەندەی مـــن ئاگادارم،هەوڵیانداوە، یەك :لیســـتێك پێك بێنن، دوو: ناوێکی گونجاو بۆ لیستەکە بدۆزنەوە، سێ: برادەرانی ئێمە بە یەکێتیی نیشـــتمانیی کوردستانیان گوتووە ئێوە سەرۆکی لیســـت بن، بەڵام کە سەرۆکی لیســـت دادەنرێ بۆ هەموو لیستەکەیە،نابێ تەنیا سەرۆکی یەك لایەن بێت،دەبێ هەموو لایەنەکان پێـــی ڕازی بن،دیارە بـــرادەران پێیانوابووە ئەگەر کەسێکی دیکە لە یەکێتیی نیشتمانی ببێتە سەرۆکی لیست باشتردەبێت و لیستەکە دەتوانێت ڕای زیاتر بەدەست بێنێت، لە ڕوانگەی ئەوەی کە ئەو برادەرە لە ئیدارە بووە و خەڵکێك هەبێت لێی ڕازی نەبووبێت یان پێی وابووبێت چاك خزمەتی نەکردووە، بەهەرحاڵ،بەڵام بۆچوونی خەڵکێك هەیە لەسەر ئەم بابەتە،بۆ ئەوەی کە ئەمەش نەهێڵین کەواتە کەسێکی دیکە ببووایە بە سەرۆك،بەڵام بەداخەوە برادەرانی یەکێتی لەمەدا نەهاتوونەتە پێش و گوتوویانە: دەکشـــێینەوە.. بکشێنەوە،برادەرانی ئێمەش بە تەنیا کشـــاونەتەوە،لەدوای ئەمە دیارە برادەرانی دیکەی لایەنەکانیش ڕازی نەبوون کە لیستەکە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، هەموویان کشاونەتەوە،بۆیە یەکێتی بەتەنیا و ئێمەش بەتەنیاو لایەنەکانی دیکەش هەریەکەیان بە تەنیا ماونەتەوە.

**ئەو ئەزموونەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەیەتی وەک کەسێک کە شارەزایی باشی لە هونەری بەڕێوەبردنی وڵات و چۆنیەتی پێوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەرو وڵاتانی دەرەوە پەیدا کردووە، وەک کەسێکی تەکنۆکراتیی بە ئەزموون لە پێڕەوکردنی کاری حوکمڕانی بۆ ئەو ئەرکە قورسانەی کە پێی سپێردراوە، بۆیە تێیدا ڕا دەبینرێت کە بتوانێت ئەم ئەرکە بە شێوەیەکی زۆر باش ئەنجام بدات**

**ئێمە لەگەڵ یەک ڕیزیی وهاوپەیمانێتین،لەگەڵ ئەوەین کە هەموو تواناکانمان بەگەڕ بخەین،بەڵام دەبێ حسابی ئەوەش بکرێت کە ئەم یەکڕیزییە بە هەندێ خەڵک دەپارێزرێ و بە هەندێکی دیکە ناپارێزرێ**

# کابینەی هەشتەم و هەڵبژاردنی ٤/٣٠



ئاسۆ کەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی *

سێ مانگ زێترە، هەڵبژاردن کراوە و هێشتا دیار نییە کەی پەرلەمان کۆتایی بە «دانیشتنە کراوەکەی-٢٠١٣/١١/٦» دەهێنێ و دەستەی سەرۆکایەتی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و کارڕایی قانوونیی بۆ پێکهێنانی کابینە دەست پێ دەکرێ؟

راستە، سەرجەم لایەنە براوەکانی پەرلەمان نیاز و مەرامی بەشداریکردنیان لە کابینەی نوێ دا دەربڕیوەو جەخت لەسەر پێکهێنانی حکوومەتێکی بنکە فراوان یان یەکڕیزیی نیشتمانی دەکەنەوە. راستە وەفدی دانوساندنکاری پارتی وەکو حزبی براوەی یەکەم دوو جاران لەگەڵ لایەنەکاندا کۆبوونەتەوەو بەشێوەیەکی سەرەتایی لەسەر ئەوە رێك کەوتوون کە کارنامەی حکوومەت بۆ چوار ساڵی ئایندە پشکی هەمووانی تێدا بێ و هەر لایەنە بەگوێرەی قورسایی پەرلەمانی خۆی، بەشداریی لەکابینەدا بکا. ساغبوونەوەی ئەو دوو خاڵە، هەم ئاسان نییە و هەم کاتی پێ دەوێ. بەڵام ئەو ئەرکە تا چەند دەکێشێ؟ ئەگەر رێك کەوتن لەسەر لانی کەمی کارنامەیەکی هاوبەش تا رادەیەك ئاسانتر بێ، ئەوا دابەشکردنی پۆستەکان بەتایبەتی پۆستە سیادییەکان، کارێکی وا ئاسان نییە!

با لە کاودانەکان ورد بینەوە. راستە رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەیانەوێ ٤ ساڵی داهاتوو، ٤ ساڵی هێمن و ئارام بێ و بەری رەنجی ٤ ساڵی رابردوو بچننەوە. واتە بەشداری لە حکوومەتدا بکەن و بەشێك لە بەرنامەکانیان بێتە جێبەجێ کردن، تا بە «ناخب»ی خۆیان بڵێن ها ئەوەتا لەسەر بەڵێن و پەیمانی خۆمانین و «گۆڕیمان»، بەڵام بە قسان هێشتا لەنێوان پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکوومەتدا ساغ نەبوونەتەوە. لەملاو ئەولاشدا، لەناو بزووتنەوەکەدا رای وا هەیە کە ٤ ساڵی رابردوو، بزووتنەوەی گۆڕان قسەو رەخنەی لە «ستەمەکانی سیستەمی سیاسی» و کارهەڵسوڕاندن هەبووە. ئەگەر گۆڕانکارییان پێ لە سیستەمەکە نەکرا، هەر بەشدار دەبن؟ رەنگە کۆنگرەی ئەو حزبە لە ٢٦ی ئەم مانگەدا، ئەو ئاراستانە ساغ بکاتەوەو بەلایەکیاندا بخات.

هەرچی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامین، تا رادەیەك بێ دەنگ و زێتر بە بڕوای خۆم لە چاوەڕوانی سێ لایەنەکەدان: واتە پارتی و گۆڕان و یەکێتی کە چۆن رێك دەکەون و لەسەر چ رێك دەکەون. هەرچەندە جاروباریش لە میدیاکاندا، قسە لەوە دەکرێ کە بە گوێرەی ئیستحقاقی خۆیان ئەوەندەیان بەردەکەوێ، یان ئەو وەزارەت و ئەم وەزارەتیان دەوێ.



یەکێتی، وەکو حزب لەسەروبەندی کۆنگرە دایە. جیاوازییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی لەمەڕ کۆمەڵێ پرس دەرکەوتوون و ناشاردرێنەوەو لە میدیا رەنگیان داوەتەوە. ئەوەتا لەنێوان ئەم پەرلەمەنتاری یەکێتی و ئەو پەرلەمەنتاری پارتی و ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەملاو یەکێکی ئەولا وەڵام و وەڵامدانەوەی توند هەیە. رێککەوتننامەی ستراتیجی چی لێ ماوەتەوە، نازانم! لە کەرکووك بە دوو لیستی جودا دەچنە هەڵبژاردنەوە. لە موسڵیش هەروا. لەسەر رۆژئاوای کوردستان یەکهەڵوێستیان نییە. لە دۆسیێی نەوتیش، پەرلەمەنتارەکانی یەکێتی دەڵێن، ئەو فایلە دەبەینە ناو پەرلەمانەوە!

هەڵبژاردنی ٢٠١٤/٤/٣٠ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، چوار مانگێکی ماوە، بەڵام هەر لەئێستاوە خۆئامادەکردن و بانگەشەی پێشوەختیش دەست پێ دەکات. ئاخر بمانەوێ و نەمانەوێ هەر لایەنە حیساب بۆ قورسایی و دەنگەکانی خۆی لەسەر ئاستی عێراق و لەسەر ئاستی پارێزگاکاندا دەکا وەك چۆن هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧دا کاریگەریی خۆی نواند لە پرۆسەی سیاسی و بڕیارو پۆستەکاندا. بەو مانایە، ئەنجامەکانی سەر ئاستی عێراقیش، بەوانەی کوردستان گرێ دەدرێنەوە. بەکورتی رەنگە هاوپەیمانێتی سیاسی و ریزبوونەوەی تازە چ لەسەر ئاستی عێراق و چ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بێتەدی.

هەڵبەت لەم نێوەدا، هاوکێشەی هەرێمایەتی و نفووزی ئەملاو ئەولا و پەرەسەندنەکان بێ ئەسەرو کاریگەر نیین. کەواتە بە رەچاوکردنی ئەو هۆکارانە و هیتریش، پێموایە پێکهاتنی حکوومەت دەکەوێتەساڵی داهاتووەوە چ بنکە فرەوان بێ یان حکوومەتی زۆرینەی پەرلەمانی، چونکە بەپێی ماددە «١٠/ بڕگەی ١٢»ی قانوونی ژمارە ١ی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٥ی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کاندیدی سەرۆکی وەزیران و جێگرەکەی رادەسپێری، پاش ئەوەی لە پەرلەماندا ناویان لێ دەنرێ، بە پێکهێنانی کابینە لە ماوەی ٣٠ رۆژ دا لە رۆژی راسپاردنیانەوە. بەم حیسابە پێش ئەم هەنگاوە، دەبێ ناوی کاندید بۆ سەرۆکی وەزیران و جێگرەکەی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بنێردرێتە پەرلەمان و بە دەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ناویان لێ بنرێ. کەواتە دەبێ لەسەر هەموو پۆستەکان پێشوەختە رێك کەوتن بکرێ، ئەوجا پەرلەمان کۆتایی بە دانیشتنە کراوەکەی خۆی بهێنێ و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێرێ کە بە شیمانەی زۆرەوە ئەم هەنگاوەی دوایی دەکەوێتە ساڵی ئایندەو ئەوجار ئەگەر پێش ٢٠١٤/٣/١ بۆ ناولێنانی (سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگرەکەی) دەبێ داوای کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان بکات و لەپاش ئەوە ئەوجار کارڕاییەکانی دیکە دەس پێ دەکەن...بەهەرحاڵ، ئەو هەویرە ئاو زۆر دەکێشێ. ئەوجار حیسابی قانوونی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٤ بکە کەی دێتە پەسندکردن و کەی جێبەجێ دەکرێ؟

**ئەگەر رێک کەوتن لەسەر لانی کەمی کارنامەیەکی هاوبەش تا رادەیەک ئاسانتر بێ، ئەوا دابەشکردنی پۆستەکان بەتایبەتی پۆستە سیادییەکان، کارێکی وا ئاسان نییە!**

# چاوخشاندنەوە به سیاسەتی ئابووری له کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان


کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسینی

تا دێ لێکۆڵەرەوان زیاتر بایەخ بە کاروباری ئابووریی هەرێمی کوردستان دەدەن چونکە ئەوان لایەنی سەرەکیی سیاسەتی ئابووریی و کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم دەکەن بە بنەمای ئەو بایەخپێدانە،کە لە ناوەڕۆك و جەوهەردا لەگەڵ سیاسەتی ئابووریی حکومەتی فیدراڵدا زۆر جیاوازە،دیارە ئەمەش بەهۆی ئەم ستراتیژییەتە پەرەپێدانەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەساڵی رابردوودا، لە چالاکییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لەوەتەی رووخانی رژێمی دکتاتۆریەتی بەعس، پەیڕەوی کردووە.

ئەوئەنجامانەی لەژێر دەستی لێکۆڵەرەوەکاندان، ئاماژە بەچەند فاکتێکی گرنگ دەکەن کە پێویستە بە کورتی گەڵاڵەبکرێن تاکو لەبەر رۆشنایی ئەو فاکتانە بە رێڕەوی ئەم ئابوورییەو سروشت و رووی پەرەپێدانی ئاشنابین:

١- ئابووریی هەرێمی کوردستان دەیان ساڵ بوو دووچاری لاوازیی و پەراوێزخستنێکی زۆر بووبوو،ئەمە وێڕای ئەو مەینەتییەی تووشی خەڵکەکە بوو لە ئەنجامی ئابڵوقەی ئابووریی نێودەوڵەتی کە بەسەر عیراقدا سەپێنرابوو،دواتر ئەو ململانێیەی لە هەرێم هاتەئاراوەو لە ١٩٩٨ کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ کاتێ حکومەتی یەکگرتووی هەرێم دامەزرا کە بەکردار نەیتوانی چالاکیی ئابووری و ئیداری یەکبخات و بەم شێوەیە بەرنامەی هەولێرو دهۆك لەگەڵ ئەوەی سلێمانی هەروا بەجودایی مایەوە،هەرچەندە حکومەتێکی یەکگرتووش لەئارادابوو بە پێی رێککەوتنێکی ستراتیجی نێوان هەردوو حزبی سەرەکیی دەسەڵات ، بەڵام ئەم بارودۆخە کاریگەریی نێگەتیڤانەی هەبوو بەسەر یەکێتیی سیاسەتی ئابووری و بڕیارەکانی حکومەت و رێڕەوی پەرەپێدان،بۆیە ئابووریی هەرێم لە رووی ژێرخانەوە هیچ جیاوازی نەبوو لەگەڵ سروشتی ئابووریی عیراق و گرفتەکانی، بۆیە تا ئێستاش کێشەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عیراقی فیدراڵ بوونەتە لەمپەر لەبەردەم رێڕەوی هاوبەش و یەکگرتووی ئابووریی عیراق.

٢- هیچ دامەزراوەیەکی پیشەسازی و پرۆژەی پەرەپێدانی کارا و گرنگ لە هەرێمی کوردستاندا نەبوو،سەرباری تێکچوونی باری ئابووریی و کشتوکاڵی لە ئەنجامی شەڕەکانی رژێم و کاولکردنی گوندەکانی کوردستان و ئاوارەبوون و کۆچکردنی بەزۆرەملێی دانیشتوانی گوندو ناوچە سنووریەکان بۆ شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان .

٣- سەرهەڵدانی بێکاریی فراوان و داپۆشراو کە بەردەوام بووە هۆی زێدەبوونی خەرجییەکان لە گەنجینەی هەرێم و لاوازبوونی هەوڵەکانی حکومەت لە وەبەرهێنان بە ئاراستەی بووژانەوەی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

٣- کابینە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتی هەرێم هیچیان بەو شێوەیە دیدگاو بۆچوونی روونی ئابووری و ستراتیژییان نەبوو، کە دەبوو کاریان بکردایە بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بۆیە سێ ئامانج بوونە خولیای بەرپرسان:

أ- ئیمزاکردنی زۆری گرێبەستەکانی گەڕان بەدوای نەوت و دەرهێنانی، بۆ رزگاربوون لە ئەگەری ئەوەی نەبادا حکومەتی فیدراڵ بەشە بودجەی ساڵانەی کوردستان ببڕێت.

ب- لاسایی کردنەوەی هەندێ لە دەوڵەتانی کەنداو لە بواری بیناسازی زۆر ئاوەدانکردنەوەو بازرگانیی هاوردەکردن و ناردنی نەوتی خاو دوور لە پەرەپێدانی ئابووری و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی.

ج- بایەخدان بە پرۆژەکانی ڕێگاوبان و دروستکردنی پردو باخچەو پارك و بازاڕی هاوچەرخ و تەلارو ئەپارتمان و بینایەی حکومی و دامەزراندنی بێکاران لە دەزگا مەدەنی و سەربازییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

ئەو سیاسەتە هەندێ پێویستی و لایەنی ئیجابیشی هەبوو،کە ئامانجی گۆڕینی گوندەکان بوو تاکو وەکو شارو شارۆچکەکان بایەخیان پێبدرێت و باری دەروونی و تەندروستی و پەروەردەیی گوندنشینان بە ئاراستەیەکی پۆزەتیڤدا ببرێت،دوای ئەوەی سالآنێکی زۆر بوو پەراوێزخرابوون و هەستیان بە هاووڵاتیبوونی راستەقینە نەدەکرد لەسایەی سیاسەتی شۆڤینی و سەربازیی حکومەتەکانی ناوەند لە بەغدا،لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە کە پێویستە لەئێستادا بەرپرسانی هەرێم وەڵامی بدەنەوە: ئایا دەکرێت لەسەر ئەو سیاسەتە بەردەوام بن کە لەساڵانی پێشتر پەیڕەودەکرا،یان دەبێت ئەولەویاتی بیناسازی و پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بگۆڕدرێن؟ رەنگە بەرپرسان لەو کابینە تازەیەی کە لەو رۆژانەدا دادەمەزرێت بتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە،بەڵام لێرەدا پێویستە چەند سەرنجێك بخەمەڕوو بەوئومێدەی وەك بەرژەوەندیی پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان رەچاوبکرێت،بەڵێ پێویستە گۆڕانکارییەکی بەهێز لە سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێم بەو ئاراستانە بێتەئاراوە:

١-هەرێمی کوردستان پێویستیی بە بەردەوام داهاتی نەوت دەبێت بۆ درێژەدان بە پرۆسەی ئابووری و رایکردنی پێداویستییەکانی دانیشتوان،چونکە بەبێ ئەو داهاتە داراییە ماشێنی ئابووریی هەرێم پەکیدەکەوێت.

٢- ئەو پارەیەی دەگاتە هەرێم چ لە هەناردەی نەوتی خاو بێت یان لە باجەکان، سامانی نیشتمانی زیادناکات و کەڵەکردنی سەرمایە ناهێنێتەکایەوە،بەڵکو هەمووی بۆ مەبەستی هاوردەکردنی کاڵاو شتومەك دەڕوات، پێویستیی خەڵك و حکومەت بۆ خەرجیی رۆژانە زیاتردەکات.

٢- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دووربکەوێتەوە لە دابەشکردنی داهاتی نەوت بەسەر گەلی کوردستانداهەروەکو هەندێك لە عیراق و هەرێم بانگەشەی بۆ دەکەن،بە بیانووی دادپەروەریی لە دابەشکردنی سامانی نیشتمانی،چونکە ئەو جۆرە دابەشکردنە نادادپەروەری و نا لۆژیکییە بە درێژایی کات سەردەکێشێت بۆ ئەنجامی خراپ ،هاوکات پێداویستیی دانیشتوان جێبەجێ ناکات، لە کاتێکدا کە پێویستە ئەو داهاتە بۆ پەرەپێدانی بەردەوام تەرخانبکرێت کە هەلی کارو بەرهەمی ناوخۆ دەستەبەردەکات و گۆڕانکارییەك لە دەرامەتی نەتەوەیی دێنێتەدی.

٣- پێویستەحکومەتی هەرێمی کوردستان رووبکاتە پەرەپێدانی درێژخایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بایەخ بدات بە دانانی ستراتیجییەتێکی پێنج ساڵەی پەرەپێدان کە بتوانێت سەرمایەی کەڵەکەبووی بیست ساڵەی رابردووی خۆی بۆ کاری ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی بەردەوام بەکاربێنێت.

٤- هەرێمی کوردستان سەرچاوەی سەرەتایی هەمەجۆری هەیە لەپاڵ نەوتی خاو و گازی سروشتی،هاوکات زەوییەکی بەرفراوانی کشتوکاڵیشی هەیە کە بنەمای پەرەپێدانی ئابووریی نیشتمانییە،بۆیە لەبەر رۆشنایی ئەم سەرچاوانە پێویستە لەم کەرتانەدا پەرە بە ئابووریی نیشتمانی بدرێت:

أ- کەرتی دەرهێنانی نەوت و غازی سروشتی و کانزا سروشتییەکان.

ب- پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی کە ئێستا زۆر لاوازەو پێویستی بە پەرەپێدان هەیە.

ج- سوودوەرگرتنی لۆژیکانە لە زەویی بەپیتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە لەئێستادا بە رێکوپێکی بەکارنایەن.وێڕای بایەخدانی زیاتر بە کەرتی گەشتوگوزار و پەرەپێدانی مرۆیی لەوانەش پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەی زانستی.

هەرێمی کوردستان دەتوانێت،سەرەڕای نەبوونی بەندەری هەناردەکردن،پەرە بە پیشەسازییە پترۆکیمیاوییەکان و کەرەستەی بیناسازی بە هەموو جۆرەکانیەوە بدات،هاوکات بازاڕ بۆ ئەو کەرەستەو کاڵایانەی کە لە داهاتوودا بەرهەمیان دێنێت،بدۆزێتەوە، لە لایەکی دیکەوە کەرتی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ بەشدارییەکی کارا دەکەن لە پەرەپێدانی پیشەسازییەکانی چنین و رستن و جگەرەو بەروبوومەکانی شیر و قوتووبەندیی گۆشت و سەوزەو میوە.

کەرتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان بۆ چەندین ساڵ پشتگوێ و پەراوێزخرابوو،ئەو پرۆژانەیش کە لەئێستادا هەن زۆرنین و ئەو داهاتە بەدەست ناهێنێت کە پێویستە ،دیارە دیمەنی سەرکەش و رازاوەی سروشتی جوانی کوردستان بە چیاو دۆڵ و پێدەشت و رووبارو کانیاو و تاڤگە رازاوەکان فاکتەری سەرەکین بۆ زیاتر بیرکردنەوە هیممەت کردن بە ئاراستەی بووژانەوی زیاتری ئەم کەرتە گرنگە.

ئەگەر باسی کەرتی پەروەردەو خوێندن بکەین لە هەرێمی کوردستاندا بۆمان دەردەکەوێت کە بە هەموو قۆناغەکانیەوە هێشتا پێویستی بە بایەخپێدانە، زیاتر گرنگی بە لق و خوێندنە مرۆڤایەتییەکان دراوەو بوارە زانستییەکان بەپێی پێویست بایەخیان پێنەدراوە هاوکات خوێندنی پیشەیی کە بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی زۆر پێویستە بە شێوەیەکی زانستی بیری لێنەکراوەتەوە ئەگەر هەشبێت بەو جۆرە نییە چونکە بنەمای ئەم پرۆسەیە پەیوەستە بە پێگەیاندن و ئامادەکردنی کادیری مامناوەند لە سەرجەم بەشەکانی پیشەیی.

تورکیاو ئیران ناوەندی یەکەم و دووەمن لە پەیوەندییەکانی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا،بە تایبەتیش بازرگانیی هاوردەکردن،لەئێستادا هەرێم کاڵا بە بڕێکی زۆر بە تایبەتی لە تورکیا هاوردەدەکات،ئەمە وێڕای هاوردەکردنی کەرەستەی بیناسازی و خۆراك و شمەکی هەمەجۆر،تورکیا زیاتر لە ئیران رۆڵی بەڵیندەرایەتی دەبینێت بە تایبەتیش بەسەدان کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن لە بوارەکانی بنیادنانی خانووبەرەو تەلارو ئوتێل و مۆڵ و رێگاوبان و تونێل و پرد لەمەشدا قازانجێکی زۆری دەستدەکەوێت،بەڵام ئەمە ئابوورییەکی بەهێز لە کوردستان ناهێنێتەئاراوە و پەرەش بە سامانی نیشتمانی پێنادات بەڵکو پارەی نەوت زیاتر لەدەستدەدات، هەرێمی کوردستان پێویستی بە پلانگەلێکی پەرەپێدان هەیە کە فاکتەرێکی گرنگن لە هەمەجۆرکردنی ئابووریی نیشتمانی،ئەمەش بە دامەزراندنی دەزگاکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی پرۆژەکانی گەشتوگوزارو چارەسەرکردنی دیاردەی بێکاری دێتەئاراوە.


ئەمڕۆ گەلی کوردستان هەست بە کەڕامەتی نیشتمانیی خۆی دەکات بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەی لە واقعی ژیانیدا هاتۆتەدی، بەڵکو لەلایەکی دیکەوە پێویستی بە دابینکردنی ئاسایشی ئابووری هەیە بە سوودوەرگرتن لە هێزو توانای مرۆیی و ماددی و چاککردنی ئاستی بەرهەمهێنان و خوێندن و رۆشنبیری و هونەری، ئەمە وێڕای ئەوەی کە ئاوڕدانەوە لە چاپەمەنی و چالاکیی رۆشنبیری لایەنێکی دیکەیە کە زۆر پێویستە لە سایەی ئەو رەوشە ئەمنییەی کە لە ئێستادا لە کوردستاندا بوونی هەیە، لە هەمووی گرنگتر چاوخشاندنەوەیە بە یاساکانی پێشوو و دەرکردنی یاسای نوێی تەندروستی و پەروەردەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە فاکتەری بنەڕەتین لە هێنانەکایەی پەرەپێدانێکی بەردەوام.

**کابینە یەک لەدوای یەکەکانی حکومەتی هەرێم بەو شێوەیە بۆچوونی روونی ئابووری و ستراتیژییان نەبوو، بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی**

**هەرێمی کوردستان دەتوانێت،سەرەڕای نەبوونی بەندەری هەناردەکردن، پەرە بە پیشەسازییە پترۆکیمیاوییەکان و کەرەستەی بیناسازی بدات،هاوکات بازاڕ بۆ ئەو کەرەستەو کاڵایانەی کە لە داهاتوودا بەرهەمیان دێنێت،بدۆزێتەوە**

**کەرتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان بۆ چەندین ساڵ پشتگوێ و پەراوێزخرابوو،ئەو پرۆژانەیش کە لەئێستادا هەن زۆرنین و ئەو داهاتە بەدەست ناهێنێت کە زۆر پێویستە**

**ئەمڕۆ گەلی کوردستان هەست بە کەرامەتی نیشتمانیی خۆی دەکات بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەی لە واقعی ژیانیدا هاتۆتەدی، بەڵکو لەلایەکی دیکەوە پێویستی بە دابینکردنی ئاساییشی ئابووری هەیە**




ستیفن بیدل گەورە ستراتیژزانی ئەمریکا بۆ گوڵان:

# نوری مالیکی هەوڵی قۆرخکردنی دەسەڵات دەدات و ئەمەش کارێکی مەترسیدارە و عێراق بەرەو شەڕی ناوخۆ دەبات

**ستیفن بیدل گەورە توێژەری دیراساتی ستراتیژی پەیمانگای ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە و راوێژکاری ژەنراڵ پەتریۆس فەرمانەدەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، هەروەها راوێژکاری ژەنراڵ ستانلی ماککریستاڵە لە ئەفغانستان، ئەگەر لە ٢٠٠٧ پێشبینی دووبارە بوونەوەی شکستی ڤێتنامی بۆ ئەمریکا لە عێراق کردبێت، ئەوا بۆ ئێستای عێراق پێشبینی ئەوە بۆ گوڵان دەخاتە روو ئەگەر نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق دەستبەرداری سیاسەتی قۆرخکردنی دەسەڵات نەبێت کە ئێستا پیادەی دەکات و هەوڵنەدات کورد و سوننە رازی بکات، ئەوا وڵات بەرەو شەڕێکی ناوخۆیی نێوان سوننە و شیعە سەردەکێشت و بە مانەیەکی دیکە عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی فاشیل، هەر لەم دیدارە پرۆفیسۆر بیدل سەبارەت بە پرسی سوریا راشکاوانە ئاماژەی بەوەکردووە، ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەوە زیاتری پێناکرێت بۆ سوریا و هەردوو لایەنی شەڕەکەش رژێمی ئەسەد و چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنن و هەر لایەکیان لەلایەن چەند وڵاتێکەوە چەکیان بۆ دابین دەکرێت و هەتا ئەم شێوازەش بەردەوام بێت، ئەوا شەڕو کوشتاری سوریا بەردەوام دەبێت و کێشەکە یەکلایی نابێتەوە، سەبارەت بەم دوو پرسە گرنگە و بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی وڵاتانی عەرەب، پرۆفیسۆر بیدل لەم وتووێژەدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قۆناغێکی ئنیتیقالی سەختدا دەڕوات و هەموو گۆڕانکارییەك چاوەڕوانکراوە، لە هەمان کاتدا پارت و گروپە ئیسلامییەکان لە هەڵکشاندان و پێشبینی دەکرێت هەڵکشێن، بە بۆچوونی ئێوە چۆن بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخوێننەوە؟**

- من زۆر گەشبین نیم، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی ئێمە لە گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی بەدیمان کردووە هەرەسهێنانی سیستمی سیاسی ئەو وڵاتانە بووە کە پێشتر دەوڵەتی پۆلیسی بوون، ئەمەش لە رێی قۆرخکردنی بەکارهێنانی توندوتیژی و پەرت و بڵاوکردنەوە یان پەراوێزخستنی دەنگە نارەزاییەکانەوە بووە. بەڵام ئەو سیستمە لە سەرەتای بەهاری عەربیدا و لە زۆرێك لە ناوچەکەدا هەرەسی هێنا. بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەتی پۆلیسی لە رێی تێکشکاندنی گروپە موعارەزەکانەوە حکومڕانی کردووە، ئەوا موعارەزەیەکی پێگەیشتوو و کامڵ نەبوو تاوەکو جێیان بگرێتەوە. دەرئەنجامەکەش ئەوەبوو کە ململانێیەکی پڕ لە پشێویمان بینی لە نێو ئەو گروپانەی ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت جێی رژێمەکە بگرنەوە، ئەم رێکخراوانە هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی زۆرینەیاندا، بەڵام وڵات بە پەرت و بڵاوبوونەوە، جێی داخیشە ئەوە دەرئەنجامی هەوڵێکی سیستماتیکی بوو، واتە هەوڵێکی بە ئەنقەستی رژێمەکانی پێشوو بوون، کە رێگر بوون لە کامڵبوونی سیاسی نێو گروپەکانی موعارەزە. کە پێموایە زۆر زەحمەتە بتوانن بەسەر ئەمەدا زاڵبن. هەروەها باوەڕم وایە بۆ ماوەیەکی دیکەش بەردەوامبوونی ناسەقامگیری دەبینین لە ناوچەکەدا.

*** ئەوەی سەرنجمانداوە لە دوای گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی، بەرێگەی سندوقی دەنگدان حزبە ئیسلامیەکان گەیشتنە دەسەڵات، بەڵام نەیانتوانی سەرکەتوو بن، پرسیار ئەوەیە بۆچی نەیانتوانی سەرکەوتوو بن؟**

- بە دڵنیاییەوە پارتە ئیسلامیەکان لە رووی رێکخستنەوە لە پێگەیەکی باشتردان، بە بەراورد بە پارتە رکابەرەکانیان لە ململانێ ناوخۆییەکانیاندا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات دوای هەرەسهێنانی حکومەتی دەوڵەتە پۆلیسیەکانی پێشوو. کێشەی سەرەکی پارتە ئیسلامیەکان ئەوەیە یەکگرتوو نین، ئەوان ئایدۆلۆژیەکەیان بۆ بەدەستهێنانی یەکگرتوویی بەکاردەهێنن و لەبەر ئەوەی دەستیان بە هەندێ ژێرخانی ئاینی رادەگات، کە ئەمانە پێشتریش و لە سەردەمی دەوڵەتی پۆلیسیشدا بوونیان هەبووە، ئەوان هەندێ ئەفزەڵیەت و رێکخراویان هەیە کە پێگەیان باشتردەکات لە ئاست رکابەرەکانیاندا. بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کە ئەمە ستراتیژیەتێکی زۆر سەرکەوتوو نییە بۆ ئەوان. بۆ نموونە ئێستا سێ گروپی ئیسلامی لە سوریادا هەن کە لە پێناوی باڵادەستدا شەڕ لەگەڵ یەکتر دەکەن. بەرەی

**ئەوەی ئێمە لە گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی بەدیمان کردووە هەرەسهێنانی سیستمی سیاسی ئەو وڵاتانە بووە کە پێشتر دەوڵەتی پۆلیسی بوون**

**هەنگاوهەڵگرتنی پارتە ئیسلامیەکان بەرەو رادیکاڵیەتی زیاتر و بەرەو توندڕەوی و توندوتیژی وایان لێدەکات زۆر مەترسیدار بن، مەترسیدار دەبن بۆ رۆژئاوا، بۆ میانڕەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت بۆ خودی ئیسلامیەکانیش کە زیاتر و زیاتر رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە**



ئیسلامی و ئەلنوسرە و ISIS ... هەنگاوهەڵگرتنی پارتە ئیسلامیەکان بەرەو رادیکاڵیەتی زیاتر و بەرەو توندڕەوی و توندوتیژی وایان لێدەکات زۆر مەترسیدار بن، مەترسیدار دەبن بۆ رۆژئاوا، بۆ میانڕەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت بۆ خودی ئیسلامیەکانیش کە زیاتر و زیاتر رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. بەڵام پێموایە ئەمە بەشێکی دانەبڕاوی ئەو کێشەیەیە، کە چۆن بتوانیت بونیادی دەسەڵاتی دەوڵەتی پۆلیسی پێشوو بگۆڕیت لە دوای ئەو گۆڕانکاریانەی هاتوونە ئاراوە.

*** سوریا کە پێشتر گەرمترین هەواڵی راگەیاندنەکانی جیهان بوو، هەروەها رۆژئاواش هەڵوێستێکی توندی هەبوو لە ئاست سوریادا، بەڵام دوای رازیبوونی ئەسەد بە لەناوبردنی چەکە کیمابییەکانی و دوای گفتوگۆکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەستدەکەین لەسەر هەموو ئاستەکاندا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە کارەسات و توندوتیژی دژی خەڵکی مەدەنی سوریا بەردەوامە، بە بۆچوونی ئێوە چۆن سوریەکان رزگاربکرێن لەم دۆخەدا؟**

- ئەگەر هێزە دەرەکیەکان بیانەوێت سوریەکان رزگاربکەن، ئەوا دەبێت باجێکی زیاتر بدەن وەك لەو باجەی ئێستا ئامادەن بیدەن. ئەمریکا دەرسی لە عێراق و ئەفغانستان وەرگرتووە و نایەوێت تێوەگلانێکی سەربازی گەورە لە سوریاوە بکات. وڵاتانی کەنداو ئارەزوو دەکەن دەستێوەردان بکەن، بەڵام دەستێوەردانێکی وا نا کە دەرئەنجامەکە دیاری بکەن، ناردنی چەك و دارایی بۆ چەند گروپێکی بچووك و بە ژمارە زۆر بەسە بۆ ئەوەی شەڕەکە بەردەوام بێت، بەڵام بەس نییە بۆ ئەوەی کۆتایی پێبێنێت. پێموایە رەنگە ئەو کاتە شەڕەکە کۆتایی پێبێت کە شەڕەکە هێندە درێژە بکێشێت کە لایەنێك تامی شکست بکات، کاتێکیش لایەنێك تامی شکست دەکات، ئەوا ئامادەی گفتوگۆکردن دەبێت، بەڵام پێموانییە ئەمە بەم نزیکانە رووبدات، لەبەر ئەوە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە دەکێشێت، و ئەگەر هێزە دەرەکییەکان و رۆژئاواش دەستێوەردان بکەن ئەوا ئەگەری ئەوە نییە بتوانن ناچاریان بکەن کۆتایی پێبێنن، پێش ئەوەی خۆی بە شێوەیەکی سروشتی کۆتایی پێبێت، ئەویش بە دۆڕانی لایەنێك.

*** واتە سوریەکان هیچ هیوایەکیان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەماوە؟**

- من ئەوەندە دوور ناڕۆم، بەڵام پێشموانییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی وا توند کاری کردبێت بۆ ئەوەی کۆتایی بە شەڕەکە بهێنێت، ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیکات بریتییە لە دابینکردنی هاوکاری مرۆیی و ئەوەی بەشێك لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیکات، بە تایبەتی وڵاتانی وەك سعودیە و قەتەر و وڵاتانی دیکەی کەنداو و ئێران، ئەوەیە چەك و دارایی دەنێرن، کە بەسە بۆ درێژەپێدانی شەڕەکە، بەڵام بەس نییە بۆ کۆتایی پێهێنانی. چونکە هەر کاتێك سعودیە چەکی زیاتر بۆ یاخیبووان دەنێرێت، ئەوا ئێران چەکی زیاتر بۆ حکومەتەکە رەوانە دەکات، دەرئەنجامەکەش ئەوەیە کەسیان ناتوانن لایەنەکەی دیکە لە ناو ببەن، بەڵام ئاستی توندوتیژی زیاتر و زیاتر بەرز دەبێتەوە. کەواتە ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیکات بریتییە لە دابینکردنی هاوکاری کە بەسە بۆ درێژەپێدانی شەڕەکە، نەك بۆ کۆتایی پێهێنانی، هەر لەبەر ئەمەشە باوەڕم وایە

**ئەگەر هێزە دەرەکییەکان بیانەوێت سوریەکان رزگاربکەن، ئەوا دەبێت باجێکی زیاتر بدەن وەک لەو باجەی ئێستا ئامادەن بیدەن**

**ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیکات بریتییە لە دابینکردنی هاوکاری کە بەسە بۆ درێژەپێدانی شەڕەکە، نەک بۆ کۆتایی پێهێنانی، کەواتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لایەنێکی پەیوەندیدارە، بەڵام بەس نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە**

**توندوتیژی دیاریکەری بەشێکی زۆری مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، و بۆ ئەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ببێتە ناوچەیەکی سیاسی و مۆدێرنی سەقامگیر، ئەوا دەبێت بەسەر مەیلی پەنابردنەبەر توندوتیژیدا زاڵبێت، کاتێک دەرئەنجامە سیاسیەکە بە دڵی تۆ نابێت**

کە ماوەیەکی زۆر درێژە دەکێشێت، کەواتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لایەنێکی پەیوەندیدارە، بەڵام بەس نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

*** عێراق بۆتە مۆڵگەی ئەلقاعیدە و سەقامگیری لەم وڵاتە لە ئاڵۆزترین دۆخدایە، حکومەتی عێراق بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە دیکتاتۆر و دیموکراسی لە مەترسیدایە، ئایا ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئایا چ مەترسیەك لەسەر ناوچەکە دروست دەکات؟**

- من نیگەرانم لەو ئاڕاستەیەی عێراق گرتوویەتیەبەر، مالیکی کارێکی مەترسیدار دەکات کە هەوڵی قۆرخکردنی دەسەڵات دەدات، کە ئەمەش وا دەکات وڵاتەکە-کە زۆر ناسەقامگیرە- بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی شەڕی ناوخۆ. هەروەها عێراق بەشدارە لە کێشەی سوریا، کە چەکدار دابین دەکات و پاڵنەری ئەوە دروست دەکات سوننەکان پەنا بۆ توندوتیژی ببەن، هەموو ئەوانە کاری خراپن، من هیوادارم مالیکی زیاتر بکرێتەوە و رۆڵێکی مانادار بۆ سوننە و کوردەکان قبوڵ بکات.

*** زۆرێك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەی وزەن و ناسەقامگیری سیاسی لەم وڵاتانەدا کاریگەری هەیە لەسەر ئەم حاڵەتە، هەروەها مەترسی تیرۆیستانیش هەیە، کەواتە ئەگەر دۆخەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەوتە دەستی تیرۆریستان، تا چ رادەیەك مەترسی لەسەر ئاسایشی وزەی جیهان دەبێت، کە ئێستا مەترسی تیرۆر لە عێراقدا زۆر بەرزە، لە سوریاش تا چ رادەیەك لە ژێر کۆنترۆڵی تیرۆریستاندایە، هەل و مەرجی لوبنانیش ناسەقامگیرە؟**

- ئەمە نیگەرانییەکی زۆر جددیە، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە ئابووریی جیهان زۆر ناسەقامگیرە، کێشەی توندوتیژی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کێشەی جیهانە بە شێوەیەکی گشتی، نەك تەنها لەبەر لایەنە مرۆییەکەی، کە زۆر مەترسیدارە، بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە ناوچەکە زۆر گرنگە بۆ بازاڕی وزەی جیهان، بە تایبەتی لە کاتێکدایە کە ئابووری جیهان لە دۆخێکی زۆر باشدا نییە.... لە کۆتاییدا من دەڵێم توندوتیژی دیاریکەری بەشێکی زۆری مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، و بۆ ئەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ببێتە ناوچەیەکی سیاسی و مۆدێرنی سەقامگیر، ئەوا دەبێت بەسەر مەیلی پەنابردنەبەر توندوتیژیدا زاڵبیت، کاتێك دەرئەنجامە سیاسییەکە بە دڵی تۆ نابێت. ئەمە بۆ هەموو لایەك گرنگە، بۆهەموو لایەکی نێو عێراقیش گرنگە، لەبەر ئەوەی چەپڵە بەدەستێك لێنادرێت، ئەوا دەبێت سوننەکانی عێراق لەبری توندوتیژی پەنا بۆ سیاسەت ببەن، مالیکیش بە کرانەوە دەتوانێت پەنا بۆ سیاسەت ببات، نەك توندوتیژی، ئەگەرنا ناوچەکە سەقامگیر نابێت و خەڵکەکەش چارەسەری سیاسی قبوڵ ناکەن.



## ستیفن بیدل لە چەند دێڕیکدا

**پرۆفیسۆر ستیفن. دی بیدل توێژەرەی باڵای سیاسەتی بەرگریە لە ئامۆژگای ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی جۆرج واشنتۆن و لە ساڵی ٢٠٠٦ پێش ئەوەی وەك تۆژەرێکی باڵا بچێتە ئامۆژگای ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە سەرۆکی کۆرسی ئیلهۆ رۆت بووە بۆ دیراساتی ستراتیژی لە زانکۆی جەنگی ئەمریکا.**

**ستیفن بیدل ئەندامی بۆردی سیاسەتی بەرگری ئەمریکا بووە و چەندین جار بۆ شاهیدی دان لەسەر بارودۆخی عێراق و ئەفغانستان چۆتە کۆنگرێس و لەسەر بارودۆخی عێراق و ئەفغانستان راستیەکانی بە کۆنگرێس راگەیاندووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ و دوای پرۆسەی زیادکردنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ عێراق، پرۆفیسۆر بیدل هەڵسەنگێنەری بارودۆخی عێراق بووە بۆ هاوکاری ژەنراڵ پەتریۆس کە سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکای لە عێراقدا دەکرد هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ راوێژکاری سەرەکی پەتریۆس بووە لە واشنتۆن، بۆ هەمان ئەرك جارێکی دیکە لە ٢٠٠٩ بۆ ئەفغانستان راسپێردراوە و هاوکاری ژەنراڵ ستانلی ماککریستالی لە ئەفغانستان کردووە.**

**ستیفن بیدل کە لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٣ - ٢٠٠٩ چ وەك تۆژەر و چ وەك کاری حکومی لەسەر دۆسێی عێراق کاری دەکرد، توانی لەمیانەی سەردانە یەك لەدوا یەکەکانی بۆ عێراق، ئەوە بۆ ئیدارەی ئەمریکی ئاشکرا بکات، ئەگەر ئەمریکا بە پەلە هێزی زیاتر نەنێرێتە عێراق، ئەوا هەمان شکستی ڤێتنام دووبارە دەکاتەوە.**



# حکومەتەکەی مالیکی دووڕیانێکی ترسناکی بۆ ئایندەی عێراق دروستکردووە

بەبەراورد بە ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ کە بەخوێناویترین ساڵەکانی عێراق هەژمار دەکران، هێشتا بارودۆخی ئەوکات بەپێی ئامارەکان لە بارودۆخی خوێناوی ئەو دووساڵە زیاترە کە سەرۆك وەزیرانی عێراق بێجگە لە هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات هیچ خەمێکی دیکەی نییە، حکومەتی ئێستای عێراق کە بەپێی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ دەبێت حکومەتێکی فیدرالی بێت و دەسەڵاتەکانی سنورداربێت و بەپێی ئەو پرانسیپەی بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەدەستووری عێراق ئاماژەی پێکراوە، دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی سنوردار بێت و دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوان بێت، ئەوا نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق نەك هەر ئەم پرانسیپە دەستوورییەی پێشێلکردووە، بەڵکو هاوکێشەکەی پێچەوانە کردۆتەوە و لەهەوڵی ئەوەدایە کە تەواوی سیستمی فیدرالی بگۆڕێت بۆ سیستمی سەنترالی و هەموو دەسەڵاتەکان لە ناوەند کۆبکاتەوە، ئەم حاڵەتەش وەك پرۆفیسۆر ستیڤن بیدل لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵان ئاماژەی پێکردووە و لەم ژمارەیە بڵاوبۆتەوە، بۆتە هۆکاری ئەوەی مەترسی شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی لەنێوان عەرەبی شیعە و سوننە دروست بێت، لەمەش زیاتر مەزندەی ئەوە دەکرێت عێراق لەبەر یەك هەڵبوەشێت وەك پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر لە وتارێکیدا کە تایبەت بۆ ئەم ژمارەی گوڵانی نووسیوە بە راشکاوی ئاماژەی پێکردووە.

لەوانەیە هەندێك چاودێر کە لەدوورەوە چاودێری بارودۆخی خراپی ئێستای عێراق دەکەن، بەوجۆرە شرۆڤەی بارودۆخەکە بکەن، بەوەی مەرج نییە ئۆباڵی ئەم هەموو نەهامەتیەی ئێستای عێراق بە تەنیا بکەوێتە ئەستۆی مالیکی و لیستی دەوڵەتی یاسا، یان هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە، بەڵام بەشی چاودێری عێراق لە گروپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان کە بە چاوێکی ورد لەسەر پرسەکانی عێراق هەڵوەستەو شرۆڤە دەکەن، کرۆکی ئەم پرسە دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی و هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە بە شێوەیەکی گشتی، سیستمی فیدرالی وەك چارەسەرێك بۆ کێشەکان و میکانیزمێك بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی سەیر ناکەن، بەڵکو ئەوان خودی سیستمە فیدرالیەکەیان لێبۆتە تەڵەزگە و بەوجۆرە سەیری دەکەن ئەگەر فیدرالی بەو جۆرەی لە دەستووری عێراقدا



نەخشەی ڕێگەی بۆ دارێژراوە جێبەجێ بکرێت، ئەوا مالیکی و حزبی دەعوا لە دەسەڵات دوور دەخاتەوە و هەر بۆیە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ٣ ساڵ بەسەر پێکهێنانی کابینەی حکومەتی عێراق کە بڕیار بوو کابینەیەکی بنکە فراوان بێت و هەموو لایەنەکان شەراکەتی راستەقینەیان لەو حکومەتدا هەبێت، بەڵام هەتا ئێستاش پۆستەکانی بەرگری و ناوخۆ و ئاسایش کە دەبوو لە پێکهاتەکانی دیکە وەزیریان بۆ دەستنیشان بکرێت، لەلایەن نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانەوە قۆرخکراوە و ئەم هێزە نیشتمانیە لەبری ئەوەی بۆ ئارامی و سەقامگیری تەواوی عێراق بخرێنە گەڕ، کەچی بۆ سەرکوتکردن و پەراوێز خستنی پێکهاتەکانی دیکە بەکار هاتووە، لەمەش گرنگتر کە مالیکی دەیەوێت بیکات ئەوەیە دەیەوێت بە هاوشێوەی رژێمەکانی پێشوو، هەموو دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتیەکانی نەوت و گاز بخاتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتە مەرکەزیەکەی خۆی و بە کەیفی خۆی پارەی داهاتی ئەم سەرچاوە سروشتیانە بۆ مانەوەی خۆی بەکار بهێنێت و گەلانی عێراقی لێ بێبەش بکات، لەم حاڵەتە کە لە ئێستای عێراقدا تەنها یەك هەرێمی فیدرالی بوونی هەیە و ئەویش هەرێمی کوردستانە، کاتێك بە پێی دەستوور دەسەڵاتەکانی خۆی لە بەڕێوەبردنی کێڵگەکانی نەوت و گاز پیادە دەکات و داوا دەکات سەرجەم داهاتی نەوت و گاز لەسەرانسەری عێراق کۆبکرێتەوە و بەسەر عێراقیەکاندا بە یەکسانی دابەشبکرێت، ئەوا وەك لەماوەی رابردوو گوێبیستی لێدوانەکانی بەرپرسانی بەغدا بووین، ئەم کارە بەوجۆرە تەفسیر دەکەن کە ئەمە لە دەسەڵاتی هەرێمەکان نییە، لەمەش خراپتر لەبەر ئەوەی لەبەشە عەرەبیەکەی عێراق بە سوننە و شیعەوە، هیچ هەرێمێك بوونی نییە کە وەك هەرێمی کوردستان دەسەڵاتەکانی خۆی پیادە بکات، بۆیە هەوڵی حکومەتی مالیکی بۆ ئەوەیە خۆڵ بکاتە چاوی هاووڵاتیانی عێراق و بەوجۆرە پیشانی دەدات کە هەرێمی کوردستان بەم کارەی هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق هەڵدەگرێت، ئەمە لە کاتێکدا وەك بەڕێز مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکی تایبەتی ئەم ژمارەی گوڵان ئاماژەی پێکردووە، هەرگیز هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بەغدا شاردراوە نەبووە و هەرگیز مەسەلەی مافی سەربەخۆیی کوردستان بە شەرمەوە باس نەکراوە و بۆ ئەمەش بە گوڵانی راگەیاند، لە کاتی هاتنی شاندی هاوپەیمانی نیشتمانی بۆ هەولێر و لە کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆك بارزانی سێ ڕێگەی بە هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە راگەیاندووە، یان ئەوەیە بە شێوەیەکی ئاشتیانە وەرنە پێشەوە کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، یان ئەوەیە کوردستان ناچار دەبێت بڕیاری سەربەخۆیی بدات، یان ناچار دەبین شەڕ بکەین، بۆیە ئەگەر لەم قسە راشکاوییەی سەرۆك بارزانی ورد بینەوە، دەبوو مالیکی و حکومەتەکەی لەوە تێبگەیشتنایە کە کوردستان لەسەر لانی کەمی مافەکانی کە لەدەستووردا ئاماژەی پێکراوە سازش ناکات، ئەوجا ئەگەر بە ئاشتی ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت ئەوا باشە و ئامادەش نەبن چارەسەر بکرێن، ئەوا کورد پەنا بۆ بژاردە و ڕێگە چارەی دیکە دەبات.

**هەوڵدان بۆ پاوانکردنی دەسەڵات حکومەتی لە عێراقدا ئیفلیج کردووە**

ئەگەر کاری توندوتیژی و کارە خۆکوژییەکانی شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق بە هۆکاری سەرەکی نەبوونی کارە خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بۆ هاووڵاتی عێراق لە قەڵەم بدرێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی بیانووی حازر بەدەستی لیستی دەوڵەتی یاسا و کەسە نزیکەکانی مالیکی یە، ئەوا بەدیوێکی دیکەدا مانایەکی دیکەشی هەیە بەوەی حکومەتی مالیکی بە ئاستێك فەشەلی هێناوە کە نە ئارامی و سەقامگیری پێ دەپارێزرێت و نە دەشتوانێت کاری خزمەتگوزاری پێشکەش بکات، لەم حاڵەتەشدا

**حکومەتی مالیکی بە ئاستێک فەشەلی هێناوە کە نە ئارامی و سەقامگیری پێ دەپارێزرێت و نە دەشتوانێت کاری خزمەتگوزاری پێشکەش بکات**

**لەبەر ئەوەی لەبەشە عەرەبیەکەی عێراق بە سوننە و شیعەوە، هیچ هەرێمێک بوونی نییە کە وەک هەرێمی کوردستان دەسەڵاتەکانی خۆی پیادە بکات، بۆیە هەوڵی حکومەتی مالیکی بۆ ئەوەیە خۆڵ بکاتە چاوی هاووڵاتیانی عێراق و بەوجۆرە پیشانی دەدات کە هەرێمی کوردستان بەم کارەی هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق هەڵدەگرێت**



عامر حەسەن فەیاز بۆ گوڵان:

**ئەگەر باس لەو شتانە بکەین کە پەیوەستن بە جێبەجێکردنی ئەرکەکان لەسەر ئاستی موئەسەساتەکان بەبێ ناوهێنانی هیچ کەسێک، دەبینین هیچ پێشکەوتنێک نییە ئەگەر نەڵێین پاشەکشێ هەیە**



موفید جەزائیری بۆ گوڵان:

**بەڵای سەرەکی لە دابەش بوونی تائیفی و نەتەوەییەوە هەیە و هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی گونجاو لە شوێنی گونجاو دانەنرێت**

لەبری ئەوەی حکومەت هۆکارێك بێت بۆ خۆشـــگوزەرانی هاووڵاتیان، ئەوا خودی حکومەت بۆتە سەرچاوەی هەموو نەهامەتیەکان بۆ هاووڵاتیانی عێراق بەگشتی و هاووڵاتیانی شـیعە و سوننە بەتایبەتی، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیســۆر عامر حەســەن فەیاز ئوســتادی زانستی سیاســەت لە بەغدا کرد کە خۆی یەکێکە لە هاووڵاتیانی سەر بەمەزهەبی شـیعە، ئەو لەوەڵامی گوڵاندا سەبارەت بە ئەدای حکومەتی عێراق زۆر راشـکاوانە نەیشـاردەوە و ئامــاژەی بەوەکرد ئەگەر باســی ئــەدای حکومەتی عێــراق بکەین، ئەوا لەزۆر بواردا ســفرە، کــە بێگومان مەبەستی ئەوەیە کە حکومەتەکەی مالیکی لەزۆر بواری خزمەتگوزاری سەرەکیدا نەیتوانیووە هیچ پێشکەش بکات و بەمجۆرە لەسەر ئەدای حکومەتی مالیکی بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (بێگومان ئەگەر بــاس لە بەرهەمی حکومەت بکەین دەبینین، لە زۆر بواردا ســفرە، لە بواری تەشــریع دەبینین خولــی یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەران بەرهەمیان دواکەوتــن بوو لە جێبەجێکردنــی ئەرکەکانیان، بە تایبەت لە تەشــریع و چاودێری کردن، لە خولی دووەم کە ئێستایە جگە لــە دواکەوتن و تەمەڵی لە کارکــردن دەبینین کارو پرۆسەکانیان، گەیشتە رادەی خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکان، بۆیە لە ئێستادا ترسی ئەوەمان لە خولی سێیەم هەیە کە دواکەوتن و خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکان، لە بواری جێبەجێکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاییەکان لەو کەرتانەی بە جومگە ســەرەکیەکانی دەوڵەت دادەنرێت بەردەوام بێت، لەمەشــیان دەتوانم بڵێم ســفرە یان بە چەند پلەیەك لە ســەرووی ســفرەوەیە، لەوانــەش کەرتەکانی: تەندروســتی، پەروەردە، کارەبا، دامەزرانــدن، هەروەها لە گرنگتریــن بوار بۆ هاووڵاتیان کــە پێوەندی بە ژیانیانەوە هەیە، ئەویش بواری ئاسایشــە، لەمەشیان تێبینی دەکرێت پاشەکشێیەکی زۆرهەیەو بەردەوامیشە لەبەرچەند هۆکارێك کە رەنگە تەنیا پێوەندی بە ناوخۆوە نەبێت، بەڵکو هۆکاری دەرەکیش هەیە لە پشــت ئەم تێکچوونەی باری ئاسایش، لە بواری دادوەری دەبینین دەســتێوەردانێکی حکومی لە کاروباری دەستە ســەربەخۆکان هەیە، کەواتە ئەگەر باس لەو شتانە بکەین کە پەیوەستن بە جێبەجێکردنی ئەرکەکان لەســەر ئاســتی موئەسەســاتەکان بەبێ ناوهێنانی هیچ کەســێك، دەبینین هیچ پێشــکەوتنێك نییە ئەگەر نەڵێین پاشەکشێ هەیە)).

ئەم بۆچوونەی سەرەوە، رای پرۆفیسۆر عامر حەسەن فەیازە کە لــە خولی هەڵبژاردنی پێشــوودا کاندیدی پەرلەمانی بووە لەسەر لیســتی دەوڵەتی یاسا، ئەمەش مانای ئەوەیە حکومەتی ئێستای عێراق بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی بەهۆی ئــەوەی تەنهــا خەمی ئەوەیەتی چــۆن هەموو جومگەکانی دەوڵەتی عێراق کۆنترۆڵ بکات، ئەوا هەموو وڵاتی یەکپارچە کردۆتە دۆزەخ و توانای پێشکەشــکردنی هیچ خزمەتگوزاریەکی نییە و وەك عامر حەســەن فەیاز دەڵێت سفرە.

بۆ زیاتر بەدواداچوون لەســەر هۆکاری ئەم نەهامەتیانەی ئێســتای عێراق، پرسیارمان لە رۆژنامەنووس و چاودێری سیاســی عێــراق موفیــد جەزائیری کــرد، ئەویش وەك چاودێرێك بارودۆخی ئێستای عێراقی گێڕایەوە بۆ خراپی حوکمڕانی حکومەتەکەی مالیکی و بەمجۆرە رای خۆی بــە گوڵان راگەیاند: (بێگومان بارودۆخەکە زۆر خراپە لە هەموو بوارەکاندا وەك بواری ئاسایش و زیادبوونی تیرۆر و زۆربوونی گەندەڵــی و نەبوونی خزمەتگوزاری و چەندین ئاستەنگ و گرفتی دیکە کە بە درێژایی ماوەی رابردوودا بێ چارەســەر ماونەتەوە، ئەمەش بە هۆی دابەشــبوونی تائیفی و نەتەوەیی و دابەشــکردنی پۆستەکان لەسەر ئەو بنەمایانە، هەر بۆیە دەتوانین راشکاوانە ئاماژە بەوە بکەین کە بێگومان پێوەندی بە حوکمڕانی و شــێوازی حوکمڕانی و ئەو بنەمایەوە هەیە کە حوکمڕانییەکەی لەسەری بونیاد نراوە، من ئاماژەم بەوە کرد کە بەڵای ســەرەکی لە دابەش بوونی تائیفی و نەتەوەییەوە هەیە و هەر ئەمەشــە دەبێتە هۆی ئەوەی کەســی گونجاو لە شوێنی گونجاو دانەنرێت و نەهاتنە پێشەوەی تواناکان لە کاتێکدا وڵات پڕە لە توانا، زۆر لە کەســانی خاوەن بڕوانامە و پســپۆر و شارەزا هەن کە جێگایان نابێتەوە خزمەت بکەن بەتایبەتی لە شــوێنی بڕیــاردان، زۆر بەداخەوە دەبێت ئەم شــێوازەی حوکمڕانی گۆڕانــکاری بەســەردا بێت و کار بکەین بە پرەنســیپی هاووڵاتــی بوون و رێزگرتن لە دەقەکانی دەســتووریی کە دەڵێت (هەموو رۆڵەکانی گەلی عێراق یەکســانن لە ئەرك و مافدا)، بــەڵام زۆربەی لایەنەکان کــە پڕوپاگەندە بۆ بەرنامەی خۆیان دەکەن لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بانگێشە بۆ نەهێشتنی بێکاری و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی و چەندین دروشمی دیکە دەکەن، بەڵام کاتێك ئەم هێز و لایەنانە هاتنە دەســەڵات ئەم دروشمانەیان نەکردە واقیع و زۆربەی زۆری بەڵێنەکانیان بەجێ نەگەیاند لەسەر ئەرزی واقیع، تەنانەت لەکاتی بەرزکردنەوەی دروشمەکانیشــدا میکانیزمێك باس ناکەن بــۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم دروشــمانە، بۆیە گرنگە کە تەنیا بەرزکردنەوەی دروشــم و داواکاری نەبێت، بەڵکو دەبێ شــێواز و چۆنیەتی جێبەجێکردنیشــی روون بکاتەوە لە هێنانەدی ئەم ئامانجانە)).

لەم بارودۆخەدا کەوەك چاودێرانی سیاســی عێراقی لەناو رووداوەکانــەوە ئاماژەی پێدەکەن، حکومەتی مالیکی نەك تەنها پابەند نییە بە دەستوورەوە بەڵکو ئەو دروشمانەشی کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردن بەرزی کردۆتەوە، نەیتوانیوە هیچی لێ جێبەجێ بکات، ئەم حاڵەتەش بەردەوام بێت، ئەوا هیچ گومانی تێــدا نییە عێراق دەکەوێتە دووڕیانی ئایندەیەکی ترسناکەوە، کە ئەو دووڕیانەش بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ و لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی عێراق دەبێت.

ریکلام

# جەنرال ئەلەکتریک بۆ سەکۆ زیرەکەکان، چارەسەری ئاست بەرز بۆ بە ئۆتۆماتیک کردنی هێڵی بۆرییەکانی بۆ کارگروپ دابین دەکات

کۆمپانیا جەنرال ئەلەکتریک بۆ سەکۆ زیرەکەکان کە ناوی لە بۆرسەی نیۆیۆرکدایە بە رەمزی(GE) رایگەیاند کە کۆمەڵێک چارەسەری (ئۆتۆماتیکی)ی پێشکەوتووی بۆ کۆمەڵەی (کارگروپ) کە خزمەتگوزاری تەواوی کەرتی نەوت و غاز لە عێراق پێشکەشکردووە، دابین دەکات بە ئامانجی پاڵپشتی کردنی پرۆسەی هێڵە درێژخایەنەکانی و ئەم هێڵانە بەشداری دەکەن لەوەی پێداویستییەکانی (کارگروپ) دابین دەکات سەبارەت بە سەلامەتی و متمانە و چالاکی وبەستنەوە و کاردانەوە.

ئامانجەکانی کۆمپانیا لەم پرۆژەیە خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

- دانانی ١١ ژووری کۆنترۆڵ کە سیستمی سەلامەتی هەیە و دەکرێ بەکاربهێنرێت بۆ چاودێری کردنی هێڵەکان لەو ناوچانەی پلەی گەرمایان دەگاتە ٥٠ پلەی سەدی/١٢٢ فەهرنهایت.
- پێشکەش کردنی چارەسەری ئاست بەرز لەرووی بەکارهێنانی وزەی زیاتر بە مەبەستی کەم کردنەوەی خەرجیەکانی سەرمایەداری.
- چاودێری کردن و کۆنترۆڵ کردن بە سیستمی سەلامەتی بۆ هێڵەکانی کار گروپ.

بۆ دابینکردنی پێداویستییە بەرفراوانەکانی هێڵەکانی نەوت و غاز (کار گروپ)، جەنرال ئەلکتریک بۆ سەکۆ ئەلکیترۆنییەکان چارەسەر ئەدا بەرزەکانی (PAC80000 SafetyNet RTU) و(Proficy® CIMPLICITY HMI/SCADA)ی پێشکەش کرد، ئەم دوو سیستمە کۆنترۆڵ کردن و سەلامەتی کۆ دەکاتەوە لەگەڵ پێشکەش کردنی زانیاری پراکتیکی بۆ بەڕێوەبەر و بەکاربەرەکان لەو کات و شوێنەی ئەوان دەیانەوێ، سەرەڕای رۆڵی گەورەی لە پتەو کردنی ئەدای گەیشتن، هەروەها دەرفەتی ئامادە پلانی چاککردنەوەی پێشوەختەی هێڵی بۆریەکان بە پاڵپشتی پرۆسەی دیاریکردنی پێشکەوتوو و کەم کردنەوەی بەکاربردنی وزە لە رێگای بەکارخستنی تەختەی خۆر.

محەمەد کەریمیی بەڕێوەبەری فرۆشتنی هەرێمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا لە جەنرال ئەلەکتریک بۆ سەکۆ زیرەکەکان وتی: جەنرال ئەلەکتریک سەرکەوتوو بوو لە لە دامەزراندنێ بوونی خۆی بە هێزێکی زۆرەوە لە لە عێراق، ئەویش بە هەماهەنگی کردنی لەگەڵ چەندین دامودەزگای کەرتی گشتی و تایبەت بۆ پێشکەش کردنی نوێترین چارەسەرییەکانی لە بواری ئۆتۆماتیک کردنی هێڵی بۆرییەکان ئەمەش یارمەتی ئەم چارەسەریانە دەدات بۆ پاڵپشتی کردنی هەوڵەکانی عێراق بۆ پێشخستنی ژێرخانی ئابووری کەرتی وزە.

سیستمی(PAC8000 SafetyNet)ی جەنرال ئەلەکتریک توانایەکی زۆری و سەلامەتی بۆریەکان دەپارێزێت بە داخستنی لە کاتی رووداوی لەناکاو و ئاگرکەوتنەوە، هەروەها دەتوانرێ لەشوێنە دوورەدەستەکانی عێراق لە دوورەوە کۆنترۆڵ بکرێ، سیستمی(PAC٨٠٠٠)یش پتەوتر دەکات بەهۆی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای (Modbus TCP) و(FTE) بۆ چارەسەر کردنی هەڵەکان لە رێگای تۆڕی لۆکاڵی ئیسەرنێت.

هەروەها سیستمی (PAC8000 SafetyNet) پشت بە پێوەرە کراوەکان دەبەستێت بۆ تێکەڵ کردنی سیستمی سەلامەتی و ئاسانی بۆ زنجیرەیەک پرۆگرام و ئامێر، ئەمەش بوار بە بەکارهێنەران دەدات کە سیستمەکانی کۆنترۆل کردن لە دوارۆژدا بەهێزتر بکەن.

سیستمی(Proficy CIMPLICITY) چارەسەری بینراوی بەکاربەر دەخەنە بەردەست بەمەش یارمەتی بەکارهێنەرانی دەدات بڕیاری درووست بدەن لە رێگای پێشبینی کردن و پیادەکردنی چاودێری و سەرپەرشتی کردن و بەدەست خستنی زانیاری باوەڕ پێکراو بۆ جێبەجێکردنی شیکەرەوەی ئاست بەرز و بە بوونی ئامێرەکانی ئاگادار کردنەوە وتەکنۆلۆژیای دووبارە نمایش کردنەوەی وێنە دیجیتاڵییەکان بەکارهێنەرو ئەندازیارەکان دەتوانن کاری چاودێری و کۆنترۆڵ کردن و شیکردنەوە بۆ هەموو ناوچەکانن و پرۆسەکانیان ئەنجام دەدەن لەگەڵ چاودێری کردنی ئامێرەکان و داهاتەکانیان.

ئێستا جەنرال ئەلکتریک سێ نووسینگەی لە هەولێر و بەغدا و بەسرە هەیە و لە رێگایانەوە وەک هاوبەشێکی سەرەکی بۆ پاڵپشتی کردن و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری لە عێراق.



# کەموکوڕی قوتابخانەکان و کەمی ژمارەی مامۆستایان

## بەردەڕەش وەک نموونە

**سەرەڕای دروستکردنی ١٣٢٧ قوتابخانەی نوێ**
**لە ٥ساڵی داهاتوودا ٣٢٥٣ قوتابخانەی نوێمان پێویستە**







بواری خوێندن لە هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٥ـەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوەو تۆمارکردن لەخوێندنی بنەڕەتی و دواناوەندی بەرزبۆتەوەو ڕێژەی نەخوێندەواریی لە٣٦٪ بۆ لە ١٥٪ کەمی کردووەو لە ٧ ساڵدا ١٣٢٧ قوتابخانەی نوێ دروستکراوە، بودجەیەکی تایبەتیش ساڵانە بۆ هاوکاریکردنی کەرتی پەروەردە لەناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم تەرخان کراوەو چەندین قوتابخانەی ئەهلیش دامەزراوە، بەڵام ئەم پێشکەوتنە لەرەوشی پەروەردەو بونیاتنانی ژێرخانی ئەو کەرتە بەپێی ئەو زیادبوونەی گەشەی دانیشتوان و زۆربوونی ژمارەی قوتابیان نییە کە ئێستاکە ژمارەی قوتابیان بۆ سەروو ملیۆن و نێوێك زیادیکردووە، بەمەش لە ٥ساڵی داهاتوودا زیاتر لە ٣٠٠٠ قوتابخانەی نوێمان پێویستە. لەلایەکی دیکەوە پرۆسەی پەروەردە لەجیهاندا گۆڕانکاری و وەرچەرخانی گەورەی بەخۆوە بینیوە. لەم روانگانەوە داواکاریی و داخوازیەکانیش لەهەرێمی کوردستاندا بۆ بەرزکردنەوەی توانای پەروەردەو فێربوون رووی لە هەڵکشان کردووە، لەکاتێکدا هێشتا نیشانەکان دەریدەخەن کە ئەم پرۆسە فراوان و ئاڵۆزەی بونیاتنانی ژێرخانی پەروەردەو خوێندن لەهەرێمی کوردستان بێ کەموکوڕی و بگرە کێشە نییە، ئەوەتا کەموکوڕیی لە قوتابخانەکان و قەرەباڵغی پۆلەکان و دوو دەوامی و کەمی توانای مامۆستایان و خراپی دابەشبوونی جوگرافی مامۆستاو میلاکات و نەبوونی زمانێکی ستانداری خوێندن و کێشەی بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان و چەندین گرفتی دیکەی پەرتووك و دابڕانی قوتابی گوندەکان لەخوێندن هەیە، ئەمە لەکاتێکدا چەند ساڵێکە باس لەسیستەمی هاوچەرخ و سویدی دەکرێت لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین بینایەی قوتابخانەکان و توانای مامۆستایان لەگەڵ ئەو پرۆگرامەی خوێندن ناگونجێت و بگرە هەماهەنگی لەنێوان هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی نییە بۆ ئامادەکردنی ڕێژەی پێویستی مامۆستاو کادیری پسپۆری پەروەردەیی کە بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆگرامە هاوچەرخە پێویستە. لەزۆربەی قوتابخانەی قەزاو ناحیەکان گرفتی کەمی مامۆستا بەتایبەتی مامۆستای وانە زانستیەکان و زمانی ئینگلیزی هەیە، وەزیری پەروەردە ئاماژەی بەگرفتی جێبەجێکردنی پرۆگرامە هاوچەرخەکانی خوێندن کردووەو لەم رووەوە لەدیمانەیەکی پێشتری گۆڤاری گوڵاندا وتی:(ئەو سیستەم و گۆڕانکارییەی لەپەروەردە کراوە خراپ نییەو کەموکوڕی تێدا نییە، بەڵکو شێوازی جێبەجێکردن و پیادەکردنی ئەوان بەتەواوەتی پێنەگەیشتبوو گەشەی نەکردبوو..).

ئەو کەموکوڕییانە لە ژێرخانی پەروەردە کاریگەریی خراپی کردۆتە سەر بواری پەروەردە و پرۆگرامەکانی خوێندن و کەمی کاتەکانی وانە وتنەوە بۆ ٦٨٠ کاتژمێر لەساڵێکدا، لە کاتێکدا لەزۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان ١٠٠٠ کاتژمێرە. لەلایەکی دیکەوە لەئەنجامی ئەو سلبیاتانەی پرۆسەی خوێندن قوتابیان چەندین رێپێوان و نارەزایەتیان

**ژمارەی قوتابیان بۆ ملیۆن و نیوێك زیادیکردووەو لەجیهانیشدا پرۆسەی پەروەردە لە گۆڕانکاریی بەردەوامدایە، هەربۆیە داواکاریی و داخوازیەکانیش بۆ بەرزکردنەوەی ئەداو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان رووی لە هەڵکشان کردووە**

**هەماهەنگی لەنێوان هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی نییە بۆ ئامادەکردنی ڕێژەی پێویستی مامۆستاو کادیری پسپۆری پەروەردەیی**

**ژمارەی قوتابیانی بەردەڕەش بۆ ٣٦ هەزار بەرزبۆتەوە، لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٩١ تەنیا نزیکەی ٩ هەزار قوتابی هەبوو**

**لە هەموو دنیادا لاپەڕەیەک نادۆزرێتەوە باس لەبونیاتنانی ژێرخانی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بکات، پێویستە خۆمان پرۆسەی پەروەردەو خوێندن پێناسە بکەینەوە**

**سیستەمی سویدی خراپ نییە، بەڵام ئایا بۆ ئەم ژینگەیەی کوردستان گونجاوە کە دابینکردنی پێداویستیەکانی جێبەجێکردنی کەموکوڕی هەیە**

**کەرتی پەروەردەو فێرکردن تەنیا پرۆسەیەک نییە تایبەت بێت بە خوێندن، بگرە چەندین چەمکی دیکەی وەکو پەروەردەو ڕەوشت بەرزی و ڕێزگرتن و... تاد لەخۆ دەگرێت**

بەرامبەر وەزارەتی پەروەردەو لایەنە پێوەندارەکانی دیکە ئەنجامداوە، ئەم ڕێپێوان و ناڕەزایەتیانەش بەردەوامی هەیە و لەبەرامبەریشـــدا هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانســـتی نکۆڵیان نەکردووە لەبوونی گرفت و کەموکوڕی، بەڵام لەئاکامی دووبـــارە بوونەوەی گرفتەکان دەرەئەنجام قوتابیان دەبنە قوربانی و پرۆســـەی خوێندنیان لا خۆشەویست نابێت و پرۆگرام و سیستەمە پێشـــکەوتووەکانیش سوودێکی وای نابێت بۆ گەشەکردنی لایەنی مەعریفـــی و پەروەردەکردنی نەوەیەکی نـــوێ، نەوەیەك کە دەبێت بەرپرســـانی پەروەردەو مامۆستا وەکو باوك ســـەیری قوتابییەکان بکەن، باوکێك کە ناهێڵێت منداڵەکەی ســـەرماو گەرمای بێت و لەژاوەژاوو قەرەباڵغی دا بخوێنێت و زیان بەتەندروســـتی بکەوێت، بەمەش چەمکی نائومێدی لای قوتابیان کە فاکتەرێکی گرنگی پرۆسەی پەروەردەو خوێندنە دەگۆڕدرێت بە ئومێدی ..

چارەســـەرکردنی کەموکورتیـــەکان لە کەرتی پـــەروەردەو خوێندن بەچاکســـازیی لەگەورەترین و بەرفراوانترین بوارەکان دادەنرێت بەو پێیەی لەهەرێمی کوردســـتاندا زیاتر لـــە (ملیۆن و نیو) قوتابی و (٩٩) هـــەزار مامۆســـتاو (٥٧٦٠) قوتابخانـــە هەیە؛ کەچی هێشـــتا لە ٥ ساڵی داهاتوودا پێویستیمان بە (٣٢٥٣) قوتابخانەو نۆژەنکردنەوەی (١٣٢٣) قوتابخانەی دیکە هەیە، گرفتی کەمی بینایەی قوتابخانە لەقەزاو ناحیـــەکان زیاترە بەرادەیەك لەقەزای بـــەردەڕەش زۆر بەدەگمەن بینایە هەیە یەك دەوامی خوێندنی تێدا بێـــت. لەلایەکی دیکەوە هەمووان باس لەو ناهاوســـەنگیە دەکەن کـــە لەنێوان پەرەپێدانی خوێنـــدن و پەروەردەیی دا هەیە بەرادەیەك واهەست دەکرێت سیستەمەکە تەنیا خوێندن بێت نەك پرۆسەیەکی پەروەردەیی گشـــتگیر، لەم ڕووەوە با ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین بۆچی منداڵەکانمان دەنێرین بۆ باخچەی ساوایان و قوتابخانەکان؟ ئایا تەنیا بۆ بەدەســـتهێنانی بڕوانامەیـــە یا بۆ پەروەردەکردنیانە؟ ئەمـــەش وامان لێـــدەکات داواکاریـــی و داخوازییەکانمان زیاتر و خێراتر بێت بۆ چارەســـەرکردنی ژێرخانی خوێندن و گۆڕانکاریی لەسیستەمەکەو پەرەپێدانی چەمکی پەروەردەیی، تاوەکو بەرنامەو کارو ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردەو خوێندن تەنیا بۆ وەرگرتنی بڕوانامـــە نەبێت، بەڵکو بۆ پەروەردەکـــردن و ئامادەکردنی کادیرو کەسانی پێویســـت و شـــیاو بۆ بازاڕی کارو پێشکەوتنی بواری زانستییەکان بێت و نەوەیەك پەروەردە بێت کە لەئاست قۆناغەکانی داهاتووی بونیاتنانی نەتەوەدا بن.

لەم ڕاپۆرتەدا زیاتر تیشك دەخەینە سەر کەموکوڕییەکانی پەروەردەو قـــەزای بەردەڕەش وەکو نموونەیەك بـــاس دەکەین؛ بەردەڕەش ٣٣ قوتابخانەو ٧ بینایەی باخچەی ســـاوایان و ٣٥٠ مامۆســـتای پێویســـتە؛ تاوەکو گرفتەکانی بینایـــەی قوتابخانەو دوو دەوامی و قەرەباڵغـــی پۆلەکانی چارەســـەر بێت، کـــە هەندێکجار تەنیا لەیەك پۆلـــدا ٤٠ قوتابی تێدایە؛ بەمەش ئەم قەزایە کە ژمارەی دانیشـــتوانەکەی بەشـــێوەیەکی زۆر خێرا گەشە دەکات بەرادەیەك ئێســـتا ١٣٠ هەزار کەس نیشتەجێی سنووری بەردەڕەشە و بەسەر ســـەنتەری قەزاکەو ناحیەکانی (کەڵـــەك و دارەتوو ڕۆڤیاو ١٠٦ گوند) دابەش بوون، ســـەبارەت بەپێداویستی کەرتی پەروەردە لەم دەڤەرەدا سەردار شێخ یەحیا قایمقامی قەزای بەردەڕەش لەوەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵان دا، ئاماژەی بە پێداویستیەکانی بواری پەروەردەو ئەو هەنگاوانەی لەمبـــوارەدا وەزارەتی پەروەردە ناوێتـــی بۆ چارەســـەرکردنی کەموکوڕییەکان کـــردوو لەم ڕووەوە وتی: لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشـــتوانی بەردەڕەش بۆ ١٣٠ هەزار کەس و ناحیەی باشـــیکیش کە ناوچە کوردســـتانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە قوتابیەکانی خراونەتە ســـەر ســـنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکەمان، بەمەش ژمارەی قوتابیانی بەردەڕەش بـــۆ ٣٦ هەزار بەرزبۆتەوە، ئێســـتا خەڵکی زۆر زیاتر ڕوویـــان لەخوێندن کردووە ئەمە لەکاتێکدا لەســـاڵی ١٩٩١ تەنیا نزیکـــەی ٩ هەزار قوتابی لەبەردەڕەش بوونیان هەبوو، ئەمە جگە لەوەی خەڵکی لەســـنوورەکەمان ســـوودێکی زۆریان لە کردنەوەی خوێندنی ئێـــواران و خێرا وەرگرت و ڕێژەی نەخوێندەواریی ڕووی لەکەمـــی کرد. زیادبوونی ژمارەی قوتابیان وایکردووە ئەو ١٩١١ مامۆســـتایەی بەردەڕەش بەشی هەموو قوتابخانەکانی سنوورەکە نـــەکات و گرفتی کەمی مامۆســـتاو میلاکاتـــی پەروەردەیی سەرهەڵبدات، هەربۆیە بۆ پێویستیمان بەدامەزرانی ٣٥٠ مامۆستا و دروستکردنی ٣٣بینایەی قوتابخانەو ٧ باخچەی ساوایان هەیە، چونکە کەمی مامۆســـتاو کادیری پەروەردەیی و خراپی و کۆنی بینایەکانی خوێندن بۆتە جێگای ڕەخنەی قوتابیان و دانیشتوانی بەردەڕەش، ئەمەش مافێکی ئاسایی قوتابیان و خێزانەکانیانە.

وەزارەتـــی پەروەردە بەهۆی ئەو گەشـــە خێرایەی دانیشـــتوان و بەرزبوونەوەی پێداویســـتیەکانی خوێندنەوە لۆدێکی زۆر قورسی کەوتۆتە سەر شان گەرچی هەنگاوی چارەسەرکردنی گرفتەکەو بەرزکردنەوەی ئاستی پرۆسەی خوێندنی داوە، بەوتەی قایمقامی بەردەڕەش هەر ئـــەم گرنگیدانەیە وایکـــردووە دەرچوون و نمرەی قوتابییەکانمان لەســـنووری بەردەڕەش لەســـەر ئاستی پارێزگای دهۆك و بگرە کوردستانیش باش بێت، ئەمەش جێگای دەستخۆشیە بۆ مامۆستایان و کادیرەکانی پەروەردە لەسنوورەکەماندا، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی ســـەرجەم گرفتەکان وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە بودجەیەکی زیاتر هەیە، چونکە بودجەی لەتوانای گەشـــەی خێراو بەرزبوونەوەی پێداویســـتیەکانی پەروەردە لەقەزاکەمان نییە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەگەری دواکەوتنی پەســـەندکردنی بودجەی ٢٠١٤ کە دەبێتە هۆی دواکەوتنی جێبەجێکردنی هەموو پرۆژەکان، ئێستا لەناو ســـەنتەری قەزا قوتابخانەیەکی ١٨ پۆلی هاوچەرخ دروســـت دەکەن کە لە ٩٥٪ی کارەکانی تەواو بووە و بڕیاریشـــە ٢ بینایەی قوتابخانەی تری هاوشـــێوە دروســـت بکرێت، هەروەها لەناحیـــەی کەڵەکیش لە ١٠٪ی کارەکانـــی قوتابخانەیەکی ١٨ پۆلی تـــەواو بووە و لەرۆڤیـــاش قوتابخانەیەکی دیکە دروســـت دەکرێت.. هاوکات لەسەر بودجەی گەشەپێدانی پارێزگا لە ٢٠١٤ دوو قوتابخانەی ١٢ پۆلی دروست بکرێت، بەڵام ئێمە لەقەزاکەمان بەدەگمەن بینایەیەك هەیە یەك دەوامی تێدابێت لە ٩٩٪ی بینایەی قوتابخانەکان دوو یا ســـێ دەوامی تێدایە هەربۆیە پێویستیمان بە ٧ قوتابخانـــەی (١٨) پۆلـــی و ١١ قوتابخانەی (١٢)پۆلی و ٩ قوتابخانەی (٩)پۆلی و ٦ قوتابخانەی (٦) پۆلی هەیە.

زۆربوونی ژمارەی قوتابیان و کەمبوونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواریی، پێداویســـتیەکی دیکەی لێدەکەوێتەوە کـــە بریتییە لە دابینکردنی مامۆستایان؛ ســـەبارەت بەگرفتی کەمی مامۆســـتا بەتایبەتی مامۆستای وانە زانستیەکان، قایمقامی بەردەڕەش وتی: ئەمساڵ پێویستیمان بە ٣٥٠ مامۆستایە کە خودی جەنابی وەزیری پەروەردە لە دوا ســـەردانی بۆ قەزاکەمان ئاگاداری کێشەکەیە و ڕەزامەندی سەرەتایی داوە بۆ دامەزرانی ١٥٠ مامۆستا بەشێوەی گرێبەست، زۆربەی جار لە ســـەنتەری شـــاری هەولێر یا دهۆك مامۆســـتا

بۆ قەزاکەمان دیاری دەکرێت، ئەمەش گرفتی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە هەر لەدابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون تا دووبارە گواستنەوەیان بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان، واتا کاتێك مامۆستایان توانای زانستیان بەرز دەبنەوەو دەکرێت قوتابیان زیاتر سوودیان لێوەربگرن کەچی ئەوکات مامۆستایان هەوڵی گواستنەوە دەدەن، هەربۆیە داواکارم هەندێك لەبەشەکانی کۆلێژەکان لە بەردەڕەش بکرێنەوە بۆ ئەوەی قوتابیانی قەزاکەمان بتوانن سوودی لێوەربگرن و دواتر بەمامۆستا دابمەزرێن، ئێستا داواکارم ١٥٠ مامۆستامان بۆ دابمەزرێت گەربێتوو بەگرێبەستیش بێت، لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بەدامەزراندنی مامۆستا وەزارەتی پەروەردە کۆمەڵێك ڕێنمایی دەرکردووە بەتایبەتی ئەوەی تایبەتە بە مەرجی خوێندن لە کۆلێژی پەروەردە کە دەکرا لەم قۆناغەدا ئەم مەرجە دانەنێت بەتایبەتی لەقەزاو ناحیەکان و لەکۆلێژ و بەشەکانی تریش بەپێی سوود وەرگرتن پسپۆرایەتیەکانی تر بڕوانامەکانی کۆلێژو پەیمانگاکانی تر دابمەزرێن دوای کردنەوەی خولێکی شیاندن.

پرۆگرام و سیستەمی خوێندن لە بەردەڕەش کەموکوڕی نییە بەقەد ئەوەی کەموکوڕی لە دابینکردنی پێداویستیەکانی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە هەیە، لەم رووەوە قایمقامی بەردەڕەش وتی: کەمی و کۆنی بینایەکانی قوتابخانە و کەمی مامۆستایانی وانە زانستیەکان و دابین نەکردنی پێداویستیەکانی تر بوونەتە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆگرام و سیستەمی نوێی پەروەردە، هەربۆیە من پێم وایە لەقەزای بەردەڕەش تاوەکو وەزارەتی پەروەردە چارەسەری ئەو کەموکوڕییە سەرەکیانە نەکات مومکین نییە بەپەلەو خێرا بتوانێت بە پلانێکی تۆکمە هەنگاو بۆ پەیڕەوکردنی پرۆگرامی نوێی خوێندن بنێت، زۆرجار پەلەکردن بووەتە هۆی خێرا دەرکردنی بڕیارو ڕێنمایی و دواتر دووبارە پەشیمانبوونەوە لێی، چەندینجار کتێب و پرۆگرامەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە لەمەش دا قوتابیان و پرۆسەی فێرکردن زیانمەند دەبێت.

سەبارەت بە پرۆسەی خوێندن و گرفتی نەبوونی قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی لەگوندەکان، قایمقامی بەردەڕەش وتی: بوونی گوندی گەورە وایلێکردوین ٦ شارەوانی بکەینەوە، بڕیاریشە بۆ ساڵی داهاتوو ٣ تا ٤ گوندی دیکە ببنە خاوەنی شارەوانی، بەڵام گەورەیی گوندەکانمان گرفتی کەمی قوتابخانەو پۆلەکانی خوێندنی لێکەوتۆتەوە، دەرئەنجام ژمارەی قوتابیان لە گوندەکان رووی لەکەمی کردوەو نەبوونی قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندیش لەگوندەکان ئەوەندەی تر زیانی بەپرۆسەکەو وازهێنانی قوتابیان لەخوێندن گەیاندووە، تەنانەت گوندمان هەیە ڕێژەی دانیشتوانەکەی زۆر زیادیکرووە کەچی دوو سێ دەوام لە بینایەی قوتابخانەدا هەیە، بۆ چارەسەرکردنی خوێندن لە گوندەکان بەتایبەتی لەبەرئەوەی لەئێستادا لەتوانادا نییە قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی لەهەموو گوندێکدا بکرێتەوە هەربۆیە تەنیا ڕێگا چارەیەك لە ئێستادا چاککردن و گرنگیدانە بەڕێگاوبانەکان و ئاسانکردنی هاتوچۆکردنی قوتابیانە، چونکە بارودۆخی ڕێگاوبانەکان لەناوچەکەمان بەتەواوەتی پشتگوێخراوەو لە کۆی ١٠٦ گوند تەنیا بەڕێژەی لە ٣٠٪ی ڕێگاوبانەکانیان باشە، هەروەها پێویستە حکومەتی هەرێم پاسی بچووك بۆ باخچەی ساوایان و بگرە قوتابخانەکانیش دابین بکات، کە خراپی ڕێگاوبانەکان و سەرماو سۆڵە وایکردووە بەشێکی زۆری منداڵەکانمان بۆ باخچەی ساوایان نەنێردرێن.



## قایمقامی بەردەڕەش بۆ (گوڵان):

# بۆ باشترکردنی رەوشی پەروەردەو خوێندن پێویستیمان بە دامەزرانی ٣٥٠ مامۆستا و دروستکردنی ٣٣ قوتابخانەو ٧ باخچەی ساوایان هەیە